
## ئەم سەردانەی بارزانی بۆ ئەمریکا

# تەنیا لە شکستپێهێنانی داعش کورت ناکرێتەوە



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

بارزانی لە سەرەتای ئەم حەفتەیەدا بە فەرمی سەردانی واشنتۆن دەکا و بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەی ئەمریکا «باراك ئۆباما، جۆ بایدن، ئەنتۆنی بلیکن» دەبینێ. پێش ئەم سەفەرەی سەرۆك بارزانی، تاڵەبانی و لایەنە سیاسییە سەرەکی و کاریگەرەکانی کوردستانی دی بێشك لەم سەفەرەی ئاگادار کردوونەتەوە.

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە کە بارزانی سەردانی ئەم وڵاتە بکات. لێ گرنگیی ئەم سەردانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وەفدێکی حکوومی هەمە جۆری لەتەکدایە.

ئەم سەردانە لە کاتێکدایە کە لەم ناوچەو دەڤەرەی ئێمەدا، مانگێك ماوە ساڵێك تەواو ببێ، پانتایەکی بەرفرە کەوتبووە دەست ڕێکخراوی تیرۆریستی «داعش» و شەڕێکی قورس دژی ئەم ڕێکخراوە لە چەندین قۆڵ و بەرەدا بەڕێوەدەچێ کە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە باشوورو شەڕڤانان لە ڕۆژئاڤای کوردستان نەك هەر لە بەرانبەر داعشییان چەقیون، بەڵکە بەشی هەرە زۆری ناوچەو دەڤەرە کوردنشینەکانیان لێ پاك کردوونەتەوە و بە لانی کەمەوە لە بەرەی کوردستاندا، داعش دوچاری شکست بووە.

ڕاستە کورد کە شەڕی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەکات، بەر لە هەموو شتێ دیفاع لە خاك و خۆی دەکات و هەر دەبێ ئەم شەڕە دیفاعییە نیشتمانییە بکات. لێ داعش لە هەمانکاتدا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی جیهادیی جیهانی و نەیارێکی سەرسەختی تەواوی مرۆڤایەتییە. بۆیە «شکستپێهێنانی داعش» تەنیا ئەرکی گەلی کوردستان و حکوومەتەکەی نییە.

گومان لەوەدا نییە بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی داعش بۆ سەر کوردستان و شکستپێهێنان و لە پەلوپۆخستنی داعش گرتنەوەی موسڵ دەروازەیەکی گرنکە لە سەرکەوتنی ئەم ستراتیجیایەدا. هەموو لایەنێکیش دەزانێ، دەرهێنانی موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری لە دەست داعش، بەبێ پێشمەرگەی کوردستان و عەرەبی سوننەو خەڵکی خۆجێ (ئاخر بەشێکی زۆری دانیشتوانی موسڵ و دەوروبەری کوردن)، کارێکی کردەنی نییە و بە کردەوەش ئەوە ساغ بووەتەوە کە پێشمەرگە لە شەڕگەدا، هێزێکی کارای خۆڕاگرو دەستوەشێنە. لەم سۆنگەیەوە هەماهەنگی و ئاخاوتن بۆ شکستپێهێنانی داعش تەنیا ڕەهەندو دیوێکی سەربازی نییە، با حاڵی حازر دیوە گرنگەکەش بێ، بەڵکە دیوێکی سیاسیشی هەیە: واتە ئەگەر پێکهاتە سەرەکییەکان لەوانە پێکهاتەی سوننە، لە ئایندەی خۆیان ئەرخەیان نەبن و ئاسۆی هەڵسووڕاندنی ئەو ناوچانە دوای کۆنترۆڵکردنەوەیان و بەشدارپێکردنی

زێتری ئەو ناوچانە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دیار نەبێ و هەر پێکهاتەیەك مافی خۆپاراستنی نەبێ لە هەر هەژموون و خۆسەپاندنێك، ئەوا پرۆسەی سەربازی بۆ گرتنەوەی موسڵ نیشانەی خۆی ناپێکێ و گرفتەکان بە کۆتا نایەن و داعشیش لەناو بچێ، رێکخراوێکی توندتر جێگەی دەگرێتەوە. بێشك ئەم پرس و پرۆسەیە خاڵێکی دانووستانی نێوان سەرۆك بارزانی و بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکا دەبێ. بەو مانایە گرتنەوەی موسڵ هەماهەنگیی پێشوەختە و کۆمەڵێ «مستلزمات»ی دیکەی دەوێ کە بە تەنیا نە بە کورد دابین دەبن نە بە حکوومەتی عێراق.

هەڵبەت پێش ئەو سەردانەی بارزانی، سەرەکوەزیرانی عێراقیش عەبادی چووبووە ئەمریکا، بەو مانایەی ئیدارەی ئەمریکا لەمەڕ ئەم پرسەو پرسەکانی دیکەوە، دەمودووی حکوومەتی عێراق و شیعەکان باش دەزانێ و ئاگایی تەواوی لە کێشەو گرفتەکان هەیە بەتایبەتی لە بارەی چەکوچۆڵ و تفاق و زەخیرەی شەڕو راهێنان بەپێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە هێشتا بەپێی پێویست نییە، هەروا ئاگای لە ترس و نیگەرانییەکانی سوننەش هەیە.. بە گوێرەی دوا پرۆژە کە لیژنەی هێزە چەکدارەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە چەند رۆژی رابردوو دەنگی بۆ دا، کە ئەگەر حکوومەتی عێراق کێشەو گرفتەکانی چارە نەکا، ئەوا راستەوخۆ بۆ ساڵی داهاتوو هاوکاریی سەربازی بە کوردو خەڵکی سوننە دەدرێ. هەرچەند هێشتا ئیدارەی ئەمریکا هەڵوێستی رەسمی خۆی نیشان نەداوە، لێ هەندێ چاودێر ئەم پرۆژەیە، بەمانای بەکارهێنانی فشار بۆ سەر حکوومەتی عەبادی زۆرینە شیعە لێکدەدەنەوە....

کەواتە خاڵێکی تری گرنگ، پرۆسەی سیاسیی لە عێراق و ئاسۆی ئاشتبوونەوەو ویفاقی نیشتمانییە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بەبێ پەراوێزخستن و هەست بە «غوبن»کردن. کەواتە هەڵوێست و بۆچوونی کوردستان حیسابی لەسەر دەکرێ. ئەوەی پێوەندیی بە کوردستانەوە هەبێ، راستە رەوتی پێوەندییەکانی نێوان بەغدا- هەولێر لە جاران باشتر بووە. ئەو دڕدۆنگییەی کە جاران لەنێوان هەردوولادا هەبووە، وەکو خۆی نەماوەتەوە و کەمێك هێوربووەتەوە، لێ دیسان کێشەکانی نێوان هەردوو لا بەتەنیا خۆیان لە ناردنی «بڕە پارەیەك- کە دیارە ئەو بڕە پارەیە بەشە بودجەی هەرێم-یش نییە بەگوێرەی قانوونی موازەنەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق» نابیننەوە، بەڵکە کێشەو گرفتەکان لەوە قووڵترو رەگئاژۆترن وەك: ناوچەکانی ماددەی ١٤٠، حیسابکردنی هێزی پێشمەرگە وەك بەشێکی سیستەمی دیفاعیی عێراق لە رووی پێدانی چەك و تفاق و موچەو کەرەستەکانی تر، دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی خۆسەپاندن و تاکڕەوی و پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی دی، گرفتی نەوت و گاز یان دابەشکردنی سەروەت و سامان. ئەو گرفتانە یان ئەوەتا وەکو خۆیان ماونەتەوە یان گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەردا نەهاتووە و نیگەرانیی خەڵکی کوردستان لە جێگەی خۆیدایە و لە ئایندەی خۆی تەواو دڵنیا نییە.. لە سۆنگەی ئەمەوە ئاخاوتن لە بارەی «تەرتیبات»ەکانی دوای شەڕی داعش لە عێراقدا بەشێوەیەك کە چارەنووسی هەر پێکهاتەیەکی سەرەکیی لە عێراقدا، لێرەدا زێتر من مەبەستم ئایندەی سیاسی و قانوونیی هەرێمی کوردستانە، بەدەستە خۆی بێ و ئایندەیەکی باشتری بۆ هەڵکەوێ خاڵێکی گرنگی دیکەیە.... ئەوە بێ لە کێشەی ئەو حەمکە ئاوارە ناوخۆیی و دەرەکییەی کە لە ئەنجامی شەڕی داعشدا، روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو بارگرانییەکی کەمیان بۆ حکوومەت و خەڵکەکەی دروست نەکردووە لە کاتێکدا کە کوردستان هەم لە تەنگانەیەکی دارایی دایەو هەم شەڕێکی تووش بووە کە بەرەکەی ١٠٠٠ کیلۆمەتر زێتر دەبێ و خەرجییەکی زۆری دەوێ...بەو مانایە داخوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەوانە ئەمریکا هیچ بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی و ئینسانی ناکەوێتە ئەستۆ؟

دەبێ ئەوەش بگوترێ ئەم سەردانە، لە کاتێکدایە کە کورد لە بەرەی رۆژئاڤاش، خۆی راگرتووەو تا ئێستە رۆژانە شەڕی تیرۆر دەکا و کۆبانێ بە هاوکاریی پێشمەرگە رزگارکراوەتەوەو جۆرێ لە خۆبەڕێوەبەرێتیی ناوچەیی دامەزراوە، رەوشی کوردانی باکووریش لە دوای ٢٠١٥/٦/٧وە کە هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیادا دەکرێ، بێشك گۆڕانی بەسەردا دێ و ئەگەر هەیە کورد پێگەیەکی تر لەناو پەرلەمان و سیاسەتی تورکیادا بەدەستبهێنێ...بە مانایەکی دی، پاساو هەیە کە فایلی کورد، وەکو نەتەوەیەکی جیا و خودان دۆزێکی رەوای دیموکراتی کە زلهێزان بەتایبەتی ئەمریکا، وەکو فایلێکی جیاو سەربەخۆ لێی بڕوانن...


بەهەرحاڵ، ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەرژەوەندییەکی کەمی نییە، بەرژەوەندییەکانی کوردیش بە لایەنی کەمەوە لە دوای ١٩٩١-ەوە «تقاطع»ێکیان لە گەڵ دنیای رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکادا نەبووە.. کەواتە کورد چاوی لەوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانان زێتر بەدەنگییەوە بێن..بەهەرحاڵ، هەموو کورد چاوی لەوەیە بارزانی بەهیوایەکی زۆرترەوە بگەڕێتەوە کوردستان...

**بە گوێرەی دوا پرۆژە کە لیژنەی هێزە چەکدارەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە چەند رۆژی رابردوو دەنگی بۆ دا، کە ئەگەر حکوومەتی عێراق کێشەو گرفتەکانی چارە نەکا، ئەوا راستەوخۆ بۆ ساڵی داهاتوو هاوکاریی سەربازی بە کوردو خەڵکی سوننە دەدرێ**

**پاساو هەیە کە فایلی کورد، وەکو نەتەوەیەکی جیا و خودان دۆزێکی رەوای دیموکراتی کە زلهێزان بەتایبەتی ئەمریکا، وەکو فایلێکی جیاو سەربەخۆ لێی بڕوانن**

### سەردانێک لە قۆناخێکی هەستیار و کاتێکی چارەنووسسازدا

# گوێگرتن لە بۆچوونی سەرۆکێک بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست







«چیدیکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، باسی دەوڵەتی فاشیل ناکرێت، بەڵکو ئێستا ئەم ناوچەیە خۆی بۆتە ناوچەیەکی فاشیل و دەبێت سەرلەنوێ هەمووی ڕێکبخرێتەوە.»
ڕۆبن رایت
موحازەرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٢٠١٥ سەنتەری وۆردۆ ولسن

**● ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
**نەبوونی بەدیل و بیرکردنەوەی نوێ**

جێمس جێفری کە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە عێراق و دیپلۆماتێکی ناسراو بووە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەتای مانگی رابردوو لە پەنێلێکی ئامۆژگای واشنتۆن و بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەك تۆپێك وێناکرد کە لە ئاسمانەوە بە خێرایی و بە بێ بوونی هیچ بەربەستێك دەکەوێتە خوارەوە و نازاندرێت کە کەوتە سەر زەوی چی بەسەر دێت. دینیس رۆسیش کە ماوەی ٢١ ساڵ لە چوار ئیدارەی جیاوازدا کاری کردووە، لەهەمان پەنێلدا وتی: «پێش ئەوەی بێمە هۆڵەکە یەکێك لە ئامادەبووان پێی وتم رووت خۆشە، دڵێی شتێکی تازەت پێیە، لەوەڵامدا وتم: خۆم من باسی کەش و هەوا ناکەم، تا پێت بڵێم ئەمرۆ بەفر دەبارێت، یان نە، من باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم و ئێستاش پشتگیری ئەو بۆچوونەی جێفری دەکەم کە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادیارە».

ئەگەر لە روانگەی ئەم دوو دیپلۆماتە گەورەی ئەمریکاوە سەیری بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، هەست دەکەین ئیدارەی ئێستای ئەمریکا کە باراك ئۆباما سەرۆکایەتی دەکات و خاوەنی کتێبی (بوێری هیوا -AUDACITY OF HOPE)یە، ئێستا لەبەردەم رووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بێ هیوا بووە و تۆماس فریدمان گوتەنی (نیوەی سەری سپی بوو، هەتا بڕیارێکی دژی داعش دەرکرد، نیوەکەی دیکەشی تی پارتی سپی دەکات)! ئەم قسەیەی فریدمان لە رەهەندێك زیاتری لێدەخوێندرێتەوە و ئاماژەیەکی راشکاوانەیە بۆ شێوازی دروستکردنی بڕیار لەناو ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆش، بۆیە ئەگەر بڕیاردانی سەرۆك ئۆباما بۆ بەشداری پێکردنی هێزی ئاسمانی لە دژی داعش دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان و مقاوەمەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرچاوەی گرتبێت، بەوەی مقاوەمەتی پێشمەرگە ئاستەنگی سەرەکیی ناردنی هێزی زەمینی لە کۆڵ ئەمریکا کردەوە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر زەوی نەیتوانیبایە مقاوەمەت بکات و هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پێچەوانەی بکاتەوە، ئەوا سەرۆك ئۆباما نەیدەتوانی ئەو بڕیارە بدات کە بە هێزی ئاسمانی لە تیرۆریستان بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هێزی ئاسمانی بە تەنها لە شەڕی دژە تیرۆریستاندا هیچ سوودێکی نییە، بەڵام کە مسعود

بارزانی وەك فەرماندەی گشــتی هێزە چەكدارەكانی كوردستان بڕیاری شەڕی مان و نەمانی ڕاگەیاند، بە شەش ڕۆژ دوای ئەو بڕیارە ئیدارەی ئەمریكاش بڕیاری خۆی دا و تەنانەت دوای ئەوەی هێزی پێشــمەرگەی كوردســتان توانی بەنداوی موسڵ ئازاد بكات، ئەوجا سەرۆك ئۆباما ستراتیژیەتی تێكشكان و بێئومێدكردن (Degrade and destroy)ی ڕاگەیاند، ئەم ستراتیژەش هەتا ئێســتا لە پاكســتانەوە هەتا لیبیــا و تا دەگاتە نەیجیریا، تەنها لەســەر دەســتی هێزی پێشمەرگەی كوردستان ئاكامێكی بەدەستهێناوە كە تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژە تیرۆر شانازی پێوە دەكەن، هەربۆیەش لەو كاتەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك كۆماری توركیــا لــە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووســیدا كەوتنی كۆبانێی ڕادەگەیانــد و ئەمریكا و هاوپەیمانانیش زۆر بە چڕی هێرشــەكانیان بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعش چڕكــردەوە، بــەڵام نەدەتونرا پێشــڕەوییەكانی داعش پێچەوانە بكەنەوە، ئەمەش وایكرد ســەرۆك ئۆباما بەو پێشنیارەی ســەرۆك بارزانی قایل بێت كە لە هەرێمی كوردستانەوە پێشــمەرگە بچێتە كۆبانێ، بۆ ئەم پرسە وەك ڕۆژنامە توركییەكان بڵاویان كردەوە، سەرۆك ئۆباما خۆی بە شەخســی هاتبووە سەرخەت و قسەی لەگەڵ ئەردۆگانی ســەرۆك كۆماری توركیا كردبوو، بەوەی ئەگەر توركیا ڕازی نەبێت پێشــمەرگە بە خاكەكەیدا بچێتــە كۆبانێ، ئەوا ڕێگەی دیكــە دەگرێتەبەر. كە ئەو هەلە دروســتبوو، جیهان گوێی بۆ پێشنیارەكەی بارزانی گرت. ســەرۆك بارزانی نامەیەكی ئاڕاستەی پەرلەمانــی كوردســتان كرد، بۆ ئــەوەی پەرلەمانی كوردســتان بڕیار بدات هێزی پێشمەرگە وەك سوپای بەرگری لە كوردســتان بە فەرمــی بچێتە كۆبانێ. ئەم نامەیەی ســەرۆك بارزانی بۆ پەرلەمان و بڕیاری پەرلەمانی كوردســتان (نــەك پەرلەمانی عێراق!!) بە ناردنی هێزی سەربازی بۆ دەرەوەی سنووری باشووری كوردستان و عێراق، وەرچەرخانێكی گەورەیە و شكۆ و هەیبەتی باشووری كوردستان لەسەر ئاستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێشــتا وەك پێویســت هەڵوەستەی لەسەر نەكراوە، چوونی پێشمەرگەش بۆ كۆبانێ لە كاتێكدا بووە كە زیاتر لە ٧٥-٨٠٪ی شارەكە بەدەست تیرۆریستانی داعشــەوە بووە، بەڵام بە هاوكاری هێزی پێشــمەرگە و باشووری كوردســتان بۆ ڕۆژئاوا كۆبانێ ئازادكرا و هەفتەی ڕابــردووش وەك هەموو لایەك بینیمان هێزی پێشمەرگەی كوردستان دوای تەواوبوونی ئەركەكەی و ئازادكردنی كۆبانێ گەڕانەوە بۆ باشووری كوردستان. ئەم واقیعەی ئێســتا لەسەر خاكی كوردستانی باشوور و ڕۆژئــاوا لە كۆبانێوە تا جەلەولا بوونی هەیە و هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان مودێلێكی تازەیان بۆ تێكشكانی داعش و بەتاڵكردنەوەی ئەفسانەی داعش هێنایەدی، ئــەوەش بەرهەمی ئــەو ســەركردایەتییە حەكیمانەیە بووە كە ســەرۆك بارزانی لەم بارودۆخە هەســتیار و چارەنووسسازدا ســەركردایەتی كرد. بارزانی نەك هەر توانی بە سیاســەتی لۆژیكانەی خۆی نێوماڵی كورد لە باشــوور و ڕۆژئاوا یەكبخاتــەوە، بەڵكو ڕۆژئاوا و باشــووری كردە یەك سەنگەر و هەموو كوردی پێكەوە لەو سەنگەرەدا دژی تیرۆریستانی داعش یەكخستەوە، ئەمەش بارودۆخێكی تــازەی ئەوتۆی لە ناوچەیەكی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت هێناوەتــە ئاراوە كە هیچ كەســێك بەدیلێك شــك نابات و بیركردنەوە لە ئاستی ڕووداو كارەساتەكان ڕاوەستاوە!

## ● كێشەی سیستمی دەوڵەت نەك كێشەی ناوخۆی دەوڵەت

ڕۆبــەرت ســاتلۆف بەڕێوەبــەری جێبەجێــكاری پڕۆگرامەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە ئامۆژگای واشــنتۆن، ئاماژە بەوە دەكات، ئێســتا لە سیاســەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گوێبیستی هەندێك شت دەبین، كە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بوونی نییە. هەر بۆ نموونە: ئێستا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی باس لە بەرپرسیاریەتی پاراســتنی گەلان (protection responsibility)دەكرێت، بەڵام لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت باس لــە مۆدێلی دەوڵەتی عوســمانی و سەفەوی و فاتیمی و ویلایەتی فیقهی دەكرێت، هەریەك لەم چەمكانەش كە باسیان لێوە دەكرێت، هەروەها بێ بناخە نین، بەڵكو ئەمە شــێوازی بیركردنەوەی جیاوازی هێزە سەرەكییەكانی ناوچەكەیە، ئێستاش كە سعودیە سەرۆكایەتی هاوپەیمانییەك دەكات بۆ لێدانی حوســییەكانی یەمەن و ئەمریكا پشتگیری لێدەكات، وەك جۆرێك لە بەرگریكردن لە شــەرعیەتی دەوڵەتی تەقلیدی ناوچەكە سەیری دەكات. ئەولەوییەتی سیاســەتی ئەمریكا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەلــكان و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بە درێژایی مێژوو بەو جۆرە بووە كە بەرگری لە شەرعییەتی دەوڵەتی تەقلیدی بكات، ئەمەش ڕاشكاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر ئەمریكا هەمــوو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سیستمی كۆنی نەخشەی ســایكس پیكۆ بكات و شــەرعییەت بۆ دەوڵەتە تەقلیدییەكان بگێڕێتەوە، ئەوا نەك هەر ســەركەتوو نابێت، بەڵكو واقیعی ئاڵۆزكاوی ناوچەكە وایكردووە، كە هێزە گەورەكانی ناوچەكە وەك (ســعودیە، توركیا، ئێران، پاكســتان، میسر ) نەتوانن پابەند بن بەو ســنوورە تەقلیدییــەوە كە هەموو لایەك

**كوردستان لە ژێر سایەی حوكمڕانیی (مسعود بارزانی)دا، هەموو بنەماكانی دەوڵەتی هاوچەرخی بونیادناوە و تەنها پێویستی بە پشتگیرییەكی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە**

**ئەمری واقیعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق ئەوەی فەرزكردووە، ئەمریكا وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع پشتگیری كوردستان دەكات، یان وەك دەوڵەتێكی خاوەن سەروەری و ئەندام لە ڕێكخراوی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان؟**

**كوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لە ناو عێراقدا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و هەنگاوی گەورە لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی ئەمریكا و ئاستی پەیوەندییەكانی نێوان هەولێر و واشنتۆن دێتەئاراوە**

**تێروانینی کۆنگرێس گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بە نزیکەی تێکرای دەنگ داوا دەکەن کە ڕاستەوخۆ پێشمەرگە پڕچەک بکرێت، لە هەمانکاتدا ئیدارەی ئەمریکیش بە فەرمی و لە ئاستی سەرۆکی دەوڵەت داوەتی سەرۆک بارزانی دەکات**

**ئەمریکییەکان پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە لە مانا و مەغزای باوکانی دامەزرێنەر لە کۆماری ئەمریکا تێدەگەن و دەزانن، باوکانی دامەزرێنەر تەنها ئەو سەرکردانە نین کە پێش دوو سەدە زیاتر ئەمریکایان ڕزگار کرد، بەڵکو هەموو ئەوانە بە باوکانی دامەزرێنەر لە قەڵەم دەدرێن کە پارێزگاری لە ئازادی و لە سەروەری ئەمریکا دەکەن**







گەیشـــتوونەتە قەناعەت لەناو ئەو نەخشە کۆنەدا نەك ئاســـایش و ســـەقامگیری ناپارێزرێت، بەڵکو هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ناوچەکە، هەر یەکەیان لە شـــوێنێك کەوتوونەتە بەر مەترســـیی جددی. هەر بۆ نموونە: لە سووریا شیعە لە هەڕەشەدایە، لە عێراق سوننە، لە میسر و عێراق و لوبنان کریستیان، لە کوردستان ئێزدی بەدەستی داعش، هەر بۆیە کاتێك تورکیا لە شەڕی داعش هەندێك دوورەپەرێز رادەوەستێت و تۆمەتباری دەکەن بەوەی کە بەشداری شەڕەکە ناکات، سەرۆك کۆماری تورکیا بیانوو و پاکانەی خۆی هەیە و راشـــکاوانە بە ئەمریکییەکان دەڵێت: ئێمە وەك تورکیا کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانین، ئەزموونمان لەگەڵ چارەســـەکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە هەیە و ماوەی ٤٠٠ ســـاڵ حوکمڕانیمان کردووە و سەقامگیری بوونی هەبووە!

ئەمە راشکاوانە مانای ئەوەیە تورکیا وەك بەشێك لە ناتۆ و هاوپەیمانی نزیکی رۆژئاوا و ئەمریکا نەیشاردۆتەوە کە گەیشـــتۆتە ئـــەو قەناعەتەی لـــە چوارچێوەی سنوورەکانی سایکس پیکۆدا کێشەکان چارەسەر ناکرێت و دەبێـــت بگەڕێنەوە بۆ ســـنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی، لەبەرامبەردا کۆماری ئیســـلامی ئێران ئەندامـــی هاوپەیمانی نێودەوڵەتـــی دژە تیرۆر نییە، بـــەڵام لە هەموو ئەندامانی ئەم هاوپەیمانییە چالاکتر هاتۆتە ناو شـــەڕەکە و بە ئاشکرا بەرگری لە دیمەشق و بەغدا دەکات، وەك پایتەختی دوو دەوڵەتی شـــیعە، عەرەبستانی ســـعودیەش لەو گەرمەی شەڕی داعش هاوپەیمانییەك دژی حوسییەکانی یەمەن رادەگەیەنێت و هەموو دەوڵەتانی ســـوننە و رۆژئاوا پشتگیری لێ دەکەن. ئەمەش مانای ئەوەیە چەند تیرۆریستانی داعش دژی سعودیەن، هێندە زیاتر مەدی شیعە بە مەترسی



بۆ سەر خۆی دەزانێت. سـعودیە وای دەبینێت دوای سەرکەوتنی حوسییەکان لە یەمەن، ئەوا هیلالی شیعە لە چوار دەوری سعودیە دەگۆڕێت بۆ بازنەی شیعە و تەواو گەمارۆ دەدرێت، بۆیە ئەگەر سەیری پشتگیری سـعودیە بکەین بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەدی شیعی لە ناوچەکە و بەراوردی بکەین بە پشتگیری سعودیە وەك ئەندامێکـی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژە داعش، دەبینین زۆر لاوازتـرە. لەلایەکی دیکەوە تورکیا پێش هەمووان بۆ لێدانی حوسییەکان پشتگیری سعودیەی کرد، بەڵام لە شەڕی داعش دواکەوت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر پێشتر کێشەی وڵاتێکی وەك یەمەن، یان بەحرێن، یان سـووریا، یان عێراق کێشەیەکی ناوخۆیی و ناو سـنووری یەك دەوڵەت بوویێت، ئەوا لە ئێستادا ئەم کێشانە بوونەتە کێشـەی ئیقلیمی و ناوچەیەکی دیاریکراو کە پێی دەگوترێت رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و باکـووری ئەفریقیا، راشـکاوانەتر کێشـەکە لەوە گەورەترە وەك دەوڵەتێکی لاواز، یان فاشیل مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو کێشـەکە گۆڕاوە بۆ فاشیلیی سیسـتمی دەوڵەت لە تەواوی ناوچەکە و ئەم کێشەیە بەوە چارەسـەر نابێت، پارێزگاری لە شـەرعییەتی دەوڵەتی سایکس پیکۆ بکرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە سـەرلەنوێ سیسـتمی دەوڵەت بە مۆدێلێکی دیکە هەیکەلی دەوڵەتەکان دابڕێژێتەوە، بە جۆرێك رێگە لەو مەترسییانە بگرێت کە بە بێ جیاوازی لەسەر تەواوی نەتـەوە و پێکهاتە و مەزهـەب و ئایینە جیاوازەکانی ناوچەکە هەیە. راشـکاوانەتر دەبێت دەوڵەتی داهاتوو لەسـەر سیسـتمێك رێکبخرێتەوە لانیکەم ئەم خاڵانە لەخۆی بگرێت:

١. دەوڵـەت دەبێت سـوپایەکی هەبێت کـە بتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت.

**ئەگەر ئامانجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم شەڕەدا سەروەری و سەرفرازی کوردستان نەبێت، ئەوا هەرگیز سەرۆک مسعود بارزانی بە تەمەنی ٦٩ ساڵییەوە چەندین مانگ هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش نەدەمایەوە**

**ئەمریکا ئەگەر مەبەستی ئەوەیە لە ستراتیژیەتی دژەتیرۆردا سەرکەوتوو بێت، دەبێت گوێ بۆ سەرۆک بارزانی بگرێت کە توانیویەتی لەیەک کاتدا کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکی لەسەر پرسێکی گرنگ پێکەوە کۆبکاتەوە، کە چەندین ساڵە کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکی لە حاڵەتی دەگمەن نەبێت لەسەر هیچ پرسێک کۆک نەبوون**

**ئەگەر پێشتر کێشەی وڵاتێکی وەک یەمەن، یان بەحرێن، یان سووریا، یان عێراق کێشەیەکی ناوخۆیی و ناو سنووری یەک دەوڵەت بووبێت، ئەوا لە ئێستادا ئەم کێشانە بوونەتە کێشەی ئیقلیمی و ناوچەیەکی دیاریکراو کە پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقی**

**سعودیە وای دەبینێت دوای سەرکەوتنی حوسییەکان لە یەمەن، ئەوا هیلالی شیعە لە چوار دەوری سعودیە دەگۆڕێت بۆ بازنەی شیعە و تەواو گەمارۆ دەدرێت**

**ئەولەوییەتی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەلکان و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بە درێژایی مێژوو بەو جۆرە بووە کە بەرگری لە شەرعییەتی دەوڵەتی تەقلیدی بکات**

٢. سەرۆکێکی هەبێت بتوانێت بە لێبوردەی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە پارێزگاری لە پێکهاتە جیاوازەکان بکات.

٣. دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکار بێت بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە تازەیە دروست بێت، لەبەر ئەوەی لەناو سایکس پیکۆدا دەوڵەتی لەم شێوەیە دروست ناکرێت.

ئەگەر سەیری تێڕوانینی تەنها ٥ ساڵ لەمەوبەری ئەمریکا بۆ عێراق بکەین، دیارە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما زۆر بڕوای بەوە هەبووە، عێراق بە سوپایەکی مۆدێرن و بە یەکگرتوویی بیهێڵێتەوە، بەڵام وەك بینیمان ئەو سوپا مۆدێرنەی بەهای ٢٥ ملیار دۆلار چەکی پێشکەوتووی لەبەر دەست بوو، لە چاوتروکانێکدا تەسلیمی تیرۆریستانی داعش بوو، ئەمەش واتە لە بری ئەوەی چەکەکانی ئەمریکا عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، دەوڵەتێکی تیرۆریستی دروست کرد، کە ئێستا هەموو جیهان و ئەمریکاش بەدەستیەوە گرفتار بووە.

لەناو ئەم واقیعەدا و بەبێ ئەوەی هەتا ئێستا هەرێمی باشووری کوردستان خاوەنی سوپایەکی پڕچەك و مەشقی مۆدێرن بێت، ئەو دەوڵەتەی ئەو مەرجانەی تێدایە بۆ تێکشکانی تیرۆریستان و بەهێزکردنی ئیرادەی لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە ژێر سایەی حوکمڕانیی سەرۆك بارزانی بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکیی لەدایکنەبوونی ئەم دەوڵەتەش کەمتەرخەمی و پشتگیری نەکردنی ئەمریکایە، بەڵام ئەمریکا ئەگەر مەبەستی ئەوەیە لە ستراتیژیەتی دژەتیرۆردا سەرکەوتوو بێت، دەبێت گوێ بۆ سەرۆك بارزانی بگرێت کە توانیویەتی لەیەك کاتدا کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکی لەسەر پرسێکی گرنگ پێکەوە کۆبکاتەوە، کە چەندین ساڵە کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکی لە حاڵەتی دەگمەن نەبێت لەسەر هیچ پرسێك کۆك نەبوون.

**● تێڕوانینی بارزانی**
**بۆ ڕاستکردنەوەی سایکس پیکۆ**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی وەك تەنها سەرۆکی بێ دەوڵەت بەشداری لە کۆنفرانسی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش بکات، لە چەندین دیمانەی ڕۆژنامەوانی ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کرد، پێویستە شەڕ و خوێنڕشتن و ئاژاوەکانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی بێت، جەختی لەوە کردەوە دەبێت هەڵەکانی ناو نەخشەی سایکس پیکۆ ڕاست بکرێتەوە، لەمەش زیاتر لە ناو کۆنفرانسەکە و لەو پەنێلەی قسەی تێداکرد، دووبارە بە سەرکردەی و نوێنەری زۆربەی وڵاتانی جیهان و ڕۆژئاوای ڕاگەیاند، کێشەکە بە ڕاستکردنەوەی سایکس پیکۆ چارەسەر دەکرێت. ئەم تێڕوانینەی سەرۆك بارزانی لەوانەیە یەك دوو مانگێك پێش ئێستا و لە میونیخ بە دڵی دیپلۆماتکارەکانی ئێستای ئیدارەی سەرۆك ئۆباما نەبووبێت، بەڵام وەرچەرخانەکانی ڕووداوەکانی یەك دوو مانگی ڕابردوو، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە گرتنەوەی چیای شنگال و بەشێکی گرنگی نێو شاری شنگال، بەتایبەتی کە ئەمریکا نەیتوانی لە عێراقدا هەمان سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران دووبارە بکاتەوە، ئەمە گەیشتن بوو بەو قەناعەتەی ئەو هێزی پێشمەرگەیەی کە دەتوانێت تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، هۆکاری سەکەوتنەکەی تەنها ناگەڕێتەوە بۆ هاوکاری ئاسمانیی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، یان بوونی چەکی مۆدێرن بەدەستی چەکدارەکانەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی سەرکردایەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕەکە و قەناعەتی هێزی پێشمەرگە بەو شەڕەی کە دەیکات، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت: گواستنەوەی مۆدێلی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە کوردستانەوە بۆ شوێنێکی دیکەی عێراق، یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنها بریتی نییە لە گواستنەوەی ئەو هاوکارییەی بۆ هێزی پێشمەرگە کراوە بۆ گرووپێك چەکداری دیکە بۆ ئەوەی بە هەمان شێوازی پێشمەرگە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵکو گواستنەوەی مۆدێلی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، واتە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی سایکس پیکۆ، هەر لەم پێناوەشدایە پێشمەرگە و تەواوی هێزە کوردستانییەکان دەتوانن پێکەوە شەڕ بکەن و سەرکەوتن بە دەست بهێنن. خۆ ئەگەر ئامانجی سەرەکی پاراستنی خاکی کوردستان و ئایندەی سەروەریی ئەم خاکە نەبێت، هێزی پێشمەرگە ئامادە نییە بێجگە لە کوردستان لە پێناوی هیچی تردا بەمجۆرە خۆی قوربانی بکات. ئەمریکا هەقە لەم ڕاستەوە سەیری مێژووی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران – عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بکات، کە چۆن ڕژێمی سەدام حوسێن بە هەموو دڕندەییەی خۆیەوە توانی ئەنفال و کیمیاباران لە کوردستان ئەنجامبدات، بەڵام نەیتوانی کورد ناچار بکات بەشداری ئەو شەڕە نارەوایە بکات، هەر بۆیە ئەگەر ئامانجی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەم شەڕەدا سەروەری و سەرفرازی کوردستان نەبێت، ئەوا هەرگیز سەرۆك مەسعود بارزانی بە تەمەنی ٦٩ ساڵییەوە چەندین مانگ هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی

دژی تیرۆریستانی داعش نەدەمایەوە، لەمەش زیاتر ئەم شەڕە پێگەی بارزانی لە سەرۆکی هەرێمێکەوە گۆڕیوە بۆ باوکی دامەزرێنەری کیانێکی سیاسی بۆ کوردستان، ئەمریکییەکان پێش هەر نەتەوەیەکی دیکە لە مانا و مەغزای باوکانی دامەزرێنەر لە کۆماری ئەمریکا تێدەگەن و دەزانن، باوکانی دامەزرێنەر تەنها ئەو سەرکردانە نین کە پێش دوو سەدە زیاتر ئەمریکایان رزگار کرد، بەڵکو هەموو ئەوانە بە باوکانی دامەزرێنەر لە قەڵەم دەدرێن کە پارێزگاری لە ئازادی و لە سەروەریی ئەمریکا دەکەن، بۆیە دەبێت ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لەم ئاستەوە گوێ بۆ پەیامەکانی سەرۆکی کوردستان بگرێت و بەو ئاستە تێی بگات، کە رێزگرتن لە قسەکانی بارزانی، ریزگرتنە لە ئیرادەی نەتەوەیەك کە سەدە ساڵە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا قوربانی دەدات.

● **دەوڵەتی کوردستان**

## گەڕانەوەی سەردەمی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش یەکێك بووە لەو ئەکادیمیستانەی راوێژی داوەتە ئیدارەی بوش بۆ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گوڵان کە لەم ژمارەیەدا بڵاو دەبێتەوە، دەربارەی گرنگیی سەردانی سەرۆك بارزانی لەم کاتەدا بۆ ئەمریکا، بێجگە لەوەی سەردانەکە زۆر زۆر بە گرنگ وەسف دەکات، لەهەمانکاتدا بە ساتەوەختێکی مێژوویی دەزانێت بۆ ئەوەی ئیدارە و کۆنگرێس بە وردی و لە نزیکەوە گوێ بۆ پەیامەکانی بارزانی بگرن. پرۆفیسۆر ئەمازیا سەبارەت بەم سەردانە ئاماژە بەوە دەکات، کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکا لە ئێستا لەسەر ئیسرائیل و هەروەها لەسەر رێککەوتنی نێوان ئەمریکا و ئێران کۆك نین، بەڵام لەسەر پرسی کورد و پڕچەك کردنی پێشمەرگە یەك هەڵوێستیان هەیە، بۆیە ئێستا کاتێکی گونجاوە کە سەرۆك بارزانی پەیامی سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا باس بکات. ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆرێکی وەك ئەمازیا بارام کە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە لەسەر دۆسیێ عێراق کاردەکات و چەندین کتێب و دەیان توێژینەوەی لەسەر عێراق نووسیوە و ئیدارەی ئەمریکا بۆ رووخانی رژێمی پێشوو راوێژی پێکردووە، هەروەها قسەیەکی لە خۆڕا نییە و نیشانەی لۆژیك و دووربینی و سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی پیشان دەدات بەوەی بۆچی جاری پێشوو داوەتەکەی ئیدارەی ئەمریکای رەتکردەوە؟ بێگومان وەك بەرپرسیان لەکاتی خۆی رایگەیاند، هۆکاری سەرەکیی رەتکردنەوەی سەردانەکەی جاری پێشووی بۆ ئەمریکا، لەسەر تێڕوانینی جیاوازی کۆنگرێس و ئیدارەی ئەمریکا بوو سەبارەت بە دانانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی لە لیستی رەشدا، بەڵام لە ئێستادا تێڕوانینی کۆنگرێس گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بە نزیکەی تێکڕای دەنگ داوا دەکەن کە راستەوخۆ پێشمەرگە پڕچەك بکرێت، لە هەمانکاتدا ئیدارەی ئەمریکیش بە فەرمی و لە ئاستی سەرۆکی دەوڵەت داوەتی سەرۆك بارزانی دەکات. ئەمانە مانای ئەوەن کە ئەو تابۆیەی لەسەر باسکردنی دامەزراندنی دەوڵەت لە ناو سیاسەتی ئەمریکا هەتا چەند مانگێك لەمەو پێشیش بوونی هەبووە، لەم سەردانەوە ئەگەر ئەم تابۆیە بەتەواوەتیش لانەچێت، ئەوا کاڵدەبێتەوە و دەبێتە جێگەی وتوێژ و چۆنیەتی هەنگاوهەڵگرتن بۆ ئایندە، یان درووستبوونی وەرچەرخانێك لە ئاستی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لە ناو عێراقدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و هەنگاوی گەورە لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی ئەمریکا و ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتۆن دێتە ئاراوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئیدارەی ئەمریکی لەم بارودۆخەی ئێستادا بە تەواوەتی بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان قایل دەبێت و پشتگیری لێدەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەم قۆناخە و بەو ئاستەی لە کۆنگرێس و لەسەر ئاستی لیژنەی سەربازی قسەی لەسەرکراوە، وەڵامەکە بەوجۆرە نییە ئەمریکا پشتگیری دەکات، یان نە، بەڵکو ئەمری واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق ئەوەی فەرزکردووە، ئەمریکا وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع پشتگیری کوردستان دەکات، یان وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری و ئەندام لە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان؟ وەڵامدانەوەی شێوازی ئەم پشتگیرییە لەوە کەم ناکاتەوە کوردستان بۆتە دەوڵەت، یان نە، بەڵکو لەو بنەمایانەدا رەنگداتەوە کە کوردستان لە ژێر سایەی حوکمڕانیی (مسعود بارزانی)دا، هەموو بنەماکانی دەوڵەتی هاوچەرخی بونیادناوە و تەنها پێویستی بە پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە، ئەو پشتگیرییەش لەم سەردانەدا تەواو بەرجەستە دەبێت، ئەگەر راستەوخۆش دوای سەردانەکەی بارزانی دەوڵەتی کوردستان رانەگەیەندرێت.

**هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان مودێلێکی تازەیان بۆ تێکشکانی داعش و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش هێنایەدی، ئەوەش بەرهەمی ئەو سەرکردایەتییە حەکیمانەیە بووە کە سەرۆک بارزانی لەم بارودۆخە هەستیار و چارەنووسسازدا سەرکردایەتی کرد. بارزانی نەک هەر توانی بە سیاسەتی لۆژیکانەی خۆی نێوماڵی کورد لە باشوور و رۆژئاوا یەکبخاتەوە، بەڵکو رۆژئاوا و باشووری کردە یەک سەنگەر و هەموو کوردی پێکەوە لەو سەنگەرەدا دژی تیرۆریستانی داعش یەکخستەوە**

**ئەگەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر زەوی نەیتوانییایە مقاوەمەت بکات و هێرشی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پێچەوانەی بکاتەوە، ئەوا سەرۆک ئۆباما نەیدەتوانی ئەو بڕیارە بدات کە بە هێزی ئاسمانی لە تیرۆریستان بدات**

## ئەمازیا بارام

### پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سیاسەتی ئەمریکا و عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی لەم سەردانەیدا بۆ واشنتۆن دەتوانێت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا باس بکات

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بۆ ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە لە سەر سیاسەتی عێراق و ئەمریکا کار دەکات و یەکێك بووە لە توێژەرە بەناوبانگەکانی سەنتەری سابان لە ئامۆژگای برۆکینگز و لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لە ٢٠٠٣ یەکێك بووە لەوانەی ئیدارەی بۆش راوێژی پێ کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر سەردانی سەرۆك بارزانی بە داوەتی فەرمی ئیدارەی ئەمریکا بۆ واشنتۆن، ئەم وتووێژە فراوانەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە باسی لە گرنگیی ئەو سەردانە بۆ گوڵان کرد.**

*** سەرۆك بارزانی بە رەسمی بانگهێشتی ئەمریکا کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆك ئۆبامادا کۆببێتەوە. ئایا ئەم سەردانە تا چ رادەیەك گرنگە بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان؟**

- سەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمریکا زۆر زۆر گرنگە، دەمەوێت بە بیرتان بهێنمەوە، کە لە ئێستادا نەك تەنها سەرۆك ئۆباما ئامادەیە پشتگیریتان بکات و پێشوازی لە بارزانی بکات، بەڵکو بەم دواییە کۆنگرێسیش تا رادەیەکی زۆر پشتگیرییەکی گەورەی کورد دەکات، ئەمەش واتە هەم ئیدارەی ئەمریکا و هەم کۆنگرێس کۆکن لەسەر ئەوەی هاوکاریتان بکەن. ئەمەش زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ لەگەڵ ئەوەی لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە، بەڵام لەناو کۆشکی سپی بەو ئاستە نییە، ئەمەش لەوەڕا



دەرکەوت ئۆباما رەتیکردەوە بانگهێشتی نەتنیاهۆ بکات بۆ ئەوەی لە کۆنگرێس گفتوگۆیەکی جددی بکەن، بەڵام ئامادەیی ئۆباما بۆ کارکردن لەگەڵ کۆنگرێسدا لەسەر پرسی کورد گرنگییەکی گەورەی هەیە. لەبەر ئەوەی ئۆباما و کۆنگرێس لەسەر چەندین پرس لەوانە لەبارەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە یەك بۆچوونیان نییە، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر کێشەی کورد بۆتە بابەتێکی کۆکەرەوە و -یەکخەری- سەرۆك و کۆنگرێس. ئەمەش گرنگییەکی گەورەی هەیە.

*** وەك پسپۆڕێك لە سیاسەتی ئەمریکا و عێراق چۆن ئەم حاڵەتە لێکدەدەیتەوە؟**

- وەڵامی من ئەوەیە، هێشتا لە نێوان کۆشکی سپی و کۆنگرێسدا لەسەر هاوکاری ئیدارەی ئۆباما و کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر شەڕی داعش جیاوازی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەوەدان پشتیوانی لە کورد بکرێت و کەل و پەلی باشیان پێ بدرێت. لێرەدا من شتێکی دیکە دەڵێم، بە ماوەیەکی کورت دوای داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە، من شەخسی خۆم لە ئیسڕائیل چاوم کەوت بە بەرپرسێکی زۆر گرنگی ئەمریکا — کە ناتوانم ناوەکەی بڵێم-، ئەو بە زۆری سەرۆك دەبینێت و راوێژ و شیکردنەوە دەداتە ئەنجومەنی ئاسایش لە واشنتۆن، ئێمە گفتوگۆمان لە بارەی داعشەوە کرد و من پێموت پێویستە لەو راستییە تێبگەن کە تاوەکو سەرۆك وەزیران نوری ئەلمالیکی بە تەواوەتی لانەدرێت، ناتوانن یارمەتی بەغدا و حکومەتی شیعە لە بەغدا بدەن، کاتێك نوری مالیکی لادرا، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانن لێرە و لەوێ یارمەتیان بدەن. بەڵام ئەوەی دەبێت ئەنجامی بدەن بێ ئەوەی یەك ڕۆژیش چاوەڕوان بن، بریتییە لە هاوکاریکردنی کورد، چونکە جگە لە ئیسڕائیل ئەوان تەنها دۆستی ئێوەن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێوە هیچ

دۆستێکی راستەقینەتان نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چەند حکومەت و وڵاتێك هەن کە بۆ چەندین ساڵە کارتان لەگەڵدا کردوون و ئەمەش کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر پرسیاری دۆستی راستەقینەم لێ بکەیت، کە هەر کاتێك پێویست بوو یارمەتیتان بدەن، ئەوا کورد هەن، ئەوان بەڕاستی کەسانێکی عەلمانین و نەك سەد دەر سەد دیموکراتی بن، بەڵام لە بەغدا دیموکراتیترن، لە ئەنقەرە دیموکراتیترن و بە دڵنیاییەوە لە دیمەشق دیموکراتیترن. لەو ناوچەیەدا تەنها کوردتان هەن، ئەگەر لە ئێستادا بە خێرایی هاوکاری کورد نەکەن، زەرەر دەکەن، چونکە داعش دەیەوێت هێرش بکاتە سەر کوردستان و کەرکووك داگیر بکات لەبەر نەوتەکەی، هەروەها پێموت: ئێوە بژاردەیەکتان نییە جگە لە هاوکاریکردنی کورد، سەیری کردم و وتی: سەد دەر سەد لەگەڵتدا هاوڕام. پێموایە دەبێت ئەمە زۆر بە باشی روون بکرێتەوە لە ئەمریکا و لە واشنتۆن. رەنگە ئەو پێش ئەوەی قسە لەگەڵ مندا بکات، بەو دەرئەنجامە گەیشتبێت، بەڵام باسی نەکردبێت، چونکە بە منی وت: ئێمە بە تەواوەتی درك بەمە دەکەین و ئەمە دەزانین و بە دڵنیاییەوە هاوکارییان دەکەین و پێموایە پێویستە هاوکاری کورد بکەین. ئەمە لە ئابی ساڵی ٢٠١٤دا روویدا، ئەوانیش هاوکارییان کرد لە دژی داعش، بەڵام وەك پێویست نەبوو. لەبەر ئەوە ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە و لە رووی سیاسیشەوە ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ئێوە هاوکارییەکی زیاتری ئەمریکاتان پێدەگات.، هاوکاری دارایی نا، هاوکاری سەربازی، هەروەها دانپێدانانێکی سیاسی زیاتر بە کورددا، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژووی کوردە. ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە، بەڵام دەبێت بە حەزەر بین و بە هیچ شێوەیەك دڵنیا نیم لەوەی ئۆباما پێشنیاری ئەوە بکات کورد سەربەخۆیی تەواو رابگەیەنن، من لەمە دڵنیا نیم، چونکە ئەگەرچی لێرە و لەوێ لە رۆژنامەکانی ئەمریکا باس دەکرێت و تەنانەت لە کۆنگرێسیشدا، بەڵام هیچ کاتێك نەبۆتە بڕیارێك کە گفتوگۆ و مشت و مڕی لەسەر بکرێت، خۆ ئەگەر ئامادە بێت بۆ ئەوەی پێشنیار بکرێت، ئەوا دەبێت سەرۆك بارزانی داوای بکات، ئەویش بەوەی ئەمریکا و کورد لەگەڵ بەغدا بگەنە رێککەوتنێکی باشتر لە بارەی چەند پرسێکەوە. من دەزانم کە هەولێر و بەغدا لە رووی عەمەلییەوە رێککەوتوون کە نەوتی کەرکووك و نەوتی کورد لە رێی بۆرییەکانی ئێوەوە و لە رێی تورکیاوە بفرۆشرێت، ئەمە رێککەوتنێکی عەمەلییە. مەسەلەیەکی دیکە بریتییە لەوەی بە خوێنی کورد کەرکووك پارێزراوە، بەغدا خوێنی لە کەرکووك نەڕشتووە بۆ بەرگری لێکردنی لە دژی داعش و ئەوان بواریاندا بەوەی تکریت و بێجی و تاد داگیر بکرێت. بەڵام ئەوانەی بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە کەرکووك کرد، کورد بوون. لە روانگەی ئەمریکاوە ئێوە کەرکووکتان پاراست، ئەمریکا دەیەوێت داعش لاواز بکات و تێکیبشکێنێت، بەڵام کێ پارێزگاری لە کەرکووك کرد و رێگەی گرت لەوەی داعش بێ ئەندازە دەوڵەمەند بێت؟ بێگومان کورد نەیهێشت، بەم شێوەیە ئێوە هاوکارییەکی زۆری ئەمریکاتان کرد، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئامادە نەبوو سەرباز بنێرێت بۆ بەرگریکردن لە کەرکووك لە دژی داعش، بەڵام ئێوە ئەم کارەتان کرد. دەکرێت سەرۆك بارزانی بڵێت: من داوای شتێك ناکەم لە دەستووردا نەبێت، بەڵام لە دەستوردا باس لە راپرسی کراوە، ئێستاش هەمووان لە کەرکووکدا مافی ئەوەیان هەیە کە دەنگ بدەن و بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە چ شێوازێکی حوکمڕانی لە کەرکوودا بکرێت. من و ئێوەش دەزانین کە زۆرینەی کەرکووك لە کورد پێکهاتوون و بە مەزەندەی من نزیکەی لە سەدا ٦٠ بۆ ٦٥ی دانیشتووانی کەرکووك کوردن. لە بەرژەوەندی ئێوەیە کە بە ئەمریکا رابگەیەنن هاوکاری بەغدا بکەن بۆ ئەنجامدانی راپرسی و ئەمەش لە دەستوردا هاتووە. ئەو کاتەش بە زۆرینەی لە سەدا ٦٠ بۆ ٦٥ دەتوانن بڕیار بدەن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، دەکرێت ئەمریکا لە پرسی کەرکووك و پێدانی چەك و مافەکانتان لە پەیوەندی بە نەوتەوە یارمەتیتان بدات، ئێمە دەزانین داهاتی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا و بۆ خەزێنەی نیشتمانی، ئەمەش شتێکی باشە، بەڵام دەبێت مافی ئەوەتان هەبێت گرێبەست ئەنجام بدەن. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نیمچە سەربەخۆ بن و هاوکارێکی زۆرتان دەبێت. من دەزانم ئێوە هەمیشە دەتانەوێت سەربازی ئەمریکا لە کوردستان بێت، من نازانم ئایا ئەمریکا رازی دەبێت، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەکی کەم هەن و زۆر نین. ئەگەر من لە جێی سەرۆك بارزانی بوومایە بە جەنابی سەرۆك ئۆبامام رادەگەیاند کە ئێمە دەمانەوێت بەتالیۆنێکی زرێپۆش رەوانەی هەولێر و کوردستان بکەن، ئێمە ئەمەمان دەوێت و دەمانەوێت کەتیبەیەك، یان دوو کەتیبەی تانك، یان لیوایەك رەوانەی کوردستان بکەن و ئێمە خۆشحاڵ دەبین بەم هەنگاوە، لە ئەڵمانیا بڕوانن کە ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمریکی لێیە و ئەڵمانیاش داوای نەکردووە کە لە وڵاتەکە بکشێنەوە، چونکە سەرەڕای مەسەلەی ئەمنی ئەوا پارەیەکی زۆریش خەرج دەکەن لەو وڵاتەدا. دەکرێت بە سەرۆك ئۆباما رابگەیەنێت کە ئێمە دەمانەوێت وەك ئەڵمانیا بین- لە ڕووی جێگیرکردنی هێزەکانەوە-، ئایا ئێوە چۆن لەم پێشنیار دەڕوانن، وەڵامی ئۆباما

**لە پەیوەندی ئێستای نێوان ئێوە و بەغدا، ئەمریکا زیاتر لەگەڵ ئێوە و کەمتر لەگەڵ بەغدایە، ئەمە واقیعەکەیە و دەبێت ئەوەندەی دەکرێت سوود لەم بارودۆخە وەربگرن**

**ئەگەر سەرۆک ئۆباما دووبارە پێداچوونەوە بە سەرجەم مەسەلەکەدا بکات، ئەوا لە بری ئەوەی بیر لە رەوانەکردنی هێز بکاتەوە بۆ بەغدا، پێویستە هێز رەوانەی کوردستان بکات بۆ یارمەتیدانی کورد. لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی لە بەغدا دۆستی ئەمریکا نین**

**ئەمریکا تاوەکو وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق نەروانێت، ئەوا ناتوانێت باڵیۆز بنێرێت. بەڵام دەتوانن ئاستی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی خۆیان بەرزتر بکەنەوە، ئێستاش کونسوڵگەرییان لە کوردستان هەیە**

بەڵێ نابێــت، بەڵام دەكرێت بارزانی پێــی بڵێت: ئێمە بانگهێشتتان دەكەین و ئێوە دۆست و هاوپەیمانی ئێمەن، ئەگەر بێن خۆشحاڵ دەبین و ئەگەر نەیەن ئەوە بڕیارەكە بــۆ ئێوە دەگەڕێتەوە. واتە دەكرێت بارزانی پێشــنیاری بكات، ئەگەر وەڵامەكــەی ئۆباماش نەخێر بێت. بەڵام ئەمــە وەك ئەگەرێك بخرێتەڕوو. مــن دەڵێم ئەگەر لە قۆناغێكی دیاریكراودا ئەمریكا بگاتە ئەو دەرئەنجامەی كە ناتواندرێت پاشەكشــە بە داعش بكرێت، - گەرچی ئێستا ئەم كارە دەكرێت، بەڵام بە رەوتێكی خێرا نا، بەڵكو بە سستی ئەو كارە ئەنجام دەدرێت-، دەكرێت لەو كاتەدا بە سەرۆك رابگەیەنن كە ئەو كارەی ئێوە دەیكەن باشە، بەڵام ئێمە دەتوانین زیاترتان پێشــكەش بكەین، ئەگەر ئێوە ئامادە بن كەتیبەیەكی میكانیكی بنێرن بۆ ئەوەی هێرشی پێ ئەنجام بدەن- هێرشێك لەلایەن ئەمریكاوە بە هاوكاری كورد- كــە هاوكارییەكی بچووك دەبێت و لە بواری هەواڵگری و ...تاد بۆ ئەوەی لە رێی كوردستان و كەركووك دەســت بكرێت بە پاشەكشەپێكردنی داعش، نەك چاوەڕوانی میلیشــیای شیعە و پاسدار بكرێت بۆ ئــەوەی لە باشــوورەوە بێن، بەڵكو داوایــان لێ بكرێت كە ئەو هێزە رەوانەی كوردســتان بكرێت. لەم شــەڕەی لــە دژی داعش بەرپا كــراوە - كە ئەوە ســاڵێكە لە ئارادایە- ئەگەر ســەرۆك ئۆباما دووبارە پێداچوونەوە بە ســەرجەم مەسەلەكەدا بكات، ئەوا لە بری ئەوەی بیر لە رەوانەكردنی هێز بكاتەوە بۆ بەغدا، پێویستە هێز رەوانەی كوردســتان بكات بۆ یارمەتیدانی كورد. لەبەر ئەوەی حكومەتــی عێراقی لە بەغدا دۆســتی ئەمریكا نین، راســتە پەیوەندی ئاساییان هەیە لەگەڵ ئەمریكا، بەڵام دۆستی راستەقینەی ئێرانن، لە كاتێكدا كوردی عێراق، ئەگەرچی پەیوەندی ئاساییان هەیە لەگەڵ ئێران، بەڵام دۆستی راستەقینەی ئەمریكان.

*** لیژنەی سەربازی لە كۆنگرێسی ئەمریكا رەزامەندی دا لە سەر پرۆژەیاســایەك بۆ ئەوەی راستەوخۆ و بە بێ گەڕانەوە بۆ حكومەتــی مەركەزی عێراق چەك رەوانەی هەرێمی كوردســتان بكرێــت، هەروەها رازی بوو لەســەر ئەوەی زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخان بكرێت بــۆ حكومەتی عێراق و لەو بڕەش لە ســەدا ٢٠ی بۆ هێزەكانی پێشمەرگە و سوننەكان بێت، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە بە مانای ئەوە دێت كە پێشــمەرگە متمانەی جیهانی بەدەست هێناوە وەك هێزێك كە توانای شكاندنی تیرۆری هەیە؟**

- بە تەواوەتی هاوڕام، ئەو ئۆپەراسیۆنەی كە هێزەكانی پێشمەرگە لە باكووری موسڵ ئەنجامیان دا، نەك هەر تەنها ســەركەوتوو بوو، بەڵكو بــووە جێی دانپێدانان و ڕێزێكی زۆر لەلایەن رۆژئاواوە. لە ئەمریكا كۆنگرێس و ســەرۆك ئۆباما زۆر سەرســام بــوون، هەروەها لە ئەورووپــاش ناتۆ. بــە دڵنیاییەوە ئەمــە وابوو. ئەمە حاڵەتەكە بوو لەو كاتەدا، بەڵام لە ئێســتادا ئەوە روونە كە تاكــە هێزێك لە عێراقدا كە توانای شــەڕكردنیان هەبێت لــەدژی داعش- بێ ئەوەی هێــزی ئێرانیان لەگەڵــدا بێت- بریتییە لە كورد. من ناڵێم ســوننەكان ناتوانن شــەڕی داعــش بكەن، چونكە لە ئێســتادا هەندێ لە هێزە خێڵەكییــەكان هاوكاری بەغدا دەكەن بۆ شــەڕكردن لە دژی داعش، بەڵام زۆرێك لە خێڵە سوننییە عەرەبییەكان خۆیان یەكلانەكردۆتەوە، چونكە حكومەتــی بەغدا كارێكی كەمی كردووە لە چاو ئەو داواكارییانەی ئەوان كردوویانە، لەبەر ئەوە ئەوان دڵنیا نین. كە پێویستە رازی بكرێن و وایان لێ بكرێت هاوكار بن. بەڵام لە ئێســتادا جگە لە پێشــمەرگە هێزێكی دیكە نییە، ئەمەش ئەو بڕیارەی لیژنەی ســەربازی كۆنگرێس روون دەكاتەوە. بەڵام ئەو رێژەیەش — كە لە سەدا ٢٠ـە- و بۆ كورد دیاریكراوە زۆر نییە، هەرچەندە ئەمە دەســتپێكێكی زۆرباشە. كەواتە وەڵامەكەی من ئەوەیە پێشــمەرگە بە راســتی هێزێكی كارایە، بەڵام ئەوەتان لە یاد نەچێت كە هەمیشە پێویستتان بە هێزی ئاسمانی ئەمریكا دەبێت.

*** هەندێ لە شــارەزایان پێیانوایــە ئیدارەی ئەمریكا ئەمجــارە بە پێچەوانەی رابــردوو ئامادەیە گوێ بۆ داواكارییەكانی كورد بگرێت، ئەمە پرسی سەربەخۆییش لە خۆدەگرێت، ئایا ئەمجارە ئەمریكا ئامادەیە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ كورددا هەبێت بە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا و تا چەند هاتنەدی ئەم پێشــبینییانە لە جێی خۆیدایە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی وترا، بەڵام دەبێت ئاگادارتان بكەمەوە كە دەســتبەجێ ئومێدێكــی زۆر گەورەتان بۆ دروســت نەبێت، چونكە ئەمریكیەكان كەســانی واقیعین و میســالی نین و ئــەوان «ریال پۆلەتیك» پیادە دەكەن، ئەوەی ئێستاش كە ئامادەی ئەنجامدانی كارێكن كە پێشــتر ئامادە نەبــوون زۆر گرنگە، بەڵام من گومانم هەیە- ئەگەرچــی ئومێد دەكەم- لەوەی ئەوەندە دوور بڕۆن. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەكانە ئەوا ئەمریكا كونسوڵگەری هەیە لە هەولێر- ئەمەش ســەرەتایەكی زۆر باشە- بەڵام تاوەكو دان بە ســەرخۆیی كوردســتاندا نەنرێت، ئەوا ناكرێت باڵیۆز هەبێت. چونكە ئەمە پێویستی بە دەوڵەت هەیە، بە دەوڵەتێكی ســەربەخۆ. كەواتە ئەمریكا تاوەكو وەك دەوڵەتێكی ســەربەخۆ لە كوردستانی عێراق نەڕوانێت،

**بنیامین نەتانیاهۆ لەگەڵ ئەوەی لەناو كۆنگرێسی ئەمریكا خاوەنی جەماوەرێكی زۆرە، بەڵام لەناو كۆشكی سپی بەو ئاستە نییە، ئەمەش لەوەڕا دەركەوت ئۆباما رەتیكردەوە بانگهێشتی نەتنیاهۆ بكات بۆ ئەوەی لە كۆنگرێس گفتوگۆیەكی جددی بكەن**

**ئەوەی ئێوە كردووتانە دژ بە داعش كەسی دیكە نەیكردووە، ئەمەش دەستكەوتێكی گەورە و رێزێكی گەورەی بۆ دەستەبەر كردوون و سەلماندووتانە هاوپەیمانێكی باوەڕپێكراون و ئەمریكاش ژمارەیەكی زۆری هاوپەیمانی باوەڕپێكراوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە**

**دەكرێت ئەمریكا لە پرسی كەركووك و پێدانی چەك و مافەكانتان لە پەیوەندی بە نەوتەوە یارمەتیتان بدات**



**بە خوێنی کورد کەرکووک پارێزراوە و بەغدا خوێنی لە کەرکووک نەڕشتووە بۆ بەرگری لێکردنی لە دژی داعش و ئەوان بواریان دا تکریت و بێجی و.. تاد داگیر بکرێت**

ئەوا ناتوانێت باڵیۆز بنێرێت. بەڵام دەتوانن ئاستی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی خۆیان بەرزتر بکەنەوە، ئێستاش کونسولگەرییان لە کوردستان هەیە. مەبەستم لەوەیە دەکرێت دیپلۆماتکاری پایەبڵند بنێرن، دەکرێت دیپلۆماتکارێك بنێرن کە لە ئاستی باڵیۆزدا بێت و وەك نوێنەرێکی باڵا بێتە هەولێر. ئەمە هەنگاوێك زیاتر وەك لەوەی هەیە، هەروەها ئەمە دەبێتە ئاماژەیەك بۆ بەغدا کە ئەمریکا بیر لەوە دەکاتەوە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئیعترافتان پێبکات، ئەمە وەك ئاماژەیەك و بەغداش دەستبەجێ لەمە تێدەگات. ئەو کاتە ئەمریکا دەتوانێت بە بەغدا بڵێت: ئەگەر ناتانەوێت دان بە سەربەخۆیی کورددا بنێن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دابەشکردنی عێراق، ئەوا دەبێت لە بەرامبەردا دان بە گرێبەستە نەوتییەکانی کورددا بنێن و داواکاری ئەلیف و با و جیم و هەتا دواییان جێبەجێ بکەن. واتە کارێك بکەن پێش ئەوەی هەنگاوێکی زیاتر هەڵگرین. ئەگەر بە راشکاوی بدوێم پێموا نییە ئەمریکا ئامادە بێت دان بە سەرخۆیی کورددا بنێت، بەڵام ئامادەیە بۆ دروستکردنی فشاری زیاتر لە سەر بەغدا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە دەتانەوێت ئەنجامی بدەن. دەبێت هەموو شتێك هەنگاو بە هەنگاو بێت.

*** واقیعەکە ئەوە دەخوازێت هەر یەکێك لە پێکهاتەکان هێزی خۆی هەبێت بۆ بەرگری لە خۆکردن، واتە شیعە و سوننە و کورد و ئێستاش ئەمریکا لە سەروبەندی ئەوەدایە هاوکاری سەربازی بەو پێکهاتانە بدات، ئایا لۆجیکی پشت ئەم هەنگاوە ئەوەیە کە ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی عێراق زەمینەسازی دەکات ؟**

- بەڵێ، پێت دەڵێم بۆچی. چونکە ئەمە هاوکار دەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق لە ژێر فشاری ئێران و فشاری میلیشیا شیعە عەرەبییەکاندایە بۆ ئەوەی بە داواکارییەکانی کورد و سوننەکان رازی نەبێت. واتە سەرۆك وەزیران ئامادەیە لەگەڵ ئێوەدا بگاتە رێککەوتن، بەڵام ئەو لە ژێر فشاری ئێران و میلیشیا شیعەکان و لایەنە شیعەکانی دیکەدایە بۆ ئەوەی رازی نەبێت بە داواکارییەکانی کورد و هەروەها بە دڵنیاییەوە بە داواکارییەکانی سوننەکان کە بە درووستکردنی حەرەسی وەتەنی بۆ هەر پارێزگایەك، تاران و میلیشیا شیعەکان دژی ئەمەن. لەبەر ئەوە ئەمریکا پێویستی بەوە هەبوو فشارێك لەسەر بەغدا دروست بکات و ئەمەش دەسترۆیشتوویەکە بەدەست ئەمریکاوە، چونکە بە بەغدا رادەگەیەنێت کە ئێمە بە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا



چەك و پارە دەدەینە كورد، هەروەها بە سوننەكانیش و ئێوە رازی نەبوون ئەم كارە بكەن، بەڵام ئێمە رازی بووین ئەنجامی بدەین و ئەم كارەش دەكەین. كەواتە دەبێت بگەنە رێككەوتن لەگەڵ كورد و سوننەكان بۆ ئەوەی هەر یەكێك لەم پێكهاتانە لە شوێنەكانی خۆیاندا هەست بە سەلامەتی بكەن، خۆ ئەگەر ئێوە ئەم كارە نەكەن، ئەوا رەنگە ئێمە دوورتر بڕۆین. دەكرێت ئەمریكا بە بەغدا بڵێت: ئەگەر بە داواكارییەكانی كورد رازی نابن، بەلای كەمەوە تا نیوەی رێگە بێن بەرەو كورد و ئەگەر ئەم كارە ناكەن ئەوا بژاردەیەكتان بۆ نامێنێتەوە، تەنها هەڵگرتنی هەنگاوی یەكلایەنە نەبێت كە مۆڵەت لە ئێوە وەرنەگرین. لەوەش زیاتر، ئەگەر ئەم كارە نەكەن و بەهۆیەوە شەڕی دژ بە داعش بە ئاقارێكی خراپدا بڕوات، ئەوا رەنگە بڕیاری ئەوە بدەین كە سەرجەم هێزەكانمان لە عێراق بكێشینەوە. ئەگەر پێویستیان بە فشار بێت لەسەر بەغدا دەتوانن ئەم كارە بكەن. هەروەها كەركوكیش بابەتی رێككەوتنە و من باسی چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەی كەركوك ناكەم، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەكرێت ئەوان ئەم كارە بكەن، بەڵام من هەوڵ دەدەم ئەگەر و بژاردەكان بخەمەڕوو لە ئایندەدا. لە پەیوەندی ئێستای نێوان ئێوە و بەغدا، ئەمریكا زیاتر لەگەڵ ئێوە و كەمتر لەگەڵ بەغدایە، ئەمە واقیعەكەیە و دەبێت ئەوەندەی دەكرێت سوود لەم بارودۆخە وەربگرن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هەروەك پێشتر وتم دەكرێت بارزانی داوای دانپێدانانی ئەمریكا بە سەربەخۆیی كورد بكات، بۆچی نا؟ بەڵام پێموایە وەڵامی ئەمریكا ئەوە دەبێت كە هێشتا نا، چونكە نامانەوێت عێراق دابەش بێت. بەڵام دەكرێت بڵێین با بزانین دەتوانن چی بۆ ئێمە بكەن و دەكرێت هەموو ئەو پێشنیار و بیرۆكانە بخەنەڕوو و داواكارییەكانتان یەك و دوو و .. هتد بخەنەڕوو، بۆی هەیە ئەمریكا و ئۆباما بە یەكێكیان رازی بن و یەكێكی دیكە رەتبكەنەوە، ئەوەیان گفتوگۆی لەبارەوە دەكەن، ئەمریكا بەم شێوەیە كارەكانی ئەنجام دەدات و كاتێكیش بەڵێن دەدەن موناقەشەی مەسەلەیەك بكەن، موناقەشەی دەكەن و بەڵێنی بەتاڵ نادەن. ئەوەی ئێوە كردووتانە دژ بە داعش كەسی دیكە نەیكردووە، ئەمەش دەستكەوتێكی گەورە و رێزێكی گەورەی بۆ دەستەبەر كردوون و سەلماندووتانە هاوپەیمانێكی باوەڕپێكراون و ئەمریكاش ژمارەیەكی زۆری هاوپەیمانی باوەڕپێكراوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە.

**دەكرێت سەرۆک بارزانی بڵێت: من داوای شتێک ناكەم لە دەستووردا نەبێت، بەڵام لە دەستوردا باس لە راپرسی كراوە، ئێستاش هەمووان لە كەركووكدا مافی ئەوەیان هەیە كە دەنگ بدەن و بڕیار لەسەر ئەوە بدەن كە چ شێوازێكی حوكمڕانی لە كەركوودا بكرێت**



# دیالێکتی رزگارکردنی موسڵ .. ئایا پێشمەرگە بەشێکە لە پلانی سەربازیی رزگارکردنی موسڵ؟

راپۆرتی / گوڵان- موسڵ

ماوەیەکی زۆرە شاری (موسڵ)ی دووەم گەورەشاری عێراق و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی تیرۆیستانی داعش، بێ ئەوەی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکانی روونکردنەوە بدەن، واتا رێوشوێن یان پلانی سەربازی و رێکاریی ئەمنی بگرێتەبەر بۆ دەرکردنی داعش لەو شوێنانە، جگە لە هەندێ لێدوانی میدیایی نەبێت، لە کاتێکدا داعش رێنمایی تازەی تایبەتی بە مانگی رەمەزان بۆ خەڵکەکە دەرکردووە، وەك بڵێی ماوەیەکی زۆر لە موسڵ دەمێننەوە.

پسپۆڕ و بەرپرسانی سەربازی چاوەڕوان دەکەن کە بەم زووانە رێوشوێنی لەناکاوی بەدوادا بێت بۆ دەرکردنی داعش لە موسڵ و بە یەکجاری رزگارکردنی شارەکە، بەڵام چۆن دەکرێ دوو ملیۆن هاووڵاتیی ئەو شارە بپارێزرێن و چۆن دەکرێ جیابکرێنەوە؟



● **موسڵ و کاتژمێری سفر**

عەمید ئەبو وەلید لە هێزی حەشدی شەعبی ستراتیژییەتێکی ئاشکراکرد کە جێبەجێ دەکرێت و سوپرایزە بۆ داعش، بەڵام ئێمە چاوەڕوانی کاتژمێری سفر دەکەین بۆ هێرشێکی بەربڵاو بۆ لەناوبردنیان بە بەشداریی عەشیرەتەکانی موسڵ و حەشدی شەعبی، لەلایەکی دیکەوە هیشام هاشمی شارەزا لە کاروباری گرووپە چەکدارەکان دەڵێت: هێزی پێشمەرگە نزیکە لە کاتژمێری سفرەوە کە هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ رزگارکردنی موسڵ لە ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعش دیاریانکردووە.

حکومەتی عێراقیش ئاشکرای کردووە کە سەردانەکەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران بۆ هەولێر و دیداری لەگەڵ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ رێککەوتن بووە لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی بەرگریی عێراق و هێزی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی موسڵ.

● **چەند سیناریۆیەك بۆ رزگارکردنی موسڵ**

چەندین سیناریۆ بۆ رزگارکردنی موسڵ داڕێژراوە و یەکێك لەو سیناریۆیانە بریتییە لە چارەسەری سەربازی، بەڵام پێویستی بە کاتە، لەبەر ئەوەی سوپای عێراق لە ئێستادا ئەو ئامادەگییەی نییە، بەڵگەشمان ئەوەیە کە شەش مانگ بەس نەبوو بۆ ئەو سوپایە تا چەکداران لە شارێکی بچووکی وەك فەلوجە دەربکات، ئەی ئەو سوپایە چەند کاتی دەوێت تا بتوانێ چەکداران لە موسڵ دەربکات؟

سیناریۆیەکی دیکە بریتییە لە چارەسەریی سیاسی لە میانی گفتوگۆکردن لەگەڵ چەکدارانی عێراق و چەند سیاسەتوانانی سوننە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیان هەیە لەگەڵ هەندێ گرووپ لەوانەش پیاوانی رێبازی نەقشبەندی و جەیشی ئیسلامی و ئەنسارولئیسلام و حەماسی عێراق و ژمارەیەکی دیکەی گرووپی نهێنی.

سیناریۆی سێیەم بریتییە لە رێککەوتنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و عەرەبی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران و سعودیە دەگرێتەوە تاکو بە یەکەوە بە شێوەی راستەوخۆ داعش دەربکەن، ئەویش بە لێدانی گورزی سەربازیی ئاسمانیی ئەمریکا، یان بە وتووێژی نهێنی لەگەڵ داعش، کە ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نییە.

● **مەینەتیی موسڵ لە ماوەی ١١ مانگدا**

دوابەدوای داگیرکردنی موسڵ لە حوزەیرانی ٢٠١٤وە لەلایەن داعشەوە، دەروازەکانی ئەم شارە لە بەردەم هاووڵاتیانی شارەکە داخراون، نەکەس دەتوانێ بچێتە دەرەوە و نە کەسیش بۆی هەیە بێتە ژوورەوە، هاوسەنگییەکانی ژیان تێکچوون و کەشوهەوای ژیانی گشتیش گۆڕاوە، هەروەها ئاستی رێنماییەکانی ئاییینیش هەر درێژەی هەیە، هاوکات سزای جەستەییش بەرەو رووی هاووڵاتیان دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، ئەمە وێڕای سەدان سوپرایزی دیکەی تیرۆریستی و تاوانکاریی کە لەم شارەدا بەرچاودەکەوێت.

ئەو شارەی ساکارترین بنەماکانی ژیانی تێدا نییە لە سایەی ئەو رەوشە نالەبارە وەك نەبوونی کارەبای نیشتمانی و پشتبەستن بە بەشداریی مانگانەی مۆلیدە ئەهلییەکان بە نرخی ٧ هەزار دینار بۆ هەر ئەمپێرێك و رێگەش نادرێت کەس لە ٥ ئەمپێر زیاتری هەبێت کە رۆژانە ماوەی ٩ کاتژمێر پێیان دەدرێت ئەویش لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆوە.

خەڵکی شارەکە بۆ چێشت لێنان و خۆشوشتن و شتی دیکە پشت بە نەوتی سووری دەبەستن کە نرخی ٢٠ لیتر بە ٢٥ هەزار دینارە و کوالیتییەکەشی زۆر خراپە و بۆنێکی ناخۆشی لێدێت کە کار لە کۆئەندامی هەناسە دەکات، ئەمەش وا دەخوازێت کە زۆربەی خێزانەکان لەبەر ئەوەی چەند مانگێکە غاز نییە لەسەر تەباخی بچووك چێشت لێدەنێن.

**چاودێران و سیاسەتوانان پێیانوایە کە بوونی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ زۆر پێویستە و بەبێ ئەو هێزە مەحاڵە سەربگرێت، چونکە لە کردەوە سەربازییەکانی دژ بە داعش ئەم ئازایەتییەیان بە تەواوی بۆ هەموو لایەک سەلماندووە**

**پسپۆڕ و بەرپرسانی سەربازی چاوەڕوان دەکەن کە بەم زووانە رێوشوێنی لەناکاوی بەدوادا بێت بۆ دەرکردنی داعش لە موسڵ و بە یەکجاری رزگارکردنی شارەکە**

**داعش چەندین بڕیاری بۆ مانگی ڕەمەزان دەرکردووە هەر لە هێشتنەوەی ریش و قەدەغەکردنی کردنەوەی سەرتاشخانەکان و گۆڕینی پشوو لە شەممەوە بۆ پێنج شەممە**

**پارێزگاری نەینەوا داوای لە ڕۆڵەکانی موسڵ کرد هاوکاری بکەن بۆ دەربازبوون لەم مەینەتییە، چونکە لەو باوەڕەدایە خەڵکی موسڵ توانای گۆڕینی ئەم واقیعەیان هەیە**

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش چەندین بڕیاری بۆ مانگی ڕەمەزان دەرکردووە کە هێشتا ٥٠ ڕۆژی ماوە، هەر لە هێشتنەوەی ریش و قەدەغەکردنی کردنەوەی سەرتاشخانەکان، وێڕای خوێندنی بەزۆریی لە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکاندا، دوای لابردنی وانەکانی مێژوو و ئابووری و ئەدەب، هەروەها ڕێگەنەدان بە ئافرەتان بۆ چوونە بازاڕ لە مانگی ڕەمەزاندا، دواتریش گۆڕینی پشوو لە شەممەوە بۆ پێنج شەممە.

## ● مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی داعش

چەکدارانی داعش بە شێوەیەکی زۆر فراوان بە پارێزگای موسڵدا بڵاوبوونەتەوە، بە گوێرەی دوا زانیارییەکان کە دەست گوڵان کەوتووە، هێزێکی زۆر لە شاری ڕەقەوە گەیشتۆتە موسڵ، لەترسی هەر شتێکی لەناکاودا، ئەو هێزانە بە نۆرە لەسەر دووڕیان و شەقام و فەرمانگەو کوچە و بازاڕەکاندا بڵاودەبنەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بە چڕیی لە ماڵەکانی ناوەڕاستی شاردا دەمێننەوە و نایەنە دەرەوە، هاوکات لاوان ناچار دەکەن ئەوانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ١٨ ساڵی بچنە ریزەکانی داعشەوە، بەپێچەوانەوە دەبێت هەر یەکەیان ٥٠٠ هەزار دینار بدەن، هەروەها ناهێڵن کەس بێتە ناو شارەوە، یان بچێتە دەرەوە، تەنیا ئەگەر بۆ تیمارو چارەسەرکردن بچنە شاری ڕەقەی سووریا، ئەویش دوای ئەوەی لێیان دڵنیا دەبن.

## ● تەماعکاری داعش بۆ لاوانی موسڵ

ڕێکخراوی داعش ڕێگەیەکی بۆ هاندانی لاوان بەمەبەستی هاوسەرگیریی ڕاگەیاندووە بە مەرجێ بێنە ریز ئەو ڕێکخراوەوە ئەوانەی کە تەمەنیان لەسەرووی ٣٢ ساڵدایە، ئەوان ئاڵتوونەکانیان پێ دەدەن و بۆیان هەیە لەو کەلوپەلانەش ببەن کە لە ماڵەکانی مەسیحی و شەبەك و کوردو تورکمان دەستیان کەوتووە، وێڕای مووچەی ٥٠٠ هەزار دیناری مانگانە، بۆیە زۆر لەو لاوانە لەبەر ئەو تەماعانە بەگەڵیان دەکەون، بەڵام هەندێ کەس بە نهێنییەوە لە موسڵەوە و بەرێگەی جیاواز و سەختدا هەڵدێن، بەشەو دەردەچن و بە ڕێگەی جیاوازو دووردا دەڕۆن تا دەگەنە شاری دیکە، لەوانەش ڕێگەی شنگال لەسەر سنووری سووریا دواتر بۆ قائیم ئینجا ئەلنەخیل و لەوێشەوە بۆ کەربەلا، یان بەغدا، لەکاتێکدا بەهەموو شێوەیەك قسەکردن بە مۆبایل قەدەغەیە و سەرپێچیکاریش ٣٠ جەڵدەی لێدەدرێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا زانیاری لەسەر ڕەوشی موسڵ نەدەنە دەرەوە، کاتێك تۆڕیش لاوازدەبێت، خەڵکەکە ناچاردەبن لە سەر شوێنی بەرز، یان لە ئاقاری شارەکە پەیوەندی بکەن.

## ● ئایا هەموو ئەوانەی لە موسڵن داعشن؟

غانم عابد کە شرۆڤەکارێکی سیاسیی خەڵکی موسڵە دەڵێت: زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لەم شارەدان، بۆیە نازانرێ ڕەوشی ئەوان چۆنە، ئایا زۆرینەیان بوونەتە داعش، دوای ئەو ڕەوشە خراپەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی شارەکە، کە کەلوپەلی خۆراك کەمی کردووە و کارەباش بەردەوام بڕاوە، هەروەها بەرزبوونەوەی لە رادەبەدەری نرخی سووتەمەنی و غازی چێشت لێنان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی چەك لە خەڵکەکە سەندراوەتەوە و سەرجەم جومگەکانی شارەکە کەوتوونەتە دەست داعش و ترس و تۆقینیان خستۆتە دڵ و دەروونی خەڵکەوە، ئەویش بەو هەڵسوکەوتە تاوانکارییە قێزەوەنانە، کاتێك هاتنە ناوشارەکەوە کەوتنە گیانی کارمەندانی سوپاو هاووڵاتیانی مەسیحی و شەبەك و کورد بە گشتی، ئەمە وێڕای کردەوەی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان و حەڵاڵکردنی ئافرەتانیش بۆ خۆیان بە بێ هیچ مەرجێك.

## ● ئایا پێشمەرگە لە سیناریۆی رزگارکردنی موسڵدایە؟

زۆر لە چاودێران و سیاسەتوانان پێیانوایە کە بوونی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسڵ زۆر پێویستەو بەبێ ئەو هێزە مەحاڵە سەربگرێت، دوای ئەوەی بە تەواوی لە کردەوە سەربازییەکانی چەند مانگەی شەڕی دژ بە داعش ئەم ئازایەتییەیان سەلماند، بۆ ئەم مەبەستە ئەسیل نجێفی پارێزگاری نەینەوا داوای لە ڕۆڵەکانی موسڵ کرد هاوکاری بکەن بۆ دەربازبوون لەم مەینەتییە، هەروەها ڕوونی کردەوە کە لەو باوەڕەدایە خەڵکی موسڵ توانای گۆڕینی ئەم واقیعەیان هەیەو لە ڕۆژانی دادێ ئەم گۆڕانکارییە ڕوودەدات. هاوکات وتەبێژ بە ناوی حیراکی شەعبی عێراق رایگەیاند کە بوونی پێشمەرگە لە رزگارکردنی موسڵ زۆر پێویستە و بێ ئەوان ناکرێ.

شاری موسڵ کە ناوەندی پارێزگای نەینەوایە و دەکەوێتە سەر ڕووباری دیجلە دووەم گەورە شارە داوای بەغدای پایتەخت، ئێستا لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە، بۆتە خراپترین شاری عێراق، کە پێشتر ناوەندی گرنگی بازرگانی بوو لە عێراقدا، چونکە شارێکی نزیکە لە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سووریاوە، ساڵانەش ڕێژەی بازرگانی لەم شارەدا دەگەیشتە ملیۆنەها دۆلار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ وە تاکو ئێستا بۆتە مۆڵگەی تیرۆر و کاولکاری و نەخشەدانان بۆ ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان لەلایەن تیرۆیستانی داعش و چەندین گرووپی دیکەی چەکداری لە ژێر ناوی جیاجیادا.

# ئەگەری سەلماندنی مافەکانی کورد لە سووریا

بیرۆکەیەك کە هێشتا بە تەواوی گەڵاڵە نەبووە و خەریکە رژێمی سووریا لێکیدەداتەوە و تاوتوێی دەکا، ئەویش بەکارهێنانی کارتی کوردە بۆ چاککردنی رەوشی خراپی لە ناوخۆ و وەك فاکتەرێکی فشاریش بۆ سەر نەیارەکانی. ئەوەی کە تا ئێستا هەیە، هەندێ لێدوانی پچڕپچڕە سەبارەت بەوەی کە رژێم بیر لە ناسینی کورد وەك گرووپێکی ئیتنیکیی جیاواز دەکاتەوە و ئامادەشە دان بە مافی رۆشنبیریدا بنێ و تەنانەت دەشێ واوەتریش بڕوا و مافی ئیداریش بسەلمێنێ.

بە شێوەیەکی راشکاوانە، ئەمە بەم مانایە دێ کە رژێمی سووریا دەیەوێ کورد بەلای خۆیدا راکێشێ و لە خۆڕاگری و ناوبانگەکەی (بەتایبەتی پاش کۆبانێ) سودمەند بێ. راشکاوانەتریش، بە کردەوە زەمینەیەك بۆ لێك نزیکبوونەوەی کورد و رژێمی سووریا هەیە. چونکە هەردووکیان هەڕەشەی داعشیان لەسەرە و هەردووکیشیان پەیوەندییەکی گرژیان لەگەڵ تورکیادا هەیە. بەڵام جیاوازیشیان لە نێواندا هەیە. گەورەترین جیاوازی ئەوەیە کە کورد لە کاتێکدا پەیوەندیی گرژی لەگەڵ داعش و بەرەی نوسرەدا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی گرژی لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی سووریا و سوپای ئازادی سووریادا نییە و خۆیشی بە بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن دەزانێ.

رێککەوتن لە نێوان کورد و رژێمی سووریا، دیمەشق بەوە پابەند دەکا کە مافی کورد بسەلمێنێ. ئەمەش خۆی لەخۆیدا خاڵێکی ئەرێنییە. بەڵام رێککەوتنەکە کوردیش بەوە پابەند دەکا کە لە یەك سەنگەردا لەگەڵ رژێمی سووریا دژایەتیی داعش و نوسرە و ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووریا و ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا بکا. ئەمەش خۆی لەخۆیدا خاڵێکی نەرێنییە.

ناساندنی مافەکانی کورد لە سووریا، کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ تورکیا دروست دەکا، دەشبێتە فاکتەرێکی کارا بۆ هاندانی کوردی تورکیا بۆ پێداگرتن لە سەر بڕێکی دیاریکراوی دەستکەوت کە بە هیچ شێوەیەك لە دەستکەوتی کوردەکانی سووریا کەمتر نابێ. رەنگە وروژاندنی ئەگەری سەلماندنی مافەکانی کورد لە سووریا، خۆی لەخۆیدا تاکتیکێکی زیرەکانەی دیمەشق بێ بۆ زیاتر تەنگهەڵچنین بە ئەنکەرە. بەڵام مەسەلەکە لە وردەکاریدا زۆر تەگەرەی دێتە بەردەم، بەتایبەتی لە کاتی دیاریکردنی سنووری «نیشتمانییە لۆکاڵەکەی» کورد لە چوارچێوەی سووریا. ئاشکرایە کە کوردستانی داواکراوی کورد جیایە لە کوردستانی سەلمێندراوی رژێمی سووریا. کورد هەموو ناوچەکانی سەر سنووری سووریا - تورکیا بە کوردستان دەزانێ و لە کێشانی نەخشەی نەتەوەییدا پشت بە سنووری ئیداریی قەزا و ناحیەکان دەبەستێ، لەکاتێکدا دیمەشق سنووری ئیتنیکی دەکاتە بنەما و سنووری ئیداری پشتگوێ دەخا. ئەمەش ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە ناوچە کوردنشینەکان بەسەر سێ پارچەی لێکدابڕاودا دابەش دەبن و رووبەرەکەیان بە ئەندازەی ٧٥٪ تەنگەبەر دەبێتەوە.

رەنگە لەم بارودۆخەی ئێستادا لە بەرژەوەندیی دیمەشقدا بێ کە لەمپەرێکی کوردنشین لە نێوان سووریا و تورکیادا هەبێ، بەڵام لە دوورنمای ستراتیژیدا بوونی لەمپەر لە بەرژەوەندیی سووریادا نابێ، چونکە دیمەشق پێویستی بەوە هەیە کە خاڵی سنووری راستەوخۆی لەگەڵ تورکیادا هەبێ. ئەمەش وای لێ دەکا، سوور بێ لەسەر هێشتنەوەی ناوچەکانی زۆرینەی کوردنشین بە لێکدابڕاوی.

لە رووی سیاسییەوە، بۆ کوردی سووریا رێککەوتن و رێکنەکەوتن لەگەڵ رژێمی سووریا هەردووکیان کێشەیان لێدەکەوێتەوە. لە دەستدانی دەرفەتێك بۆ بە دەستهێنانی هەندێ دەسکەوتی مێژوویی، لێپرسراوەتییەکی دژوارە. لە سیاسەتیشدا ئەوە باوە کە ئەو دەرفەتەی ئەمڕۆ چنگ دەکەوێ، رەنگە دووبارە نەبێتەوە. لە هەمان کاتدا، هەر رێککەوتنێك لەگەڵ دیمەشقدا، کورد لە پشتیوانیی رۆژئاوا بێبەش دەکا و هیچ بەهایەك بۆ ناوبانگی کورد وەك تێکشکێنەری داعش ناهێڵێتەوە، سەرباری ئەوەی کە هەر رێککەوتنێك لەگەڵ دیمەشقدا هیچ گەرەنتییەکی بەردەوامبوونی نییە.

دیار نییە کورد چ هەڵوێستێکی دەبێ. ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە بۆ کورد هەموو بژاردەکان سەختن.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گولان دەینووسێت



## جۆرج ئیمیل ئیرانی

### تایبەتمەند لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کێشەکانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا دەچێت و دەبێت بە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت چارەسەر بێت

**پرۆفیسۆر جۆرج ئیمیل ئیرانی ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ئەمریکی لە کویت و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە سەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی کەنداو. بۆ قسەکردن لە سەر ئەو ناسەقامگیرییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەگەر لە مێژووی ئەوروپا بڕوانین، دەبینین شەڕی سی ساڵەی ئایینی، بە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت کۆتایی هات و لەئەنجامدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو. حاڵی حازر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە هەمان ئاراستەی شەڕی تایفەگەری و ئایینیدا دەڕوات. ئایا بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك هەمان چارەسەر –جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت- دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- هاوتەریبییەك هەیە لەگەڵ شەڕی سی ساڵەدا، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت کە دەرئەنجامی شەڕی سی ساڵە دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری بوو. ئەمە دەستەواژە سەرەکییەکەیە «دەوڵەتی نەتەوەیی» بە مانای بوونی کۆمەڵە خەڵکێك کە زمان و کەلتور و داب و نەریتی هاوبەشیان هەیە، هەروەها دامەزراوەی هاوبەشیان وەك حکومەت و پەرلەمان و پۆلیس و سوپا هەیە، هەروەها سنوورەکان کە سەروەرییان هەیە، ئەمە زۆر گرنگە. ئەمە جیاوازییەك، جیاوازییەکی دیکە ئەوە بوو کە شەڕی سی ساڵە، شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ و شۆڕشی پیشەسازی بەدوادا هات، بەڵام لە راستیدا ئەم دوو شۆڕشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویان نەداوە، لە بەشە عەرەبییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە پەیوەندی بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانین ئاماژە بە ئێران بکەین، کە دەوڵەتێکی کۆنە و بۆ هەزار ساڵ و بگرە زیاتر پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و خاوەنی کەلتوور و سەرچاوەی سروشتییە وەك نەوت و.. تاد. دەوڵەتێکی دیکەی نەتەوەیی بریتییە لە تورکیا، کە لە دوای تێکشکاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاتەئاراوە، کە لێرەدا ئەوەی ئەتاتورك ئەنجامی دا، ئەوەیە کە ئێوە باسی دەکەن کە بریتییە لە جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، کە ئەو-ئەتاتورك- جیاکردنەوەی ئایینی لە سیاسەت بەسەر تورکەکاندا سەپاند. دەوڵەتێکی نەتەوەیی دیکە- کە زیاتر دەستکردە- بەڵام هێشتا دەوڵەتێکی نەتەوەییە، بریتیە لە ئیسرائیل، کەواتە ئەمانە سێ دەوڵەتی نەتەوەیین لە ناوچەکەدا.

*** ئایا دووبارە داڕشتنەوەی سنورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابێتە هۆی کەمکردنەوەی کێشەکان؟**

- ئەمە کارێکی باشە، بەڵام پێموایە کێشەگەلێك هەن کە دەبێت چارەسەر بکرێن لەم بەشەی جیهاندا و لە ناو خودی ئیسلام خۆیدا. یەکەمیان بریتییە لە کێشەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، کە لە عەرەبیدا دەوترێت: «الاسلام دین و دولة»، واتە پێکەوەن، هەروەها ئەمە لە یەهوودیەتیشدا هەیە، کە باس لە خاکی ئیسرائیل و تەورات –کتێبی پیرۆز- و خەڵکی ئیسرائیل دەکرێت، کە ئەمانە پێکەوەن. واتە دەوڵەتی جوولەکە، بەڵام سەرکەوتوو بوون لەوەی تا رادەیەك جیاکردنەوەیان ئەنجام داوە، ئەمە کێشەی یەکەمە. کێشەی دووەم بریتییە لە مافی ئافرەتان و بەهێزکردنی پێگەی ئافرەتان، ئەمە زۆر گرنگە لەم بەشەی جیهاندا و بەتایبەتی لە بەشە عەرەبییەکەیدا، ئەوەی پەیوەستە بە پێشکەوتنەوە، ئومێدکە ئەوەیە ئافرەتان چالاکن و شەڕی مافەکانیان دەکەن و چیتر پێگەی ملکەچی قبوڵ ناکەن. دوایین کێشە بریتییە لە لیبوردەیی و یەکترقبووڵ کردن، کە ئەوەی هەیە خراپترین نموونەی نالێبوردەیی و یەکتر قبووڵنەکردنە. کە ئەمەش شتێکی نوێیە بۆ ئەم ناوچەیە، چونکە بە درێژایی مێژووی عەرەب و عوسمانییەکان پێکهاتەکان پێکەوە ژیاون، ئەرمەنی و کورد و مەسیحی و جوولەکە. واتە لە شارەکاندا خەڵکانی خاوەن کەلتوور و ئایینی جیاواز ژیاون. ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین پێچەوانە بوونەوەی ئەو دۆخەیە.

*** لە دوای رووخانی دیکتاتۆرەکان لە بەهاری عەرەبیدا، پارتە ئیسلامییەکان گەشەیان کرد، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ رادەیەك پشتیوانی رۆژئاوا بۆ دیکتاتۆرەکان بووە هۆی نائومێدکردنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی دیموکراسی و عەلمانییەتەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکا هاوپەیمانی دیکتاتۆر و پاشاکانی ناوچەکە بووە؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە بەشێکی زۆری راستی تێدایە. بەڵام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشە عەرەبییەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاکە ناوچەی جوگرافی نییە کە دیکتاتۆریەت تێیدا حوکمڕان بووبێت. بەڵکو لە ئەمریکای لاتینیشیدا بوونی هەبووە، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە چیلی و ئەرجەنتین. هەروەها ویلایەتە

**ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارددا تێڕوانینی هەبوو بۆ شەڕکردن لە پێناو جیهانی ئازاد لە دژی کۆمۆنیزم. لە ئێستادا سیاسەتی دەرەوەی لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی بەرژەوەندییەوە دەستی بەسەردا گیراوە، لە دەرئەنجامدا سیاسەتێکی دەرەکی جێگیری نییە**

**زۆر کەس لە واشنتۆن ئیدارەی ئەمریکیان ئاگادارکردەوە کە دەبێت وریا بێت و عێراق داگیر نەکات، ئەگەر پلانی «ب» نەبێت. کە هەرگیز پلانی « ب» نەبوو، ئیدارەیەکی هەڵەی بارودۆخەکەیان کرد و هەڵەیان کرد و سوپای عێراقیان هەڵوەشاندەوە و ملیۆنەها دۆلاریان بە هەدەر دا و دابەشبوونی زیاتریان لە ناوچەکەدا درووستکرد**

**پێموا نییە هەوڵی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و خۆشکردنی ئاگری یاخیبوونی تایفەگەری سەرکەوتوو بێت. ئێوە لە من باشتر دەزانن کە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا پەیوەندی هاوسەرگیری هەیە**

**مەسەلەی هیلالی شیعە مایەی کێشەیە، چونکە شیعە کەمینەیە لە ناوچەکەدا، هەروەها لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا شیعەکانی عێراق پشتیوانی رژێمەکەی خۆیان دەکرد و پاڵپشتی ئێران و (خومەینی) یان نەدەکرد**

**ئێرانیەکانیش ئەو راستییە دەزانن کە هەناردەکردنی شۆڕش و تەلاعوبکردن بە حوسییەکان- یان هەر لایەنێکی دیکە زۆر دوور ناڕوات**

**شۆڕشی پیشەسازی شێوازی بەرهەمهێنان و شێوازی پەیوەندییەکانی لە نێوان خەڵکدا گۆڕی. ئەمە لەم بەشەی جیهاندا بەدی ناکرێت کە هەموو داهاتیان لە رێی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەهێنن، ئەمە دەوڵەتی مۆدێڕن دروست ناکات**

یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا پشـــتیوانی دیکتاتۆرەکانی دەکـــرد، با ئەمەمان لە بیـــر نەچێت. ئەم وڵاتانەش کە بە حوکمڕانی دیکتاتۆریەتـــدا تێپەڕین هەلومەرجێکی پـــڕ ئازاریان بینی، نەك لە ئێســـتادا- لەبەر ئەوەی لە ئێســـتادا لە دیموکراســـی بەهرەمەندن- چونکە ئەوان کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزیان هەبوو، کە ئەمە بوونی نییە لەم بەشەی جیهاندا. ئێرانیش خاوەنی کۆمەڵگەی مەدەنییە، مەبەستم لە رۆشنبیران و پزیشکان و کەسانی پرۆفیشناڵە ئەمانە لە جیهانی عەرەبیشدا بوونیان هەیە، بـــەڵام رێکخراو و بەهێز نین، بەڵکـــو کپکراون لەلایەن رژێمـــە دیکتاتۆرییەکانـــەوە. دەبێت ئەمەمـــان لە بیر نەچێت. مەســـەلەیەکی دیکە ئەوەیـــە ئایا دەوڵەت لەم بەشـــەی جیهاندا بە مانای چـــی دێت کە ململانێیەك هەیە لەم بەشـــەی جیهاندا لە نێوان پان عەرەبیزم و پان ئیسلامیزمدا؟ ناســـیونالیزمی عەرەبی و دروستکردنی نەتەوەی عەرەبی، وەك ئەوەی جەمال عەبدولناســـر لە میسر کاری بۆ دەکرد، کە بە شکستێکی گەورە کۆتایی هات. هەروەها پان ئیسلامیزمت هەیە کە بریتی بوو لە شۆڕشەکەی ئێران و خومەینی و.. هتد، کە ئەویش بە کارەســـات کۆتایی هات. کەواتـــە دەبێت کارێك بکرێت رێـــز لە بەهـــا کەلتوورییەکان و بەهـــا ئایینییەکانیش بگیرێـــت، هەروەها ئومێدێك بگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجان کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازیان هەیە و دیموکراســـی و ئازادی زیاتریان دەوێت، هەروەها داوای دەرفەت دەکەن لـــە ئاینـــدەدا، دەرفەتی کار و.. تاد. ئەمە پرســـێکی گەورەی حکومەت و حوکمڕانییە کە گرنگە لە یادمان بێت.

*** لە ئێســـتادا و لەچوارچێوەی رژێمی بەشار ئەسەد کەمینـــەی شـــیعە حوکمڕانـــی دەکات، ئەگـــەر ئەو رژێمە گۆڕا و لە ســـووریا زۆرینـــە حوکمڕان بن، ئایا هەمان ســـیناریۆی عێراق دووبارە نابێتەوە؟ چونکە لە دیموکراسیدا زۆرینە حوکم دەکات، لە کاتێکدا ئەمە لە عێراقدا نەبووە چارەسەر، ئەی چارەسەر چییە؟**

- لە راســـتیدا دەبێـــت گەلانی ئەم وڵاتانـــە بڕیاری ئـــەوە بدەن کە ئایا چارەســـەر چییە. ئەگـــەر ئێمە لە کەیســـی یوگسلافیای پێشـــوو بڕوانین، ئەوا ژەنەراڵ تیتۆ ســـرب و کـــروات و کۆســـۆڤیەکانی ناچار کرد پێکەوە ببنە یوگســـلافی، بەڵام ئەو دۆخە هەرەســـی هێنا بەهۆی دڵڕەقی میلۆســـۆڤیچ و رەگەزپەرســـتی و .. تاد. مەســـەلەکە پەیوەستە بە ســـەرکردایەتییەوە، بە بوونی- ســـەرکردەی خـــاوەن تێڕوانینەوە- کە ئومێد بـــدات بە خەڵکەکە و هەروەها خەڵکەکە خاوەنی دەنگی خۆیـــان بن، جیـــاوازی هەیە لەوەی لە دیموکراســـیدا بژیت و ئەوەی بەشـــێك بێت لە دەوڵەت. دیموکراســـی بە مانای ئەوە دێت خەڵکی دەنگ دەدات و بەشـــداری دەکەن و حوکمڕانەکانیان دەخەنە بەردەم بەرپرســـیارێتی، کە ئەمە لە ناوچەکە غائیبە، بەرپرســـیارێتی شـــتێکە دەبێـــت بیری لێ بکەینەوە. بـــەڵام ئەمە کاتی دەوێت، ئەگەر بیر لە شۆڕشـــی فەرەنســـی بکەینەوە کەوا لە ســـاڵی ١٧٨٩دا ڕوویدا دەبینین کە سەدەیەکی پێچوو بۆ ئەوەی فەرەنســـا دیموکراسی بێت. لەبەر ئەوە دەبێت ئارامگر بیت. هەروەها ســـەرەڕای ئـــەوەش ململانێی هێزە گەورەکان هەیە، ئەمریکا و رووســـیا و چین و... تاد، کـــە ئەمانە دۆخەکە خراپتر دەکـــەن. لە کۆتاییدا ئەمەش گرنگی لەوانی دیکـــە کەمتر نییە، مێژووی ئەورووپاش مێژوییەکی زۆر ئاشتییانە نییە، کە جەنگی جیهانی دووەم روویداو ســـوپای ئەمریکا —مارینز- لە ساڵی ١٩٤٤دا دەستێوەردانی کرد و کیشوەری ئەورووپای لـــە نازیەت و هیتلـــەر رزگار کرد. لەبـــەر ئەوە ئەمە کاتی دەوێت، هەروەها دەســـتێوەردان لێرەدا بۆتە مایەی کارەســـات، نموونەی وەك عێراق و سووریایە. لەبەر ئەوە دەبێت خەڵکەکە خۆیان بڕیار بدەن چییان دەوێت. دەکرێت فیدراڵییەت هەبێت لە نێـــوان پێکهاتە جیاوازەکان وەك کورد و عەلەوی و شیعە و سوننە و دەکرێت ئەوە یەکێك بێت لە چارەسەرەکان.

*** ئایا وڵاتە تازەگەشەکردووەکان تا چەند دەتوانن سوود لە ئەزمونی وڵاتە گەشـــەکردووەکان وەربگرن؟ چونکە بیروبۆچونێك هەیە پێیوایە ناکرێت دەقاودەق ئەو مۆدێلە بگوازرێتەوە و دەبێت وڵاتان خۆیان پەرە بە دامەزراوەکانی خۆیان بدەن، واتە ئایا ئێمەش ناچارین هەمان مێژووی خوێناوی ئەوروپا دووبـــارە بکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە ئەو قۆناغی پێشکەوتنە؟**

- ئەگەر رۆژهەڵاتی ئاســـیا بـــە نموونە وەربگرین کە نموونەی مالیزیا و ســـەنگافورە هەیە کە جێی بایەخن، ئەوان کۆلۆنیالی پێشـــوی ژاپۆنی و بەریتانی بوون و دواتر ســـەرۆك لی کوان یو دەوڵەتشـــارێکی مۆدێڕنی دروستکرد، کە زۆر گەشـــەکردوو بوو، لەسەر بنەمای بازرگانی ئازاد و کارکردنی ئازاد، بەڵام لەسەر بنەمای ئەوەی دیموکراسیش لە بیر خۆتان ببەنەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی نەبوو، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەروەها بەڕازیل کە سەرەڕای ئەو هەموو کێشانەی رووبەڕووی بۆتەوە، بەڵام لە رووی ئابووریی هێزەکەی لە گەورەبووندایە. بە هەمان شـــێوە هیندستان. هەروەها لە هیندستاندا دیموکراسی هەیە و خەڵك دەنگ دەدەن و ئەوەش گرنگە کە گەورەترین دیموکراسیەتە لە جیهاندا. ســـەدەیەکی پێچوو تاوەکو عـــەرەب دەوڵەتی نەتەوەیی

دروست بکات، ئێستا ئەو دەوڵەتانە هەڵدەوەشێنێتەوە، کەواتە توندوتیژی و خوێنڕێژی و پشێوی بە دوای خۆیاندا دەهێنن وەك ئەوەی بەرامبەر بە کەمینە و مەسیحییەکان دەکرێت، یان دەبینین چی بەسەر خەڵکی سووریادا دێت. کە مەرج نییە پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێت. بەڵام ئایا هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت؟. خاڵێکی دی کە گرنگییەکەی لەوانی دیکە کەمتر نییە دۆخی کەمینەکانە کە جێی داخە، هەروەها ڕەهەندێکی دیکە بریتییە لە ڕەهەندی ئابووری. شۆڕشی پیشەسازی شێوازی بەرهەمهێنان و شێوازی پەیوەندییەکانی لە نێوان خەڵکدا گۆڕی. ئەمە لەم بەشەی جیهاندا بەدی ناکرێت کە هەموو داهاتیان لە ڕێی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەهێنن، ئەمە دەوڵەتی مۆدێرن دروست ناکات. کە دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت.

*** کێشەی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکی دیکەیە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان، لە پاڵ کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا، ئایا چۆن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەڕوانن و چ پێشبینی و تێڕوانینێکتان لەم بارەیەوە لا گەڵاڵە بووە؟**

-ئەمە پرسیارێکی گرنگە و من جارێك یان دوو جار سەردانی هەولێرم کردووە و چوومەتە سلێمانی و ناوچەکەم بینیوە. پێموایە هەنگاوی باشتان هەڵگرتووە و بەرەوپێش چوون، دەتوانم بڵێم بناغەی دەوڵەتی مۆدێرنتان هەیە، بەڵام ئایا ئەمە دێتەئاراوە و دروست دەبێت؟ من نازانم. حاڵی حازر ئێوە خاوەنی خۆبەڕێوبەرین، زمانی خۆتان هەیە و دەنگ و رادیۆی خۆتان هەیە و حکومەتی هەرێمی خۆتان هەیە.کەواتە ئێوە زۆر نزیکن، بەڵام ئەمە بەندە بەوەی چی بەسەر برا و خوشکەکانتاندا دێت لە سووریا، هەروەها لە تورکیاش- کە ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە.من هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم و ئومێد دەکەم ببنە مۆدێلێك.

*** ئایا جەمسەرگیری نێوان تورکیا و ئێران و سعودیە تا چەند دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات و دەبێتەهۆی دروستکردنی کێشەی درێژخایەنتر لە ناوچەکەدا کە ڕەنگە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەورە هێزەکانی وەك ئەمریکا و رووسیا و چین پەلکێش بکرێن بۆ ئەم دۆخە، بۆچوونتان لەمبارەیەوە چییە؟**

- ئەمە کێشەیەکی کورتخایەنە و ئێرانیەکانیش ئەو راستییە دەزانن کە هەناردەکردنی شۆڕش و تەلاعوبکردن بە حوسییەکان- یان هەر لایەنێکی دیکە- زۆر دوور ناڕوات. پێموایە ئامانجی سەرەکی سەرکردایەتی ئێستای تاران بریتییە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و بە دڵنیاییەوە لە دەرئەنجامدا هەموو ئەو لایەنە ئیجابییانەی بۆ ئێران لێی دەکەوێتەوە، وەك زیادبوونی داهات و فرۆشتن و بازرگانی و .. تاد. کەواتە ئەوان چاویان لەمەیە. بەڵام مەسەلەی هیلالی شیعە مایەی کێشەیە، چونکە شیعە کەمینەیە لە ناوچەکەدا، هەروەها لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا شیعەکانی عێراق پشتیوانی رژێمەکەی خۆیان دەکرد و پاڵپشتی ئێران و (خومەینی)یان نەدەکرد. لەبەر ئەوە پێموا نییە هەوڵی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و خۆشکردنی ئاگری یاخیبوونی تایفەگەری سەرکەوتوو بێت. ئێوە لە من باشتر دەزانن کە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا پەیوەندی هاوسەرگیری هەیە. ئەمانە هەوڵی هێزە دەرەکییەکانی ناوچەیی و جیهانین بۆ ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری لە ناوچەکەدا بێتە ئاراوە، بەڵام پێموا نییە لە مەودای دووردا بەردەوام بێت.

*** سەرەڕای هەمووی ئەو کێشە و ئاڵۆزییانە دەبینین ئەمریکا سیاسەتێکی روونی نییە، نایەوێت، یان ناتوانێت کێشەکان بە خێرایی چارەسەر بکات و دۆخی ناوچەکە سەقامگیر بکات. ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەرەو داکشان و جیهانیش بەرەو فرەجەمسەری دەچێت؟ تێگەیشتنی ئێوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەم ڕووەوە چییە؟**

- بەدڵنیاییەوە، شەڕی ناوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە و سیاسەتی دەرەکی مایەی کارەسات بووە، دوایین نموونەی کارەساتیش بریتییە لە عێراق، کە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ و داگیری کرد کە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی لێکەوتەوە. زۆر کەس لە واشنتۆن ئیدارەی ئەمریکایان ئاگادارکردەوە کە دەبێت وریا بێت و عێراق داگیر نەکات، ئەگەر پلانی «ب» نەبێت. کە هەرگیز پلانی « ب» نەبوو، ئیدارەیەکی هەڵەی بارودۆخەکەیان کرد و هەڵەیان کرد و سوپای عێراقیان هەڵوەشاندەوە و میلۆنەها دۆلاریان بە هەدەر دا و دابەشبوونی زیاتریان لە ناوچەکەدا دروستکرد.

ئەمریکا لە سەردەمی شەڕی سارددا تێڕوانینی هەبوو بۆ شەڕکردن لە پێناو جیهانی ئازاد لە دژی کۆمۆنیزم. لە ئێستادا سیاسەتی دەرەوەی لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی بەرژەوەندییەوە دەستی بەسەردا گیراوە، لە دەرئەنجامدا سیاسەتێکی دەرەکی جێگیری نییە. مەسەلەی دووەم ئەوەیە کە لە واشنتۆن، کۆنگریس پارتێکی جیاواز تێیدا باڵادەستە و سەرۆکێکی دیموکراتی هەیە لە کۆشکی سپیدا. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە وڵاتێکی بەهێز نییە، هێشتا ئەمریکا بەهێزترین وڵاتی جیهانە بە بەراورد بە چین و رووسیا، چین و رووسیا ڕێگەیەکی دوور و درێژیان لە پێشە بۆ ئەوەی بگەنە ئێستای ئەمریکا.

**دیموکراسی بە مانای ئەوە دێت خەڵکی دەنگ دەدات و بەشداری دەکەن و حوکمڕانەکانیان دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتی، کە ئەمە لە ناوچەکە غائیبە**

**دەبێت کارێک بکرێت ڕێز لە بەها کەلتوورییەکان و بەها ئایینییەکانیش بگیرێت، هەروەها ئومێدێک بگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجان کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازیان هەیە و دیموکراسی و ئازادی زیاتریان دەوێت**

**بە درێژایی مێژووی عەرەب و عوسمانییەکان پێکهاتەکان پێکەوە ژیاون، ئەرمەنی و کورد و مەسیحی و جوولەکە. واتە لە شارەکاندا خەڵکانی خاوەن کەلتوور و ئایینی جیاواز ژیاون. ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین پێچەوانە بوونەوەی ئەو دۆخەیە**

# دیموکراتییەت و فەلسەفەی دەوڵەت



د. ئەنوەر بەرزنجی*

(John Dunn) لە شاکارەکەیدا بە ناوونیشانی ((Democracy:A History)) لەسەر خەوشەکانی دیموکراسییەت و ئاستەنگەکانی دەنووسێت: ئەو هێزە سیاسییەی لە ناواخنی وشەی دیموکراتیەتدا هەبوونی هەیە، وەك فیکر باربووی بەهێزێتی بیرۆکەکە ناداتەوە، تەنانەت ئەو هێزە سیاسییەی لە ناواخنی ئەو وشەیەدایە، بە هیچ شێوەیەك ڕۆڵی پەرجوویەکی هەمیشەیی نابینێت، یەکەمین مامۆستاش لەم بارەیەوە کە (ئەفلاتوون)ـە لەوە زیاتر ڕوونیکردۆتەوە و نەیشاردۆتەوە کە هێزێکی فیکری لە دیموکراتیەتدا هەیە و وەك بیرۆکەیەکی بێزراو لە ساتەوەختی جێبەجێکردنیدا ڕێپێدەری ئانارشیزمیەتە، بەوەی کە دەسەڵات دەسپێرێت بە هەژاران، یان دەسەڵات لە کەسانێك نزیك دەخاتەوە کە بێشەرمی و هیچ و پووچی لە مەزەنەیاندایە، بەڵام ئەرستۆی قوتابی ئەفلاتوون، بیرۆکەکەی لە هێزێکی سیاسیدا بەرجەستە کردەوەو ناوی لێنا پۆلیتیا(Politeia) بە دەستەواژەیەکی دیکە، بەو واتایەی فەرمانڕەوایەتی دەستووریی زیاتر پشتبەستووە بە ڕێکخستن و دامەزراوەییکردن و مۆبۆلیزەی دەسەڵات و دەرئەنجامەکانی دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا.

بەراوردکاری لێرەدا لە نێوان بنەچە گریکییەکەی ((دیموکراتیەت ـ دەسەڵاتی گەل ـ لەو ڕوانگەیەوە کە هێز بکەوێتە دەستی دیمۆسیەکان ـ ئەوانەی پێیان

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

دەوترێـــت خانەدانەکان)) و لە نێوان هەر دیموکراتیەتێکی هاوچەرخی تردا، یـــان بەراوردکاریی لە نێوان ئەزموونی ڕۆما بۆ دیموکراتیەت و ئەزموونی فەرەنساوی، هەروەها ئەزموونی ئەمریکایی کە ئومێدی بەردەوامی تاکەکان لە ناو کۆمەڵدا وەدەســـتهێنانی کەرامەتی بەرزیانە، دەکرێت هەمووی چڕ بکرێنەوە بە پێی وتەکەی john Dunn لەم واتایەدا: تێکۆشـــانی ئامانجدارانە بۆ باشکردنی دۆخی کردارەکیانـــەی ژیـــان و خۆدوورگرتن لـــە زۆرلێکردن و ســـتەمکاری و هەوڵدان و مکوڕبوون لەسەر مامەڵەکردن و بـــە ڕێـــزەوەو ئیعتوباردانـــان بۆ ئەوانی تـــر، ئەوەی دەوڵەتیش دەسەلمێنێ بریتیە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن جان جاك ڕۆســـۆوە ســـیماکانی نەخشێنراوە ئەویش بە دەســـتبەردانی تاکەکان لە مافی پیادەکردنی دەسەڵاتیان(هێزی سیاسی)و بەخشینی بە دەستەبژێرێکی دیاریکـــراو لە بەرانبەر بەهەنـــد وەرگرتنی ئەو مافانەی تاکەکان کە لەســـەری ڕێك دەکـــەون و بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کردنیان، ســـەرەڕای ئەوەش پێویستە دادپەروەری سیاســـی وەدیبهێنرێـــت لە ڕێگـــەی نوێنەرایەتیکردنی گشـــتی دەنگـــی خەڵکەوە، کە پێشـــتر بـــە خەڵکانی ئەسینا(Demos) دەناسران و لە ڕۆما بە(populous)و لە چاخی هاوچەرخیشدا بە(puplic) ناوزەد دەکران.

بەڵام دیموکراتیەت وەك فەرمانڕەوایەتی گەل تا سەدەی هەژدەیەمین نەهاتۆتە پێشـــەوەو تا شۆڕشی فەرەنساویش هەڵنەگیرسا، دەســـەبەرنەکراوە، بەهۆیانەوە دیموکراتیەت وەرچەرخـــا بۆ ناوێك کە هاوئاســـت بێت بە هێزی تاکی لایەنگیـــر بۆ دیموکراتی، واتا بـــۆ (Democratar)، هەر زوو بـــە زوو ئەو تاکە وەردەچەرخێت بـــۆ هاووڵاتی، بە پێـــی فەرهەنگی تازەگـــەری Modernity گوێڕایەڵی و لایەنگیری خۆی بـــۆ دەوڵەت دەنوێنێـــت بە زەمانەتی چاکـــەکاری داواکراو کە بـــە دەوڵەتـــی هاووڵاتیبوون ناودەبرێت(State of Citizenship).

دیموکراتیـــەت زیاتـــر لـــە پێنـــاوی بەرژەوەندییەکانی زۆرینەدایـــە نەك کەمینە، بـــەڵام ناتوانێت دیالەکتیکی هوروژێنراوی دیکتاتۆریەتـــی زۆرینە لە دژی کەمینە یەکلایـــی بکاتـــەوە، وێـــڕای هەموو ئەو ســـەرکەوتنە سەرنجڕاکێشـــانەش کە دیموکراتییەتی سەرمایەداری لە ماوەی حەفتا ســـاڵی پێشوودا بە دەستی هێناوە، ئەویش وەك فیکرەیەکـــی ســـەرکەوتوو بۆ دیالـــۆگ لەپێناوی پێکەوەژیانێکـــی شارســـتانیانە لە نێـــوان هاودژەکانداو لەچوارچێـــوەی کۆمەڵگـــەی مرۆڤایەتیـــدا، بەڵام ئەو مانگی هەنگوینیەی کە کۆیـــان دەکاتەوە وەك هێزێکی سیاسی لەگەڵ لیبرالییەتدا Liberal Democracy ئێستا بەرەو کۆتایی دەچێت، چونکە ئێســـتا کەلێنێکی ئاشکرا هەیـــە، لەمبارەیـــەوە کەوتووەتە بن فشـــاری ئەزموونی ســـەرمایەدارێتی بەتایبەت لەنێوان هـــەردوو بیرۆکەی لیبرالیەت و یەکسانیدا.

ئەگەر یەکســـانی گەوهـــەری چ کۆماریی هەبێت یان گەوهـــەری دیموکراتی، بەپێی بۆچوونی ســـپینۆزای فەیلەســـووف، کەواتە خۆشەویســـتی وڵات بەزەڕوورەت بریتیە لەخۆشەویســـتی بۆ یەکســـانی Equality، بەڵام دادپەروەری سیاســـی کە هەمیشـــە پاڵێوراوان دروشم و ســـروودو گۆرانی بەســـەریدا هەڵدەدەن لەدیموکراتیەتی هاوچەرخدا نزم بووەتەوە، لەچاو حەقیقەتێکدا کە بەڕوونی دیارە ئەویش فراوانبوونی کەلێنی بەرینی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانە، پرۆفیسۆرێکی ئەمەریکی بەناوی (Robert B. Reich) لەکتێبی (Capitalism Super) ڕوونیکردۆتەوە کە هەژموونگەریی سەرمایەداری لەوەرچەرخانە تازەکەیدا خزمەت بەدیموکراتیەت ناگەیەنێت، ئەمەش ئەو پێشهاتەی مێژوونووسی ئەڵمانی (O. Spengler) پشتڕاست دەکاتەوە لەکتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی Decline of The West)) رایدەگەیەنێت کە دیموکراتیـــەت لەڕێگەی پارەوە دەبێتە هێزێکی وێرانکەر بەســـەر خۆیدا، پاش ئەوەی دەسەڵاتی پارە فیکر تێك دەشکێنێت. لایەنی دووەم بۆ هێزی سیاسی فیکری دیموکراتیەتە کە بەپێی ڕای فیکری ســـپینۆزا نزیکترین سیســـتەمە لە سروشـــتەوە، بەڵام سەرکەوتنی بەوەی کە ئازادی ڕادەربڕین و دیالۆگسازان بکاتە باشترین ڕێگای شارســـتانی بۆ پێکەوەژیان لەگـــەڵ ئەوانیتر، ئەم بیرۆکەیە لە دروســـتبوونیەوە تا ئێستا زەمینەسازی پێویســـتی بۆ نەکراوە، بەتایبەت لەبابەتی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەکان و سروشتدا، هەر ئەمەشە وایکردووە گرفتی ئەم پێکدادانەی ئێستای ناو سیستەمەکانی گۆی زەوی لێبکەوێتەوە، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ پەندە بەناوبانگە خۆرهەڵاتییەکـــە Nation Vs. Nature کە لە وتەزاکانی زەردەشـــتی یەکەمین مامۆســـتامانەوە دیار دەکەوێت کە بانگەشەی پێکەوەژیانی دەکرد لەگەڵ سروشت و Medo Qatha لەچوارچێوەی ڕێبازی ئاڕتادا کە بە هۆیەوە ڕژێم و حەقیقەت و دادپەروەری بەپێویســـتییەکی هاوئاســـتی یەکتـــر دەزانین، لەم بارەیەوە ئەو بانگەشـــانەش کە دەڵێن ئەســـینا لانکەی یەکەمین دیموکراتیەتە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش کاتێـــك چەمکەکانی ئەم فیکرەی دیموکراتیەتە لە ویژدانی هەمـــوو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتدا دەبینینەوە، بەوەی کە دیموکراتیەت دەنگی ئەو نەتەوانەی خۆرهەڵاتە بۆ بەرجەستەکردنی دەنگی خوداوەند، کە دەنگدانەوەی ئەم وتەزا پڕ حیکمەتانەی خۆرهەڵات دواتر لەناو وتەزاکانی فەرەنسیدا دەبینرانەوە(populi، vox Die).

پاش ئەم دەســـتپێکە شرۆڤەکارییەی ســـەرەوە، پێویستە لەچارەنووســـی پرۆســـەی دیموکراتـــی کۆمەڵگـــەی کوردســـتانیی بپێچینەوە کە لەچوارچێـــوەی کەلتووری باوکســـالاری رەهـــادا دەســـوڕێتەوە ( Father Fa-ily)، هەروەهـــا لەچوارچێوەی هۆزگەرێتی ناو تەواویی

**ئەفلاتوون ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هێزێکی فیکری لە دیموکراتیەتدا هەیەو وەک بیرۆکەیەکی بێزراو لە ساتەوەختی جێبەجێکردنیدا، ڕێپێدەری ئانارشیزمیەتە، لەوەدا کە دەسەڵات دەسپێرێت بە هەژاران، یان دەسەڵات لە کەسانێک نزیک دەخاتەوە کە بێشەرمی و هیچ و پووچی لە مەزنەنەیاندایە**

**ڕەنگە ڕەوشی کوردستان پۆلینبەند بکرێت بەو کۆمەڵگەیانەی دەچنەخانەی کۆمەڵگەکانی پاش جەنگەوە، ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی لەدایکبوونی دیموکراتی سیاسیی تێیدا ئاسان نەبێت**

**سەرکردە سیاسییەکان لە کوردستان توانای ئەوەیان نییە توانا ڕاستەقینەکانی دەستەبژێرانی خوێندەوار و خاوەن ئەزموون و خاوەن مەعریفەت ئاڕاستە بکەن بۆ بونیادنانی ژێرخانێک کە بە هۆیەوە بڕیاردانی سیاسی یان بونیادنانی هێزی ڕەق بۆ وڵات دەسەبەربکات**

**ناکۆکییەکانی ئێستای پارتە لۆکاڵییەکان بە پاساوی جێبەجێکردنی فیکری پەتی دیموکراتیەتەوە، زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی لای هەموو کەسێک دیارە کە زێدەڕۆیی ئایدیۆلۆژییانە زاڵە بەسەریاندا، ئەمەش مەترسی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە هێزە سیاسییەکان ئەم دیموکراتیەتە بکەنە بەلا بۆ یەکتر و کۆنە قین لە دژی یەکتر بەکاربهێننەوە**

نۆرمگەلی بونیاتی خۆرهەڵاتیـــدا بوونی هەیە، وێڕای ئەمەش کورد بەدرێژایی مێژوو کەوتووەتە ژێر فشـــاری دەسەڵاتی وڵاتە ناوەندگەرا داگیرکارییەکانی دەوروبەریەوە، (State of Authority)کە بەهۆیەوە سیستەمی دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەریەوە زاڵدەست بووە. لەبەردەم ئەم سیستەمە ڕەهایەدا بە هیچ کلۆجێك ناکرێت ڕۆڵی هۆزگەرێتی وەلا بنێین، گەرچی ئەو ڕۆڵە لاوازیش بێت، جار هەبووە وەك پێگەیەکی ئارام باوەشی بۆ تاکەکانی کردووەتەوە، توێژەری بەناوبانگ (حەنا بەتاتوو) لەو کتێبەیدا کەلەســـەر چینە کۆمەڵایەتیەکان و بزاڤە شۆڕشـــگێڕییەکانی سەردەمی عوسمانی تا دامەزراندنی کۆماری عێراق باسی دەکات، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردی عێراق دەبەســـتێتەوە بە پێکهاتەی جووتیارەکانـــی دەرەوەی هۆزەوە کە بە خوران یا هەژاران یا مێگەلان دەیانناسێنێت کە هەموو شتێکیان جیـــاوازە لە ئاغاکان: ئاغا مەبەســـت لێـــی موڵکدارو جەنگاوەرانی هۆزە، ئەم وەســـفەش بە وردی دەچەسپێت لەســـەر کۆمەڵگەی ئەســـینا کاتێك دیموکراتیەت وەك گرفتێکـــی لۆکاڵی گریکی پێش ٢٥٠٠ ســـاڵ بەر لە ئێســـتا دەرکەوتووە، پارادۆکســـەکە لێرەدا بەشێوەیەکە کە چڵە ئاڵتوونیەکانی دیموکراتی هێشـــتا لەکوردســـتان تا کۆتایی سەدەی پێشووش چەکەرەی نەکردبوو، کاتێك ئەم ناوچەیە کەوتۆتە بەر هەژموونی گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، کوردیش بە هێزێکی پتەوی ناچاوەڕوانکراوەوە دەستیان کردووە بە دەرگا لێدانی سەدەی بیست و یەکەمین، ئەگەر وردتر قووڵبینەوە بە پێی ڕای پرۆفیســـۆر (میهرداد ئازادی) کاتێ لە کتێبەکەیدا کە لەسەر بنەچەی کوردە ئەو ڕاستیە بە ڕوونی دەخوێنینەوە، کـــە کوردســـتان دێرینتریـــن مەنزڵ بووە بـــۆ توانەوەی دانیشتووانی زنجیرە چیای زاگرۆس تا تۆڕۆس لە ناویدا بەر لە ٩٠٠٠ســـاڵێك لەمەوبـــەر، دواتریش حۆرییەکانیان تێکەڵی بوون کە ئەوانیش لە قەوقاســـەوە شۆڕبوونەتەوە لە ٤٣٠٠ســـاڵ بەر لە زایین، ئینجا میتانییەکانیشـــیان تێدا تواونەتەوە، ئەوانیش لە هیندەوە هاتوون ٢٠٠٠ ســـاڵ بەر لە زایین، دواتر میدییەکان کە لەوپەڕی خۆرهەڵاتی وڵاتی فارس بەر لە ١٢٠٠ ساڵ کۆچیان بۆ ئەم ناوچانە کـــردووە، ئـــەم تێکەڵەیە پێکهاتەی گەلـــی کوردی لێ دروست بووە، کە بە زمانی بابلی بە کارداکی یان کاردۆ (Qardu) (Kardaka) یـــان کاردیۆم ناوزەد دەکران، وەك لە تەلمود ناوی بەو شـــێوەیە هێنراوە، پێش هەموو شتێك ئـــەم وەرچەرخانە مێژووییەی خەڵکی خۆجێیی زاگرۆس بەر لە ٩٠٠٠ســـاڵ پێش ئێستا شـــوانکارەییان داهێناوە، دواتر بەر لە ٨٠٠٠ساڵ پێش ئێستا لە گوندی چەرمۆی بەناوبانگ پیشەی کشـــتیاریی سەرەتاییان ئەنجام داوە، بەم شـــێوەیە حنا بتاتۆ هەموو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی گوندو دێهاتیانەی کوردســـتانیمان بۆ ڕاڤە دەکات، ئەگـــەر باوەڕ بهێنین بەوەی دیموکراتیەت بریتیە لە کەلتووری شارنشینی لە دەروازەی لۆژیکەوە دەتوانین لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بیرۆکەی دیموکراتیەت لەناو کۆمەڵگە لادێیەکانـــدا تێبگەین کە چۆن خزێنراوەتە ژێر باری دەسەڵاتی ســـێیانیی باوکسالاریی و هۆزگەرێتی و دەســـەڵاتی خۆفەرزێنی دەوڵەتەکانـــی ناوەندگەرای ستەمکاری دەوروبەر.

وێڕای دەرکەوتنی میرنشینە کوردییەکانی وەك میرنشینی بابان و سۆران و بادینان و وێڕای کەڵەکەبوونی کورد لەناو شـــارە گەورەکانداو لەم دواییانەشدا کەچی دیموکراتیەت هـــەر لەدایکبوویەکـــی تازەیـــە کە کەوتۆتـــە بەر دیدو ئەزموونی هەموانەوە. ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی پرۆسەی هەوڵدانـــی کورد بۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ دەبێتەوە، وەك پرۆژە پێشتر لە لایەن دەوڵەتانی سەرکەوتووی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ڕەتکرایەوە ئەوەیـــە کە دەوڵەتـــی نەتەوەیی بـــە بژارێکی نموونەیی دانانرێت، تەنانەت بە لای دەوڵەتانێکی ئەوروپاییشەوە کە خاوەنی بیرۆکەی لەو جـــۆرەن، کە ئەوانیش لەم دواییەدا چوونـــە نـــاو یەکێتیەکەوە بە ناوی یەکێتـــی ئەوروپایی کە پێکەوە لەســـەر بناغەی ئابوورییەکی مەتین یەکیان گرتووە، وێڕای ئەمەش ئاســـتەنگەکانی کە جیهانگیری دروستیانی کردووە کە سەرمایەداری باڵا ( Super-Cap-talism)بەڕێوەی دەبەن، پاشـــتر وردە وردە پشتیان کردۆتە دیموکراتیەت بە پێی ئەنجامگیرییەکانی پرۆفیســـۆر(. Robert B. Reich) لەبەردەم گرفتێکی لەو شێوە ئاڵۆزەدا دەکرێت بپرسین ســـەبارەت بە ئەزموونی دیموکراتیەت و فەلســـەفەی دەوڵەتیی چاوەڕوانکراو لە کوردســـتان، کە ئاســـتێکی گەورە لە ڕامانکاری و خوێندنەوەی ورد بۆ کۆمەڵێك ئاســـتەنگ و دەرفەتی ڕەخســـاو لەو سیاقەدا دێنێتە پێشەوە، سەرەتا پێویستە بڕیاربدەین بە گەشبینیەوەو بە ماقووڵیەتەوە کە هیچ پێکدادانێکی کەلتووری (Clash of Culture) لـــە نێـــوان بەهاو ڕوانینـــی کۆمەڵگەی کوردســـتانی و دیموکراتیەتی خۆرئاواییدا بوونیان نییە، وێڕای ئەمەش پیادەکردنی دیموکراتیەت لە کوردســـتانی عێراقداو لە چوارچێوەی تێگەیشتنی سیستمی فیدراڵی کۆماری کە ســـەرچاوەکەی ئامانجی سیاسیانەی کوردە بۆ دەرچوون لەو دۆزەخـــەی دەوڵەتانی یەك لە دوایەکی ناوەندیـــی بەغدا کە کوردســـتانی تێفرێـــدراوە، ئەوەش ئامانجێکی ڕەوای گەلی کوردستانە کە بێبەش کراوە لە دابەشـــکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخی عێراقەوە.

ئـــەو گرفتەی ڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە لە مەســـەلەی هەوڵدانیان بۆ بونیادنانی دیموکراتیەت وەك فیکرێك، ئەو ڕەفتارو پیادەکردنانەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانە کە بە توندی و گرژییەوە بەرانبەر یەکتر پیادەی دەکەن و هیچ

**ئەو گرفتەی ڕووبەڕووی پرۆسەی هەوڵدانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ دەبێتەوە، وەک پرۆژە پێشتر لە لایەن دەوڵەتانی سەرکەوتووی پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕەتکرایەوە**

زەمینەیەکی هاوبەش بۆ ئامانج و کەرەسەکانی پێکەوەژیانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دروست ناکەن و کەلێنی نێوانیان زیاتر دەکەن، ناکۆکیەکانی ئێستای پارتە لۆکاڵییەکان بە پاساوی جێبەجێکردنی فیکری ڕووتی دیموکراتیەتەوە، زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی لای هەموو کەسێك دیارە کە زێدەڕۆیی ئایدیۆلۆژییانە زاڵە بەسەریاندا، ئەمەش مەترسی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە هێزە سیاسییەکان ئەم دیموکراتیەتە بکەنە بەڵا بۆ یەکترو کۆنە قین لە دژی یەکتر بەکاربهێننەوە (Enmity within) هەر ئەم حاڵەتەشە وای لە کورد کردووە بە درێژایی مێژووی کۆن و نوێ یەکنەگرنەوە، تەحەدای دووەم بریتیە لەو گرفتەی ئێستا کە خاوەن بڕیارەکان (Capability) بە تایبەتی سەرکردە سیاسییەکان لە کوردستان توانای ئەوەیان نییە توانا ڕاستەقینەکانی دەستەبژێرانی خوێندەوارو خاوەن ئەزموون و خاوەن مەعریفەت ئاڕاستە بکەن بۆ بونیادنانی ژێرخانێك کە بە هۆیەوە بڕیاردانی سیاسی یان بونیادنانی هێزی ڕەق بۆ وڵات دەسەبەربکات((Hard Power بەمەش زەمینەیان ساز نەداوە بۆ پێکەوەژیانی چاوەڕوانکراوی پێویست((Co-Existence)) کە بە هۆیەوە دەتوانرێت دەوڵەتی هاوچەرخ لە جیهانێکی بە مەدەنیەتدا بونیادبنێت، وێڕای ئەوەی کورد گەیشتونەتە پلەیەکی ماقووڵ لە درکپێکردنی خودییانە((Self-Realization)) کە ئەمەش حاڵەتێکە لە لایەن هیگڵی فەیلەسوفەوە وەك محەك دانراوە بۆ فیکری نەتەوەیی، وێڕای ئەوەش کە لە ڕێی خەباتی چەکدارییەوە شۆڕشیان کردووە بۆ گەیشتن بە ئازادی و کەرامەت، بەڵام تێکۆشانی داهاتوویان کە بە تێکۆشانی قەڵەم بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەژمێردرێت، پێویستی بە ڕاهێنانی پێویستە لە نێوان وەلائو توانا ئەبیستیمیەکاندا، لەو کاتەدا کە کوردستان دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بەڵام لۆژیکی ئابووری بازاڕ وا پێویست دەخوازێت پەرەپێدانی ئابووری بە دیموکراتی بکرێت لە نێوان دەستەبژێری پشتگیریکاران و دەستەبژێری خاوەن ئەزموون و مەعریفەدا، وەك دەسپێکێك بۆ پێکەوەژیانی پێویست لە تواناکانی زاتیی و مرۆیی لە کوردستان ئەوەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەمەندێتیەی سروشت بە شێوازی زانستانە لە دەروازەی ڕێکخستنی ئابوورییەوە تا ئەوەش دێتەدی تەنیا ئەوەندە بەسە بۆ کورد کە پێچکەی پێشکەوتن بخەنە سەر هێڵی یاسا و هەیبەتدان بە زانست وەك ئەوەی لە دەوڵەتانی پێشکەوتوودا هەیە..

شێوازی فەرمانڕەوایەتی کە لە وەسفکردنیدا وەك ئاماژەیەك بە دیموکراتیکردنی کوردستان دەدرێت سیماکانی نەزانراوەو ڕوون نییە، فەزیلەتی دیموکراتیەت وەك لە بۆچوونی سپینۆزادا هاتبێت، کارایی زیاترە لە ساتەوەختانی ئاشتەواییدا نەك لە کاتی جەنگدا، دەکرێت ڕەوشی کوردستان پۆلینبەند بکرێت بەو کۆمەڵگەنەی دەچنەخانەی کۆمەڵگەکانی پاش جەنگەوە((Post-Conflict Societies))، ئەمەش ئاماژەدانە بەوەی لەدایکبوونی دیموکراتی سیاسیی تێیدا ئاسان نەبێت، واتا ماف و ئەرکەکان سەبارەت بە هاووڵاتیان ناسەقامگیرن، بەهۆی حەزی هاووڵاتیانیشەوە بە هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە دەسکەوتە تایبەتیەکانیان وەك بەشێکی ڕەها لە بری پابەندبوونیان بە کارەوە لە چوارچێوەی چەمکی وەرگرتنی مافەکان لە بەرانبەر بەجێهێنانی ئەرکەکاندا، ئەم حەزەش دژ بە فەلسەفەی دەوڵەتی هاوچەرخ دەوەستێتەوە، چونکە پێشوەختە ڕێبازی پابەندایەتی و ملکەچبوونی هاووڵاتیانی پێویستە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بە پێی چەمکی دیسپلینی گشتی، ڕەنگە وەڵامێکی پێویستیشمان نەبێت بە وردی ئەو هەموو یاساو ڕێوشوێنەکانی دامودەزگا پێویستەکان بخەینە ڕوو بەڵام پێویست ناکات ئەو پرس و دۆزانە بوروژێنرێن کە دەبنە مایەی ناکۆکی و درز خستنە ناو ماڵی کوردستانەوە، زەرووڕەتیش ئەوە دەخوازێت پێناسەیەکی ڕوونی سیستمی یەکلاکەرەوەی توندی دەوڵەتیانە دابنرێت چ بەوەی حاڵەتەکە لەسەر ڕژێمێکی سەرۆکایەتی یان چ بە دیموکراتی نوێنەرایەتی پەرلەمانی سەقامگیر بێت، ئەرکی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون بریتیە لە ڕوونبینی لە هەمبەر ماف و ئەرکەکاندا بە شێوەیەك کە هاووڵاتی وەبەرهەم بێنێت وەك سەرچاوەیەك بۆ وەبەرهێنان و داهێنان نەك وەك هۆکارێکی بەکاربەری زێدەڕۆی سامانە سروشتییەکان، دەسەڵاتی سیاسی گونجاویش بۆ ئەم فەرمایشتە پێویستەی کە لەسەر شانی هاووڵاتی ئەرکە، لەو دەروازەیەوە ئەنجام دەدرێت کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزائی بسپێردرێن بە گرووپگەلێکی هەڵبژێردراوی پێکهاتوو لە نوێنەرانی گەل، ئەمەش تەنیا شکڵیات نەبن بەڵکو بە پاڵپشتی دەستەبەرییەکان و بە هەبوونی دەسەڵاتێکی ڕاگەیاندنی ئازادەوە بن، بە پێویستی بوونی وەرگرتنی دەسەڵات و حوکمی شەرعی بە شێوەیەك کە ئاستی پێویستی ڕاستگۆیی تێدا بێت و بە یەك چاو لە هەموو هاووڵاتیان وەك یەك بڕوانرێت کە پێویستە هەمووان وەك یەك بگرێتە خۆی.

بێگومان وەرچەرخان بۆ قۆناغبەندیی دیموکراتیی نوێنەرایەتی کارێکی هێندە سانا نییە بۆ کۆمەڵگەیەکی کشتیاری ـ شوانکارەیی وەك ئەم کۆمەڵگەیەی لە کوردستان بوونی هەیە، ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی لە ناو کۆمەڵگە کشتیارییەکانی ئەسکەندەنافیا بوونیان هەیە بۆ گەیشتن بە دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی زۆر پێویستە لە کوردستان توێژینەوەی وردی لەسەر بکرێت و لێی سودمەند بین بە شێوەیەکی وەها کە ناسنامەی کەلتووری کوردی تێدا پارێزراو بێت.

*** راوێژکاری دێرین لە پەرەپێدانی بەردەوام**

**پێویستە لە چارەنووسی پرۆسەی دیموکراتی کۆمەڵگەی کوردستانیی بپێچینەوە کە لەچوارچێوەی کەلتووری باوکسالاری رەهادا دەسوڕێتەوە، هەروەها لەچوارچێوەی هۆزگەرێتی ناو تەواویی نۆرمگەلی بونیادی خۆرهەڵاتیدا بوونی هەیە، وێڕای ئەمەش کورد بەدرێژایی مێژوو کەوتووەتە ژێر فشاری دەسەڵاتی وڵاتە ناوەندگەرا داگیرکارییەکانی دەوروبەرییەوە**

**ئەڕستۆی قوتابی ئەفلاتوون، بیرۆکەکەی لە هێزێکی سیاسیدا بەرجەستە کردەوە و ناوی لێنا پۆلیتیا (Politeia) بە دەستەواژەیەکی دیکە، بەو واتایەی فەرمانڕەوایەتی دەستووریی زیاتر پشتبەستووە بە ڕێکخستن و دامەزراوەییکردن و مۆبۆلیزەی دەسەڵات و دەرئەنجامەکانی دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا**




مەتران بەشار مەتی وەردە

سەرۆکی ئەساقفەی کلدانی هەولێر بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک کریستیان پێویستمان بە شەریکێکی وەک سەرۆک بارزانی هەیە کە هەموو جیهان گوێی لێدەگرێت و داکۆکیمان لێدەکات

**تەنها شوێنێك لە عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کریستیانەکان بتوانن بە دڵنیایی و ئارامی تێیدا بژین، ئەو هەرێمەیە کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات و بۆتە نموونەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبووردەیی لەنێوان تەواوی ئایین و مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکان، ئەم هەرێمە بۆتە ناوچەیەکی ئارام بۆ پێشوازی لە هەموو ئەو خەڵکانەی لە ترسی دیاردەی توندڕەوی لە تەواوی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر ماڵ و حاڵی خۆیان جێدەهێڵن، هەر بۆیە ئەم بارودۆخە سیاسییە سەقامگیر و تەندروستەی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆکاری ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنجی دەوڵەتی فاتیکان و هەموو جیهان، لەم بارودۆخەشدا کە کریستیانەکان دەیانەوێت کۆچ بکەن، سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە بە ئیلحاحەوە داویان لێدەکات وڵاتی خۆیان جێ نەهێڵن، ئەو پەیامەشی ئاراستەیان کرد کە: یان دەبێت هەموومان پێکەوە بە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانەوە لە کوردستان بە ئازادی و سەربەستی بژین، یان ئەوەیە هەموومان پێکەوە دەمرین. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی کریستیانەکانی عێراق و کوردستان ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز مەتران بەشار مەتی وەردە سەرۆکی ئەساقفەی کلدانی هەولێر ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** کریستیانەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕووبەڕووی کارەساتێکی دیکە بوونەوە و بوونە ئامانج بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستەکان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆریان بیر لە کۆچکردن بکەنەوە، ئایا خوێندنەوەتان بۆ باری کریستیانەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ـەوە لە عێراقدا چۆنە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ جۆرێك لە ئاژاوە و ناسەقامگیری بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق دروست بوو، لەو ناوچانەشی کە زۆرینەی کریستیانن بە شێوەیەکی تایبەتی ناسەقامگیری و ئاژاوە دروست بوو، وەك ناوچەی کریستیانەکان لە بەغدا و بەسرا و موسڵ، ئەوجا وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، کریستیانەکان بوونە ئامانج بۆ هێرشە تیرۆریستییەکان و زوڵم و چەوسانەوەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینیی و ئابووری دەرهەق بە مەسیحییەکان ئەنجامدرا، هێرشی دوایینیشیان هێرشی تیرۆریستانی داعش بوو بۆ سەر کریستیانەکانی موسڵ، بەجۆرێك یەك کریستیان لە موسڵ بوونی نییە، لە ماوەی ١٩٠٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا لە شاری موسڵ لە هیچ کەنیسەیەك ڕێوڕەسمی ئایینی و نوێژی ئایینی کریستیانی تێدا نەکرێت. لەمەش زیاتر لە ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەی کریستیانەکانی عێراق بە ملیۆنێك و دووسەد هەزار مەزندە دەکرا، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە کریستیان گوشارێکی زۆری لەسەر بووە، ئەم ژمارەیە کەمی کردووە بۆ نزیکەی ٣٠٠ هەزار، بە تەنها هەرێمی کوردستان باوەشی بۆ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارەی کریستیان کردۆتەوە و پێشوازی لێکردوون، ئەم هاوکارییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە نەهامەتییەکانی ئەوانی کەمکردەوە کە لە بەشەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە کوردستان کردبوو. ئەگەر هێرشەکانی ساڵی ٢٠١٤ی تیرۆریستانی داعش نەبوایە، زۆر لە کریستیانەکانی هەندەرانیش بیریان لەوە کردبووە کە بگەڕێنەوە و لە کوردستان درێژە بە ژیانیان بدەن و بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان بکەن. هۆکارێکی دیکە کە بووە هۆی ئەوەی کریستیانەکان نەگەڕێنەوە، ئەو گەمارۆ ئابوورییە بووە کە حکومەتی ناوەندی بەغدا خستیە سەر هەرێمی کوردستان و بودجەی بڕی، ئەمەش کاری کردە سەر پرۆژەکان و لایەنەکانی دیکە، بۆیە وەبەرهێنەرانی کریستیان نەیانتوانی بگەڕێنەوە.

*** پرسی کۆچکردنی کریستیان تەنها مەسەلەی ژمارە نییە، بەڵکو کریستیان لەسەر ئەم خاکە خاوەنی شارستانیەت و زمانی خۆیان و خاوەنی مێژووی هاوبەشن، ئایا کاتێك کۆچ دەکەن، کاریگەری لەسەر زمان و مێژوو و شارستانیەتی ئەم ناوچەیە نابێت؟**

- ئەوە ڕاستییە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری ئەو کریستیانانەی کۆچ دەکەن، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی بۆی دەچن، تێکەڵ دەبن، یەکێك لە پرسە گرنگەکان کە مەترسی دەکەوێتە سەر مەسەلەی زمانە، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەنی زمانێکی زۆر دێرینین، کە ئەویش زمانی ئارامییە، ئەم زمانە ئێستا یەکێکە لەو زمانانەی کە خەریکە پەرت دەبێت و بوونی نامێنێت، لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆ وەك کریستیان بەشدارییان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی هەیە، ئەمانە هەموویان کۆمەڵێك توانا و لێهاتوویین بۆ ئەم

**کرانەوەی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ فاتیکان و پێشوازی قەداسەتی پاپا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان وەك پێناسەکردنەوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان وایە لەسەر ئاستی جیهان**

**ئێمەش وەك هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی کاتێکی گونجاوین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات**

**چواردەوری هەرێمی کوردستان بە گرووپ و فکری توندڕەوی تەنراوە، بۆیە ئێمە هەموومان وەك پیاوانی ئایینی لە هەموو ئایینەکان بەرپرسیارێتییەکی گەورەمان لەسەر شانە بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی**

ولأته، کاتێك كۆچ دەكەن، ئێمە ئەم توانا و لێهاتووییە لەدەست دەدەین، هەروەها تایبەتمەندی و زمان لای نەوەی دووەم و سێیەم بوونی نامێنێت، ئەوانەشی ئێستا كۆچیان كردووە و لە هەندەرانن، ئەو راستییەیان بۆ دەركەوتووە كە پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ خاك و نیشتمانی خۆیان ونكردووە، لایەنێكی دیكەی گرنگی كۆچنەكردنی كریستیان لەم هەرێمە ئەوەیە كە كریستیان توانایەكی باشی كرانەوەی هەیە و لێبووردەیە، بۆیە بۆ ناوچەیەك كە دەورە دراوە بە فیكری توندڕۆیی، بوونی گرووپێك كە بڕوای بە كرانەوە و لێبووردەیی هەیە زۆر گرنگە، لەمەش زیاتر كۆچكردنی مەسیحی لایەنی فرەیی كەم دەكاتەوە و بەرەو یەكڕەنگیمان دەبات، ئەمەش لە كاتێكدا یەكڕەنگی هەژارییە بۆ كەلتوور و فرەیی كەلتووری وڵات دەوڵەمەندتر دەكات.

*** ئێوە ماوەیەك لەمەوپێش سەردانی دەرەوەی وڵاتتان كرد و لە چەندین وڵاتی ڕۆژئاوا وتارتان پێشكەش كرد. ئەوەی لە وتارەكانتان زیاتر جەختی لەسەر كرا، چی بوون؟**

- لەهەموو وتارەكانم كە لە ڕۆژئاوا پێشكەشم كردووە، پەیامی من ئەوە بووە بە پەلە دەستێوەردانی سەربازی بكرێت، ڕامانگەیاندووە لە كوردستان پێویستمان بە دەستێوەردان و ناردنی هێزی زەمینی نییە، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە بوونی هەیە و بە درێژایی ١٠٦٠ كیلۆمەتر لە دژی تیرۆریستانی داعش شەڕ دەكەن و قوربانی دەدەن و بەرگری دەكەن، هەروەها هێزێكی كریستیانەكان بوونیان هەیە كە لە ژێرچاودێری پێشمەرگە مەشق دەكەن، بەڵام ئەم هێزە پێویستی بە هاوكاریی سەربازی و چەك و تەقەمەنی و مەشق پێكردن هەیە، دەبێت پشتگیری ماددی و مەعنەوی بكرێن، بۆ ئەوەی ئەم شێرپەنجەیەی داعش رابگرن و بتوانن ئەو ناوچانە ڕزگاربكەن و خەڵكەكەش پاشان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، لایەنێكی دیكە كە جەختمان لەسەر كردۆتەوە، پێویستی هاوكاری مرۆیی و بەردەوامی كوردستانە، لەبەر ئەوەی ئێستا كوردستان بۆتە پەناگەی زیاتر لە یەك ملیۆن و شەشسەد هەزار ئاوارە كە لەچەندین شوێنەوە ڕوویان لەم هەرێمە كردووە، هەروەها داوامان كردووە هاوكاری كریستیانەكان بكەن بۆ ئەوەی بیر لە كۆچكردن نەكەنەوە. لەبەر ئەوەی دەتوانین بڵێین ئێستا كریستیان لە سەرتاسەری عێراقدا تەنها لە هەرێمی كوردستان بوونیان ماوە، كە لە شارەكانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن.

*** دوای هێرشەكانی داعش بۆ سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا، قەداسەتی پاپای فاتیكان نوێنەری خۆی نارد بۆ هەرێمی كوردستان، ئایا پەیامی نێردراوی فاتیكان چی بوو؟**

- پەیامی فاتیكان بۆ كریستیانەكان و هەرێمی كوردستان هەموو كات دوو پەیامە، یەكەمیان دەربڕینی پشتگیریی فاتیكان و كەنیسەی كاسۆلیكییە بۆ كریستیانەكان بۆ ئەوەی كۆچ نەكەن و لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە، دووەمیان پەیامی سوپاس و پێزانینە بۆ حكومەت و گەلی كوردستان كە بەو جۆرە پێشوازیان لە كریستیانەكان كردووە و باوەشیان بۆ گرتوونەوە، ئەم پەیامەی فاتیكان گرنگی خۆی هەیە بۆ كوردستان، لەبەر ئەوەی فاتیكان گەورەترین پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ دەوڵەتانی جیهان هەیە. بۆیە ئەم پەیامی سوپاسگوزارییەی فاتیكان بۆ حكومەت و گەلی كوردستان دووبارە پێناسەی ئەو سیاسەتە دەكاتەوە كە حكومەتی كوردستان لەسەر ئەرزی واقیع پیادەی دەكات. دیارە سیاسەتی هەرێمی كوردستانیش بۆ پێشوازی ئەو هەموو ئاوارەیە هەمووی كریستیان نییە، بەڵكو تەنها نزیكەی ٢٠٠ هەزاری كریستیانن و زیاتر لە ٣٥٠ هەزاری هاووڵاتیانی ئێزیدین، بەشێكی زۆری ئاوارەی كوردانی سووریایە، هەروەها بەشێكی دیكەی عەرەبی شیعە و سوننەن كە لە ناوچەكانی دیكەی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی كوردستان كردووە.

*** بۆچوونی ڕاشكاوانەی فاتیكان لەسەر ئەم پێكەوەژیان و لێبووردەییەی لە كوردستان بوونی هەیە، چۆنە؟**

- فاتیكان هاندەرە بۆ ئەم لێبووردەیی و پێكەوەژیانە، بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لێدەكات، ئەگەر ئێستا سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بكەین، دەبینین بوارێك بۆ لێبووردەیی و پێكەوە ژیان لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەكان بوونی نەماوە، هەربۆیە كاتێك كوردستان وەك وڵاتێك لەم ناوچەیە دەبینین كە نموونەیەكی دیكەی لێبووردەیی و پێكەوەژیان دەخاتەڕوو، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی جیهانەوە بەگشتی و دەوڵەتی فاتیكان بەتایبەتی بە چاوێكی گرنگەوە سەیری دەكرێت، ئەم حاڵەتەی كوردستان بەرپرسیارێتییەكی گەورەیە و ئەركی سەرشانی هەموو پێكهاتە و ئایین و نەتەوەكانی كوردستانە ئەم بارە تەندروستەی سەقامگیری و لێبووردەیی و پێكەوەژیانە بپارێزن و زیاتر بیچەسپێنن، ئەم حاڵەتە تەندروستەی پێكەوەژیان و لێبووردەیی كە لە كوردستان بوونی هەیە، بەرهەمی مێژووی گەلی كوردستانە و خۆڕسكانە هاتۆتە بەرهەم و لایەك بەسەر لایەكی دیكە فەرزی نەكردووە، بۆیە گرنگە ئەم حاڵەتە بپارێزین و شانازی پێوە بكەین.

*** ئەگەر سەرنج لە پەیامەكانی سەرۆك مسعود بارزانی**

**فاتیكان لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوو، بە چارەسەری سەربازی رازی نەبووە، بەڵام ئەم جارە و دوای هێرشەكانی داعش فاتیكان رازییە دەستێوەردانی سەربازی بكرێت و بە ڕێگەی سەربازی ئەم مەترسییە دووربخرێتەوە**

**ئەركی سەرشانی هەموو پێكهاتە و ئایین و نەتەوەكانی كوردستانە ئەم بارە تەندروستەی سەقامگیری و لێبووردەیی و پێكەوەژیانە بپارێزن و زیاتر بیچەسپێنن**

**پەیامی فاتیكان بۆ كریستیانەكان و هەرێمی كوردستان هەموو كات دوو پەیامە، یەكەمیان دەربڕینی پشتگیریی فاتیكان و كەنیسەی كاسۆلیكییە بۆ كریستیانەكان بۆ ئەوەی كۆچ نەكەن و لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە، دووەمیان پەیامی سوپاس و پێزانینە بۆ حكومەت و گەلی كوردستان كە بەو جۆرە پێشوازیان لە كریستیانەكان كردووە**

**بدەین، هەست دەکەین هەمان پەیامی قەداسەتی پاپای هەیە لەسەر کۆچنەکردنی کریستیانەکان بۆ دەرەوە، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ئێمە زیاتر لە جارێك سوپاسی ئەم هەڵوێستەی جەنابی (سەرۆك بارزانی)مان کردووە، لەبەر ئەوەی ئەم هەڵوێستەی بەڕێزیان لای هەمووان ئاشکرایە، بەڵام کاتێك جەنابیان بە شەخسی داوادەکات کریستیان کۆچ نەکات، بێگومان ئەم داوایەی بەڕێزیان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەلای هەموو کریستیانێك دەبێت کە گوێی لەم پەیامە دەبێت، بۆیە زیاتر لە بۆنەیەك داوامان لە بەڕێزیان کردووە کە بەردەوام جەخت لەسەر ئەم پرسە بکەنەوە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە هەموو کریستیانەکانی جیهان بزانن کەسێك هەیە بە جدی داکۆکییان لێدەکات و یەکێك هەیە دەیەوێت کریستیانەکان لەسەر خاکی خۆیان بمێننەوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی تەقدیرێکی گەورەی لای ئێمە هەیە و دەزانین چۆن داکۆکی لە کریستیانەکان دەکات.

*** دواین جار کەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و ئایا سەرۆك لەو دیدارەدا چی پێ ڕاگەیاندن؟**

- دوایین دیدارمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی کاردینال فرینانذۆ فیلۆنی نێردراوی پاپای فاتیکان بوو. لەم دیدارەدا نێردراوی قەداسەتی پاپای فاتیکان زۆر سوپاسی هەموو هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی کرد بەرامبەر کریستیانەکان، دووبارە جەختی لەسەر مانەوەی کریستیانەکان کردەوە لە وڵاتی خۆیان، هەروەها باس لە ئازادکردنی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا کرا، لەمەش زیاتر باس لەوە کرا کە پێویستە ئەو ناوچانە لە رووی سەلامەتییەوە تەئمین بکرێن بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بتوانن بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بۆ ئەم پرسانە هەنگاو هەڵگیراون، بەڵام کاتی پێویستە هەتا جێبەجێ دەکرێن.

*** بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوو سەردانی قەداسەتی پاپایان لە فاتیکان کرد، ئایا رەهەندی پەیوەندییەکانی نێوان فاتیکان و هەرێمی کوردستان چۆن دەبینن؟**

- بوونی پەیوەندیی بەردەوامی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فاتیکان زۆر زۆر گرنگە. وەك پێشتریش جەختم لەسەر کردەوە دەوڵەتی فاتیکان پەیوەندییەکی زۆر فراوانی دیپلۆماتی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی جیهان هەیە، زۆر لە وڵاتان پێش ئەوەی هەنگاوێك هەڵبگرن، چاوەڕێی رای فاتیکان دەکەن و لەگەڵ فاتیکان راوێژ دەکەن. هەروەها ئێمە ئەو راستییە لە بیر ناکەین بەوەی فاتیکان لە ماوەی دەیان ساڵی رابردوو، بە چارەسەری سەربازی رازی نەبووە، بەڵام ئەم جارە و دوای هێرشەکانی داعش فاتیکان رازییە دەستێوەردانی سەربازی بکرێت و بە رێگەی سەربازی ئەم مەترسییە دووربخرێتەوە، لەمەش زیاتر فاتیکان لە سەرانسەری جیهان دامەزراوەی زۆری هەیە، هەر بۆ نموونە ٢٦٤ زانکۆ هەن، هەموویان زانکۆی کاسۆلیکین و پەیوەندییان لەگەڵ فاتیکان هەیە. دیارە ئەم زانکۆیانەش بە مامۆستایان و قوتابیانەوە سەرچاوەی فیکر و زانستن، هەر بۆیە ئەم کرانەوەی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ فاتیکان و پێشوازی قەداسەتی پاپا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان وەك پێناسەکردنەوەی سیاسەتی هەرێمی کوردستان وایە لەسەر ئاستی جیهان.

*** پێشتر هەندێك دواکاری هەبوون وەك داواکاری کریستیانەکان بۆ ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی باسی لێوە دەکرا، ئایا ئێستا ئێوە وەك کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان خواست و داواکاریتان چییە؟**

- داواکاری ئێمە، داواکاری هەرێمی کوردستانە. ئێمە رۆڵەی ئەم خاکەین و خۆمان بە بیانی نازانین، ئێستا ئێمەش وەك هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی کاتێکی گونجاوین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. راستە پێشتر داواکارییەك هەبوو بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بدرێتە کریستیانەکان، لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمی پێویستی بە ئیمکانیەت و نفوز هەیە. لە ئێستادا کریستیان تەنها لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە. بۆیە ئێمە لە ئێستا زیاتر لەوەی پێویستمان بە هاوپەیمانێك بێت، پێویستمان بە شەریکێك هەیە، ئێمە ئێستا پێویستمان بە دەنگێکە داکۆکی لە کریستیان بکات، ئەو دەنگەش گوێی لێ بگیرێت، بۆیە ئێمە پشتگیری لە هەموو داواکارییەکانی کوردستان دەکەین و پشتیوان بەخوا هەلێکی وا دێتە پێشەوە بڕیاری سەربەخۆیی بدەین.

*** پێکەوەژیانی نێوان کورد و کریستیان مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا بە رابەرایەتی بارزانیی نەمر زیاتر رەنگی داوەوە، ئایا تاچەند ئەمە بۆتە کەلتووری نێوان هەردوولا؟**

- راستە پێکەوەژیانی نێوان کورد و کریستیان مێژوویەکی دێرینی هەیە و چەندین گوندی کریستیان هەن کە لەگەڵ گوندی کورد دراوسێن و پێکەوە دەژین، لەهەمانکاتدا ناوچەش هەیە کورد و کریستیان پێکەوە

**ئێستا کریستیان لە سەرتاسەری عێراقدا تەنها لە هەرێمی کوردستان بوونیان ماوە، کە لە شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی نیشتەجێن**

**کۆچکردنی مەسیحی لایەنی فرەیی کەم دەکاتەوە و بەرەو یەکڕەنگیمان دەبات، ئەمەش لە کاتێکدا یەکڕەنگی هەژارییە بۆ کەلتوور و فرەیی کەلتووری وڵات دەوڵەمەندتر دەکات**

**ئەگەر هێرشەکانی ساڵی ٢٠١٤ی تیرۆریستانی داعش نەبوایە، زۆر لە کریستیانەکانی هەندەرانیش بیریان لەوە کردبووە کە بگەڕێنەوە و لە کوردستان درێژە بە ژیانیان بدەن و بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتی خۆیان بکەن**

**به تەنها هەرێمی کوردستان باوەشی بۆ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارەی کریستیان کردۆتەوە و پێشوازی لێکردوون، ئەم هاوکارییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە نەهامەتییەکانی ئەوانی کەمکردووە**

**لە ماوەی ١٩٠٠ ساڵی رابردوودا ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا لە شاری موسڵ لە هیچ کەنیسەیەک رێورەسمی ئایینی و نوێژی ئایینی کریستیانی تێدا نەکرێت**

دەژین، ئێمە خۆمان بە بەیتی سندی دەزانین و موسڵمان و کریستیان پێکەوە دەژین، ئەم حاڵەتە لە شۆڕشی ئەیلوول بە رابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی زیاتر رەنگیدایەوە، لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول خەڵك هەبوون کریستیان بوون، لەمەش زیاتر ئەم پێکەوەژیانە بۆتە کەلتوور و لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان رەنگی داوەتەوە. ئەگەر سەیری جل وبەرگ بکەین، دەبینین جل و بەرگی کورد و کریستیان وەك یەکە، جیاوازی ناکەیت ئەمە موسڵمانە و ئەوی تریان کریستیانە، بێینە سەر داب و نەریت و خواردن و سەما و گۆرانی دەبینین هەمووی هاوبەشە، من زۆر جار لە ئاهەنگی کریستیانەکان لە ئەمریکا و ئوسترالیا بەشداربووم، هیچ ئاهەنگێك نییە گۆرانی کوردی زیاتر لە گۆرانی کریستان نەگوترێت، هەروەها خەڵکەکەش هێندەی لەگەڵ گۆرانی کوردی سەما دەکات، هێندە لەگەڵ گۆرانی کریستیانی نایکەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە پێکەوەژیان نەك هەر دیاردەیەکە، بەڵکو بۆتە کەلتووری هاوبەشی نێوان هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ هەمووومان.

*** شارستانیەت و مێژووی ئێوە لەم خاکە هاوبەشە، بۆیە بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستانی پێداتێپەڕیوە، ئەو شارستانیەت و مێژووەی ئێوەش لە سەردەمە جیاوازەکاندا کاول بووە، ئایا تاچەند هەوڵدراوە ئەم شارستانیەت و مێژووە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وێ بکرێتەوە؟**

- لە دوای ساڵی ١٩٣٠ـەوە کە لە کوردستان شۆڕش دەستی پێکردووە، بەشی زۆری ناوچەکانی ئێمە بوونە ئامانجی فڕۆکە و بۆمبارانی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، لەم ناوچانەی ئێمە مەزاری زۆر دێرین هەبوون و چەندین گوندی ئێمە کاول بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ بە هیممەتی سەرکیس ئاغاجان وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدرا زیاتر لە ٤٠ گوند بۆ کریستیانەکان ئاوەدان بکرێتەوە و چەندین مەزاری دێرین نوژەن بکرێتەوە، ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندانە پێش شاڵاوی ئەم دواییەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر موسڵ و دەشتی نەینەوا، بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆر لە کریستیانەکان لەخۆیان بگرن و ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی بەشێك لە کریستیانەکان روو لە هەندەران نەکەن.

*** وەك یەکێك لە مەرجەعەکانی کریستیان لە هەرێمی کوردستان، پێتوایە تاچەند وڵاتانی کریستیان بەم بارودۆخەی هەرێمی کوردستان ئاشنان؟**

- بێگومان هەموویان دەزانن لە کوردستان پێکەوەژیان و لێبوردەیی هەیە، دەزانن هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە بە گرووپی جیاواز جیاوازی توندڕۆ دەورە دراوە، بەڵام هەموویان چاودێری ئەم بارودۆخە تەندروستەی کوردستان دەکەن، سەرۆکی کەنیسەکانی رۆژئاوا بەردەوام سەردانمان دەکەن، دوای سەردانی نێردراوی پاپای فاتیکان، سەرۆکی کەنیسەکانی ئینگلتەرا و وێڵز سەردانی کوردستانیان کرد و چەندین رۆژ لێرە مانەوە، ئەم هەفتەیە شاندێکی دیکەی کەنیسەکانی ئینگلتەرا و وێڵز دێنە کوردستان، ئێمە بە هەموویانمان گوتووە خۆتان وەرن لەو کاتەی خۆتان دەستنیشانی دەکەن و بە چاوی خۆتان بارودۆخی کوردستان ببینن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو بارودۆخەی باسی دەکەین بە واقیعی لە کوردستان بوونی هەیە.

*** ئاماژەت بەوە کرد دوای رزگارکردنی ناوچەی کریستیانەکان دەبێت تەئمینی سەلامەتیش بکرێت، ئایا ئەم پەیامەت داواکرنی پارێزگاری نێودەوڵەتییە بۆ کریستیانەکان؟**

- ئەم داوایە تا ئێستاش هەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێزێك دابین بکات بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە، بەڵام ئەمە لەوانەیە قورس بێت، بۆیە داوا دەکەین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری جددیی هێزی پێشمەرگە بکات کە لە سەر زەوی بوونی هەیە و کریستیانەکان متمانەیان بەم هێزە هەیە، بۆیە گرنگە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی.

*** وەك زانایەکی ئایینی کریستیان ئایا چ پەیامێکت هەیە بۆ ئەوەی پیاوانی ئایینی سەر بە هەموو ئایینەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و دیاردەی توندڕۆیی رۆڵی خۆیان بگێڕن؟**

- پێش هەموو شت دەبێت بزانین کە چواردەوری هەرێمی کوردستان بە گرووپ و فکری توندڕەوی تەنراوە، بۆیە ئێمە هەموومان وەك پیاوانی ئایینی لە هەموو ئایینەکان بەرپرسیاریەتییەکی گەورەمان لەسەر شانە بۆ پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، دەبێت بزانین پیاوانی ئایینی کاتێك لە سەر مینبەری مزگەوت و کڵێسەکان قسە دەکەن، بەرپرسیاریەتییەکی گەورە و ترسناکیان لەسەر شانە، ئەو شوێنەی پیاوانی ئایینی قسەی لەسەر دەکەن، شوێنێکی پیرۆزە و دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە، بۆیە ئەگەر وریا نەبین لەوانەیە بەنزین بە ئاگرەکەدا بکەین، بۆیە دەبێت ئێمە لەکاتی قسەکردنمان بەتایبەتی بۆ لاوەکانمان هەموو هەوڵمان ئەوە بێت لە توندڕەوی دووریان بخەینەوە و ئەم ئاشتی و پێکەوەژیانە بپارێزین.



د.ئیبراهیم هەرشەمی مامۆستای پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان لە هەولێر بۆ گوڵان:

# هەتا زانایانی ئیسلام شەڕی فیکری توندڕەوی بکەن فیکری داعش لە کوردستاندا جێگەی نابێتەوە

شەڕی تیرۆریستانی داعش دژ بە خەڵکی کوردستان، شەڕێکی هەمەلایەنەیە و لە کاتێکدا پێشمەرگە بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر سـنگی خۆی کردۆتە قەڵغان و بەرگری لە کوردستان دەکات، ئەوا دەبێت هەر تاکێکی کوردستان لە هەموو بەرەکانی دیکەی شەڕدا بە گیانی پێشمەرگەیانەوە رووبەڕووی ئەم هەڕەشەیە ببێتەوە. یەکێك لەو توێژە گرنگانەی کە لەم شـەڕەدا رۆڵێکی گرنگیان دەکەوێتە سەرشـان، مامۆسـتایانی ئایینی و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامن کە دەبێت شەڕێکی فیکری لەگەڵ دیاردەی توندڕەویی و تیرۆریستی بکەن و کۆمەڵگە بە فیکری میانڕەوی و پێکەوەژیان ئاشـنا بکەن. بۆ قسـەکردن لەسەر ئەم پرسـە گرنگە، ئەم باسەمان لەگەڵ د.ئیبراهیم هەرشـەمی مامۆستای پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان و ئیمامی مزگەوتی (الشهداء) لە هەولێر تاوتوێ کرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**لەم قۆناخە کە ئێمە لە شەڕێکی فیکری و گەورەداین دژی تیرۆریستانی داعش، باشترین ڕێگە ئەوەیە خۆمان باشتر بە زانستی ئیسلامی پڕچەک بکەین، نەک ئاستی زانست بهێنینە خوارەوە**

**کاتێک پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ، شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ئەو گرووپە دەکەن و لووتیان دەشکێنن، زانایانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان لە بەرەیەکی دیکە شەڕی فیکری لەگەڵ ئەم گرووپە دەکەن، وەک شێر لەسەر مینبەرەکان و میحرابی مزگەوتەکان و توانیویانە پێش ئەوەی ئەم فیکرە ڕەشە لەدایک بێت، لەباری ببەن**

*** ئێوە پسپۆڕن لە بنەماکانی فقهی ئیسلامی و ئایا لەسەر بنەما زانستییەکانی ئەم زانستە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکان پێغەمبەر (د.خ) دەکەن؟**

- بنەما زانستییەکانی فیقهی ئیسلامی بریتین لە کۆمەڵێك بنەمای زانستی، ئەم بنەمایانە کۆمەڵێك ڕێکخستن و ڕێچکەی خۆی هەیە، لەسەر ئەو پرەنسیپانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ناکرێت دەقی ئایەتێك، یان تەنها فەرمایشتێکی پێغەمبەر(د.خ) وەربگرن و بەشێوەیەکی یەکلایەنە تەفسیری بۆ بکەن. لایەنێکی دیکە کە پێویستە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و فەرمایشتەکان ڕەچاوی بکەین، ئەوەیە ئەم دەق و فەرمایشتانە بە زمانی عەرەبی هاتوون، ئەم زمانەش دەوڵەمەند و فراوانە و بریتییە لە (مەجاز و هەقیقەت و عام و خاس و موتڵەق) هەروەها لە سوننەتەکانی پێغەمبەریش (د.خ)، سوننەتی کرداری هەیە، هەروەها سوننەتی قەولی هەیە، هەندێك شتیش هەیە تایبەت بوون بە پێغەمبەر (د.خ)، بۆیە بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەم بنەما زانستییانە ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەق و فەرمایشتەکان دەکەین.

*** بەڵام وێڕای بوونی ئەم بنەما زانستییانە، وەك دەبینین هەموو دەقێك، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) زیاتر لە تەفسیریکی بۆ کراوە، ئایا ئەم جیاوازیی تەفسیر و لێکدانەوەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پێش هەموو شت بوونی تەفسیری جیاواز بۆ دەقەکان، یەکێکە لە مەبەستەکانی پەروەردەگار، هەربۆیە لەبەر ئەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی هاتووە و پێغەمبەریش ( د.خ) لە ناو ئەو ژینگە عەرەبییە پەروەردە بووە و زمانی عەرەبیش چەندین ڕووی هەیە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن: (**حمالة الاوجة**)، ئەوا دەق و فەرمایشتەکانیش چەند مانایەکی جیاواز لە خۆ دەگرن و تەفسیری جۆراوجۆریان لەسەر دەکرێت، ئەم حاڵەتە لەسەردەمی پێغەمبەر( د.خ) و لە نێوان هاوەڵاکانیشدا بوونی هەبووە و گەلێك جار هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بە شێواز و مانای جیاواز فەرمایشتەکانی پێغەمبەریان ماناکردووە، هەر بۆ نموونە: پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: (**لا يصلين أحد العصر إلا في بني قريظة**)، هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) بەوجۆرە تەفسیریان کردووە بەوەی دەبێت نوێژی عەسر ببەنە بەنی قورەیزە، بەڵام هەندێکی دیکە وتوویانە نەخێر، مەبەستی ئەوە بووە پەلە بکەین، نەك تەنها دەبێت نوێژەکانمان هەر لە بەنی قوریزە بکەین، بەڵکو بۆچوونیان وابووە کاتی نوێژ هاتووە و نوێژەکانمان بکەین، بۆیە ئەم دوو لێکدانەوەیە لەلایەن پێغەمبەرەوە (د.خ) پەسەند کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تەفسیری جیاواز ئیشکالییەت نییە، ئەگەر ڕەچاوی بنەما زانستییەکانی کرابێت، هەروەها جاری وایە مەقسەدی شەرع بەستراوەتەوە بە هۆکارەوە، ئەگەر هۆکارەکە بوونی هەبووبێت، ئەوجا جێبەجێ کراوە.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، لەوانەیە تەفسیری جیاواز ئیشکالییەت دروست نەکات، بەڵام زۆر جار لە ئاکامی تەفسیری جیاوازەوە توندڕەوی بەرهەمدێت، ئایا وەك پسپۆڕێك چۆن هەڵوەستە لەسەر بەرهەمهێنانی توندڕۆیی ئایینی دەکەیت؟**

- پێش هەمووشت دیاردەی توندڕەوی تایبەت نییە بە ئایینێکی دیاریکراو، ڕاشکاوانەتر تایبەت نییە بە ئایینی ئیسلام، بەڵکو دیاردەی توندڕەوی پەیوەندی بە خودی مرۆڤەکانەوە هەیە و لەناو زاتی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە. پەروەردگار هێزێکی تووڕەیی (**قوة الغضب**)ی لە مرۆڤەکاندا درووست کردووە، هەربۆیەش پێغەمبەرانی ناردووە و شەرعی داناوە بۆ ئەوەی ئەم هێزی تووڕەییە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوجا ئەم هێزی تووڕەییە کە توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت، بە شێوازی جیاواز بەکار هاتووە، هەیە بۆ ئارەزووەکانی گەیشتن بە دەسەڵاتە، هەیە بۆ پاراستنی هۆزەکەی و سەرکەوتنی بەسەر هۆزێکی دیکەیە، هەیە بۆ توندڕەویی ئایینیە، دیارە موسڵمانانیش مرۆڤن وەك هەر مرۆڤێکی دیکە و لەناو ئەوانیشدا هەیە کە توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت، ئەم توندوتیژییە لە چەند ڕوویەکەوە سەرچاوە دەگرن. یان ئەوەیە ڕەچاوی ئەو بنەما زانستییانە ناکەن کە مامەڵەی لەگەڵ دەق و فەرمایشتەکان پێدەکرێت، یان ئەوەیە ئایەتێك، یان فەرمایشتێك وەردەگرن و یەکلایەنە تەفسیری بۆ دەکەن، هەر بۆ نموونە: پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمووێت: (**سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ**). ئەگەر ئەم فەرموودەیە بە تەنها وەربگرین، واتە شەڕکردن لەگەڵ موسڵمان کافربوونە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەقێکی دیکە سەیر دەکەین خوا دەفەرموێت: (**وإن طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما**). ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین خوای گەورە ناڵێت کافر دەبن، کەواتە ناکرێت فەرمایشتێك وەربگرین و ڕاستەوخۆ و یەکلایەنە تەفسیری بۆ بکرێت، دەبێت بۆ هەر تەفسرێك ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١. دەبێت تەفسیرەکە لە ژێر ڕۆشنایی تێگەیشتن بێت لە زمانی عەرەبی.

٢. دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەو مەبەست و هۆکارە بێت کە پەروەردگار حوکمەکەی پێ داڕشتووە.

٣. دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی چۆنیەتی پیادەکردنی بێت لەلایەن پێغەمبەر(د.خ)، هەروەها تێگەیشتنی زانایانی ئیسلام بۆ ئەو دەقە، یان ئەو فەرمایشتە.

ئەگەر ئەم بنەمایانە لەبەر چاو نەگیرا، ئەوا خەڵکانی وەك خەوارج دەردەکەون کە (ئیمامی عەلی )یان ( ر.خ) کافر کرد، ئەوانیش پشتیان تەنها بەو دەقە بەستووە کە دەڵێت: (ان الحكم الا الله). ئەمە هەق و ڕاستییە، بەڵام ئەگەر کەسێك دادوەری کرد لەنێوان دوو لادا مانای ئەوە نییە حوکمی پەروەردگاری ڕەتکردۆتەوە.

*** ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە باس لە گرووپی تیرۆریستانی داعش بکەین، کە بە ناوی ئایینەوە ئەم هەموو کارە خراپ و تاوانە دڕندانەیە دەکەن، ئایا چۆن سەیری ئەم گرووپە دەکەن؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی واقیعی دوور لە کاردانەوەی توندڕەوی سەیری ئەم گرووپە بکەین، دەتوانین بڵێین: داعش ڕەفتاریان ڕەشە، بیرکردنەوەیان ڕەشە، دڵیان ڕەشە و جلیشیان ڕەشە و کۆمەڵێکن تێڕوانینێکی ڕەشیان بۆ ئایین و ئیسلام هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە کوردستاندا ئەم بیرە ڕەشە بوونی نییە.

*** بەڵام لەناو خۆشماندا هەندێك هەن كە بە جۆرێك لە جۆرەكان پشتگیری لە هەمان تێڕوانین دەكەن، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە كوردستانیش لەم فیكرە خاڵی نییە؟**

- من دەڵێم سوپاس بۆ پەروەردەگار و بەرەكەتی زانایانی ئیسلامی كوردستان كە خۆبەخشانە خزمەتی ئەم ئایینەیان كردووە، كوردستان بە درێژایی مێژوو دوور بووە لە فیكری توندڕەویی ئایینی، ئەگەر سەرنج بدەین ئێمە ئێستا سنووری زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەترمان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە بەناو ئیسلامییەی داعش هەیە، بەڵام ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتێكی ئەوروپی بەراورد بكەین، هێشتا ڕێژەی ئەوانەی لە وڵاتێكی ئەوروپی پشتگیری داعش دەكەن، لە كوردستان زیاترە، ئەمەش نیشانەی تێگەیشتنی خەڵكی ئێمەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نامۆبوونی ئەو فیكرەی داعشە لە خاكی كوردستاندا، بۆیە هەرگیز ئەو فیكرەی داعش لە كوردستان جێگەی نابێتەوە و بوونیشی نابێت، هەر بۆیە كاتێك پێشمەرگەكانی كوردستان لە بەرەكانی شەڕ، شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ئەو گرووپە دەكەن و لووتیان دەشكێنن، زانایانی ئایینی ئیسلام لە كوردستان لە بەرەیەكی دیكە شەڕی فیكری لەگەڵ ئەم گروپە دەكەن، وەك شێر لەسەر مینبەرەكان و میحرابی مزگەوتەكان و توانیویانە پێش ئەوەی ئەم فیكرە ڕەشە لەدایك بێت، لەباری ببەن.

*** دیارە ڕۆڵی بەشی زۆری مامۆستایان و زانایانی ئیسلامی بەرچاوە، بەڵام ئەو جۆرە مامۆستایانەش هەن كە لە سەر مینبەرەكانەوە بە شێوازی جیاواز باسی بەرگریی پێشمەرگە دەكەن؟**

- من حەز دەكەم بە ویژدانەوە ڕۆڵی مامۆستایان و زانایانی ئیسلامی كوردستان هەڵبسەنگێندرێت. ئەگەر ڕۆڵی ئەوان نەبوایە، لەوانەبوو ئێستا هەزاران شانەی نووستووی ئەو تیرۆریستانە لە كوردستان بوونیان هەبوایە و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوییان لە خۆمان و لە پێشمەرگەش بوەشاندایە، بەڵام نابێت ئەوەش بشارینەوە كە ئاستی زانایان و مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازەكان هەمووی وەك یەك نییە و شێوازی دەربڕینیشیان جیاوازی هەیە، بەڵام هەموومان پێكەوە ڕووبەڕووی ئەم فیكرە ڕەشە بووینەوە و توانراوە ڕێگە نەدرێت ئەم فیكرە لە كوردستان بوونی هەبێت، ئەوجا ئەگەر چەند كەسانێك لە كوردستان بوونیان هەبێت و بە داعش سەرسام بن، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم فیكرە لە كوردستان بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەریشدا ( د.خ) لە مەدینە مونافق بوونی هەبووە و وەك قورئان دەفەرموێت: (من اهل المدینة مردوا علی النفاق)، ئەمەش ڕاستییەكەیە. سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی ئەم گرووپەش، دیارە نەبەردییەكانی پێشمەرگە و ڕۆڵی سەركردە مەیدانییەكان توانیویانە ئەو سەركەوتنە گەورانە تۆمار بكرێن، ئەمەش پیرۆزترین ڕۆڵە كە دەیگێڕن، ئەویش بەرگریكردنە لە خاكی كوردستان.

*** لەم ماوەیەدا و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی، بۆ چاكسازی لە پڕۆگرامی خوێندنی ئیسلامی، بڕیار درا كە قوتابخانە و پەیمانگاكانی خوێندنی ئیسلامی بخرێنە سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئایا ئێوە وەك مامۆستایەك لە پەیمانگای زانستی ئیسلامی چۆن سەیری ئەم بڕیارە دەكەن؟**

- ئەم پرسە، پرسێكی هێجگار گرنگە و حەزم دەكرد ئەمە تەوەری سەرەكی ئەم دیمانەیە بوایە. ئەم بڕیارە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆتە بڕیار بەوەی سەرجەم قوتابخانە و پەیمانگا ئیسلامییەكان بگوازرێنەوە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەداخەوە ئەم پێشنیارەی وەزارەتی ئەوقاف بە بێ دیراسەت و ڕاوێژپێكردن بووە، تەنانەت من یەكێكم لە مامۆستایانی پەیمانگای زانستی ئیسلامی و پرسم پێنەكراوە، خۆشتان دەزانن پەیمانگای زانستە ئیسلامییەكان گەورەترین دامەزراوەی وەزارەتی ئەوقافە، كە پرس بە پەیمانگاكان نەكرێت لە پرسێكی ئاوا گەورەدا، ئەوە كارەساتە.

*** بۆچی ئەم بڕیارە ئەوەندە نیگەرانی كردوون، ئایا ئەم گواستنەوەیە چی لە بارودۆخەكە دەگۆڕێت؟**

- ئەم لایەنە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە هەموو وڵاتێكیشدا ئەم تایبەتمەندییانە لەبەر چاو گیراون، هەر بۆ نموونە: كۆلێژی پەرستاری لە هەموو وڵاتێك سەر بە وەزارەتی تەندروستییە، لای خۆشمان و لە هەموو وڵاتانیش كۆلێژی پۆلیس سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە و كۆلێژی سەربازی سەر بەوەزارەتی بەرگرییە و لای خۆشمان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەم قوتابخانە و پەیمانگایانەش لە ساڵی ١٩٨٩ لەسەر پێشنیاری زانای گەورەی كورد مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس دامەزراوە و وێڕای ئەم هەموو فیتنەی مەزهەبگەراییەی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بوونی هەیە، وەك خۆی ماوەتەوە. بۆیە بڕیارەكە بە ڕاست نازانین كە تەنها لە ٣ پارێزگا سەر بەوەزارەتی پەروەدەو خوێندنی باڵا بن و لە وانی دیكەش سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بن.


*** بەڵام ئەم هەنگاوە وەك جۆرێك لە ریفۆرم لە پڕۆگرامی خوێندنی ئیسلامی هەژمار دەكرێت، ئایا ئێوە لەگەڵ ئەو ریفۆرمە نین؟**

- لە كوردستاندا چەندین قوتابخانەی دواناوەندی ئیسلامی هەن كە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن. ئەگەر وەزارەتی پەروەردە دەیەوێت ریفۆرم لە پڕۆگرامەكاندا بكات، با بچێت سەرەتا ریفۆرم لە پرۆگرامی ئەو قوتابخانانە بكات، با كارێك بكات خەڵك ڕووبكاتە ئەو قوتابخانانە، ئەوكات ئەگەر خەڵك گەیشتە قەناعەت و ڕووی لە قوتابخانە ئایینەكانی وەزارەتی پەروەردە كرد، ئەو كات كەس ڕووناكەتە قوتابخانەكانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و ئێمەش دەستخۆشییان لێدەكەین. بۆیە دووبارەی دەكەمەوە ئەگەر پرسە ریفۆرم و گۆڕانكارییە دەبوو وەزارەتی ئەوقاف خۆی ئەو كارەی بكردایە، بۆ ئەوەی ئاستی زانستی ئیسلامی بەرزتر بوایە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو قوتابخانانە بكەین كە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، دەزانین ئاستی خوێندنیان چۆنە، بۆیە لەم قۆناخە كە ئێمە لە شەڕێكی فیكری و گەورەداین دژی تیرۆریستانی داعش، باشترین ڕێگە ئەوەیە خۆمان باشتر بە زانستی ئیسلامی پڕچەك بكەین، نەك ئاستی زانست بهێنینە خوارەوە.

**ئێمە ئێستا سنووری زیاتر لە ١٠٠٠ كیلۆمەترمان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە بەناو ئیسلامییەی داعش هەیە، بەڵام ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتێكی ئەوروپی بەراورد بكەین، هێشتا ڕێژەی ئەوانەی لە وڵاتێكی ئەوروپی پشتگیری داعش دەكەن، لە كوردستان زیاترە، ئەمەش نیشانەی تێگەیشتنی خەڵكی ئێمەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و نامۆبوونی ئەو فیكرەی داعشە لە خاكی كوردستاندا**

**داعش ڕەفتاریان ڕەشە، بیركردنەوەیان ڕەشە، دڵیان ڕەشە و جلیشیان ڕەشە و كۆمەڵێكن تێڕوانینێكی ڕەشیان بۆ ئایین و ئیسلام هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە كوردستاندا ئەم بیرە ڕەشە بوونی نییە**

# ڕۆڵی گوتاری میدیایی لە نێوان بەتینکردنی سەقامگیری و نانەوەی ئاژاوەدا



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هەموو دیراسات و توێژینەوە ئەکادیمییەکان بە شێوەیەکی نەگۆڕ، ئەوە دووپـــات دەکەنەوە کە پەیوەندییەکی بە یەکەوە گرێدراو و کاریگـــەر لە نێوان میدیا و گوتاری سیاســـی و لە نێوان ئاســـتی هۆشیاری و ئیدراکی سیاسەتوانان لای هاووڵاتی هەیە، بەتایبەتیش لە هەلومەرجی پێشکەوتندا بە مۆرکی بنیادی مەدەنیی کۆمەڵگە و بەلاوەنانی ئەو هۆکارانەی هاووڵاتی سنووردار دەکەن وەکو پەیوەندییە نێگەتیڤە ســـەختەکان و کاریگەرییەکانی ژێرخان بەر لە دەوڵەتی تازە وەك عەشـــیرەت و تایفە. بۆیە لەگەڵ دەربازبـــوون لەو پەیوەندییانەی رابـــردوو، حاڵەتەکانی ئامادەگیی بۆ کاریگەربوون سەرهەڵدەدەن:

١- بە شێوەیەکی ئەرێنی بە واتای پەیدابوونی کرداری کاریگەربوون بە شێوەیەکی روون لای وەرگران.

٢- راســـتەوانە بە واتا زاراوەییە ناسراوەکەی لە رووی بیرکارییەوە کە قووڵیی ئەم کردارە دەگەیەنێت و رۆڵی لە وێناکردنی دیدگا و دیاریکردنی ئاڕاستە لای وەرگر هەیە بۆ ئەوەی بڕیارەکەی لە کێشـــەیەك، یان شتێکی دیکە دەستنیشان بکات.

لــە میانــی خوێندنــەوەی بارودۆخی کوردســتان گۆڕانکاریی جۆریی بنیادگەری بە ئاڕاســتەیەکی مەدەنی و ژیارییمان بەرچــاو دەکەوێت، ئەمەش بووە هــۆی ئاوێتەبوونــی زیاتر لەگەڵ ئــەو ئامرازانەی کاریگەرییــان لە دەوڵەتــی مەدەنیدا هەیــە. ڕەنگە دیارترینی ئــەو ئامرازانە میدیا بێت کــە ئاماژەیان پێدەکەیــن. ئەو ئامرازە بریتییە لە ئاســتێکی بەرز و جیددی لــە کۆمەڵگەی مەدەنی کە زۆرجار جەماوەر راســتەوانە پێی کاریگەر دەبێت. هەروەها لێی نزیکتر دەبێت و بە راســتی قووڵترە لە کاریگەریی پەیوەندییە کەســێتییە نزیکەکان و خێزانەکانیانەوە و بە ئاڕاستە و بڕاردە و بڕیارەکانی.

لەلایەکــی دیکەوە میدیا و دەزگاکانــی لە دەوڵەتی مەدەنی ســەرقاڵن بە ناوەڕۆکی جڤاتیی سەرتاپاگیر، بە ئاســتی پێشــکەوتن و بــە قەبارەی ئاراســتەی چەســپاندنی دەوڵەتی مەدەنیی مۆدێــڕن، هەروەها تواناکانــی کاریگەربــوون و گۆڕانکاریــی لەگەڵ بەرزبوونەوەی تواناکانی بەرهەمی میدیاکان، هاوکات توانــای بەرجەســتەبوون لەگەڵ ئامــراز و تازەترین پێشــکەوتووەکانی ئەمڕۆی تەکنەلۆجیا، هەروەها بە گواســتنەوە بۆ خوێندنەوەی پراکتیکی رۆڵی میدیا و گوتارە سیاســییەکەی لە گەلی کوردستان، دەبینین کە ئەمە روویدا و بە راســتی روودەدات و بە قەبارەی جۆریی نایاب بە هۆی مۆرکی مەدەنییانەی بنیادی کۆمەڵگە و بە هۆی قەبارەی کاری سیاسی و بەپێی لۆژیکی مۆدێڕنە و میکانیزمەکانی کارکردنیان، بەڵام ئاستی پۆزەتیڤانەی گوتاری راگەیاندنی کوردستان، ئایا ئەمە هەمیشــە بریتییە لەو ئاڕاســتەی بنیادی پۆزەتیڤ، یان کەموکورتییان تێدایە کە بەپێچەوانەی خواست و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گەلە؟

پێویســتە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە تویژینەوە دووپات لە راســتییەك بکەینەوە کە گەلی کوردستان راستەوانە بە میدیای دەرەکیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی کاریگەر نابێت بە تەواویش لەو بوارانەی کە ئەو میدیا دەرەکییــە هەڵمەتــی زۆری بە مەرامــی نێگەتیڤ دژی بەرپــا دەکات، بۆیــە تێبینــی دەکەین کە ئەو لایەنــە دەرەکییانە ڕەنگە هەوڵیــان دابێت دزە بکەن و هەڵمەتەکانیان بە ڕێگەی ناوەندەکانی میدیاوە تەواوبکەن کە گوتارێکی سیاسی هەڵدەگرێت و لەگەڵ کاروانی پێشکەوتن و سەقامگیریی کوردستان ناگونجێت. بۆیە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و لە مەترسییەکانی ئاگادار بین.

لێــرەدا بە دیاریکــراوی دەتوانیــن دۆخەکانی بوونی دەنگگەلێکــی رۆژنامەوانی و میدیایی دەستنیشــان بکەین، بەڵام ئەمڕۆ بە ئاڕاســتە گوماناوییەکەیان و شێواندنە سیاسییە نادروســتەکانیان روون و ئاشکران. ئەم دۆخانە هەوڵیانــداوە و هەوڵیش دەدەن دەرفەتەکان بقۆزنەوە بــۆ ورووژاندنــی مشــتومڕی بێزەنتییانە کە هیچ ســوودیان نییە و چارەســەری شتێك ناکەن بە قەدەر ئەوەی بەشــداری دەکەن لــە ئاژاوەنانەوە و ورووژاندنی ئاشووب و خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی و تێکەڵکردنی کارتەکان.

ئەگەر بابەتــی هەڵبژاردنەکانی ســەرۆکایەتیمان بە نموونە وەرگرت، ئەو ڕەفتارانەی توخمە دیاریکراوەکانی میدیا بە چاوی خۆمان دەبینین، بەتایبەتیش ئەو رۆڵە تێکدەرانەی دەیگێڕن، کە هەمیشە قەبە دەکرێت و زێدە دەبێت بەو مەرام و گاڵتەیەی کە پشتی پێ دەبەسترێت، وەك بڵێی باس لە پراکتیکە هاوشــێوە ســڕەکانی یاسا دەکات! بۆیە ســەرنجی وەرگران بەوە رادەکێشــێت کە مەبەستی پیادەکردنی پرۆسەی رادەستکردنە بەو ناوەی کە پرەنسیپێکی دیموکراسییە، بەڵام لە راستیدا مەرامە کردارییە راســتەقینەکانی لە پشــت ئەو بانگەشەیە دەشارێتەوە!

ئێمــە لە ڕێــی هۆشــیاریی ئەزموونی سیاســی و تیۆرەکانیەوە دەزانین کە لە هەموو دەوڵەتە مەدەنییەکاندا هەنــدێ میکانیزمــی کاری دیموکراســی بە هۆی ئەولەوییاتــی دیکــەوە دوادەخرێت. جــا ئەگەر ئەو وڵاتانە بە قۆناغێکی فریاگوزاریدا ڕەت ببن، هەروەها بە هەڕەشەیەك لە ئاســتی شەڕدا بێت، ئەوا زۆربەی راهێنانە دیموکراســییەکان و مادده دەستوورییەکانیان دەوەستێنن. بۆیە بە تێڕوانینی ئەزموونە تازەکان دەبینین کە دەوڵەتە مەدەنییە دیموکراسییەکان هەڵبژاردنەکانیان بە هەموو شــێوە و بوارەکانیان ئەنجام نادەن لەو ساتە وەختانەی کە بە قۆناغ و هەلومەرجی شەڕدا تێدەپەڕن، بەڵام ئەو دەنگانەی لێرەدا (لەکوردستان) ئاماژەیان بۆ دەکەین، دەیانەوێت بۆنەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان بقۆزنەوە بۆ ورووژاندنی رەخنەکاریی بێ پاســاو کە لە شوێنی خۆیدا نەبن و هیچیش راستی و بابەتی نەبن.

ئــەوەی رووی دا و ئێســتا روودەدات، بریتییە لەوەی کە هەنــدێ لایەنی نەرێنــی لە بزووتنــەوە و حزبە سیاســییەکاندا بە ئەنقەســت لێدوانی کوشندە دەدەن و دەرفەتی بەدواداچوونی دەمەقاڵێیەکی ناتەندروست بە چەنــد لایەنێکی گومانلێکراوی میدیا دەدەن کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلی کوردســتان و سەقامگیری ئەو وڵاتەی تێدا نییە.

کوردستان کە چەندین شەڕ و شۆڕشی کردووە لە پێناو

**زیادبوونی دەنگە نەشازەکان پێویستی بە یەکلایی کردنەوە و پێداگرتن هەیە، ئەوە کێشەیەکە دەبێت بە شێوەیەکی زۆر هەستیار و جیددی بخرێتەڕوو، چونکە تەنیا هەڕەشە نییە، بەڵکو مەترسییەکە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان**

**هەندێ لایەنی نەرێنی لە بزووتنەوە و حزبە سیاسییەکاندا بە ئەنقەست لێدوانی کوشندە دەدەن و دەرفەتی بەدواداچوونی دەمەقاڵێیەکی ناتەندروست بە چەند لایەنێکی گومانلێکراوی میدیا دەدەن کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلی کوردستان و سەقامگیری ئەو وڵاتەی تێدا نییە**

گەیشتن بە ئازادی و تا ئەو دەستکەوتە گرنگەی ئەمڕۆ، ناکرێ ئەو هەموو دەستکەوتانە لەدەست بدات، بەهۆی ئەو فشارانەی ئەو لایەنە ناتەندروستانە ئەنجامی دەدەن.

ئەمڕۆ کوردستان شەڕێکی دیکە لە جۆرێکی تازە دەکات، شەڕی ئەمڕۆ لەوەدایە کە مەترسیدارترینەکەیان داگیرکاری یاخود کودەتایەکی سەرتاسەری دەسەپێنێ. شەڕێکە ئەگەر مەرامەکانی هێنایەدی، دەبێتە جینۆساید و کاولکاری کوردستان و بەهیلاکدانی گەلەکەی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی شەڕی هێز و قەلەڕەشە و مێگەلەکانی تیرۆرە، ئەوانە بۆ ئەوە کۆدەبنەوە کە دزە بکەن، دواتر سەوز بە نرخی وشک بسووتێنن! ئەمەش بە ئاماژە بۆ بوونی تیرۆریستانی داعش لەسەر سنووری کوردستان جگە لە پشتبەستنیان بە شانەی نووستوو و ئەسپی تڕوادە کە خۆی لە میدیای تێکدەرانەی سیاسیدا دەبینێتەوە کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین.

**میدیاو دەزگاکانی لە دەوڵەتی مەدەنی سەرقاڵن بە ناوەڕۆکی جڤاتیی سەرتاپاگیر، بە ئاستی پێشکەوتن و بە قەبارەی ئاراستەی چەسپاندنی دەوڵەتی مەدەنیی مۆدێرن**

لایەنە سیاسییەکان کە ئەم رۆڵە دەگێڕن لە ڕێی دەروازە و زوڕنای جیاجیای میدیایی دیاریکراون، بەڵام کێشەکە لە قەبارەی شێوازی میدیا و رۆڵەکەیدایە لە قەبەکردنی دەنگ و ئەو ژەهرەی هەڵیدەڕێژێت. کە ئەمەیان لە ناپاکییانە، بە شێوەیەك کە رۆژنامەی کاغەزی و ئەنتەرنێتی و بەرنامە لە کەناڵە ئاسمانییەکان دادەهێنن و ئەرکەکان لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن بە ڕێگەیەکی حیساب بۆکراو و نەخشەکراو بە مەبەستی زۆرکردنی ڕێگەکان، یان سەرلێشێواندنی هاووڵاتیان بەو گوتارە ناتەندروستە.

ئەمە لایەنێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم پڕۆپاگەندە و ئەوی دی بۆ قسەکردن لەسەر دیموکراسییەت و پابەندبوون پێوەی و سێیەمیش بۆ دیاریکردنی کاتی تایبەت بە وادەکانی هەڵبژاردن و چوارەمیشیان بۆ هەڵبەستن. بەم شێوەیە هەوڵدەدات، دەرئەنجام و بەکۆی ئەوەی بۆ هاووڵاتی دەینێرێت، گوتارێکی سیاسی بۆ رەوانە دەکات کە زەمینەیەك دەخوڵقێنێت تا لە مەرامەکانی خۆی نزیك بێتەوە. کێشەکە ئەوەیە کە ئەو مەرامانە ئەوەندە تەسك و دیاریکراون لە جەوهەردا کە بە ئەرێنی ناشکێنەوە. چونکە ئەوانە مەرامگەلێکی تایبەتی ئەو لایەنانەن و چەندین شتی ناتەندروستی دیکەشیان لەپشتە.

**تا ئێستاش ئەو لایەنە دڕندانە ئەو ڕێگەیانە بەکاردێنن، وەک لێدوانی ئاگراوی و نووسینی گوتار و بانگەواز بۆ لۆژیکێک کە مەبەست و ئەنجامەکەی تەنیا شەڕی ناوخۆیە**

لە چوارچێوەی بینینی ئەو دیاردانە دەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە ئێمە چەند لایەنێکی ساکار دەبینین کە توانای بەرهەمهێنانیان نییە، کە لە ناکاو دەست بە پڕۆژەی میدیایی دەکات و ماڵپەڕ و رۆژنامە دادەمەزرێنێت. کەواتە کێ لەپشت ئەم دیاردەوەیە؟ ئایا ئەو توانایەیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزیوە، یان لایەنێکی سوودمەند ئەمەی بۆ دابینکردوون کە لەپاڵ ئەمەوە مەرامە خەوتووەکانیان بەدی دێنن؟

جا وەك تەواوکردنێکی تێڕوانینمان لە شتەکان، چەنین کەناڵی ئاسمانی و لایەنی میدیایی دەبینین کە ئەو گوتارە سیاسییانەی بڵاوی دەکەنەوە، بەدەر نین لە لێدوانی گوماناوی و زۆر بە شێوەیەکی فراوان رۆشنایی دەخەنە سەر رووداوەکان و بە ئەنقەست دەیخەنەڕوو کە ئاگری دەمەقاڵێ و مشتومڕ بەرپا دەکەن.

هەر ئەمەش بوو وای لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرد کە ئاگاداری ئەمە بێت بەوەی کە دوژمنانی گەلی کوردستان هەموو پیلانێکیان بەکارهێنا لەو هەوڵانەیان بۆ لەباربردنی دەستکەوتی خەباتی گەلی کوردستان. دوژمنان تاوانەکانی تیرۆریان دەرحەق گەل بەکارهێنا، وەك تاوانەکانی جینۆساید بە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە و پاکتاوی ئەنفال و ئەنجامدانی تاوانی دیکە لە ڕێی گەمارۆکان بە هەموو شێوەکانیەوە، هەروەها بڕینی قوتی خەڵك و زیندانیکردنی ژن و پیاو، هاوکات هەوڵیانداوە ئاشووب و دووبەرەکی بخەنەوە و ئاگری ناکۆکی خۆش بکەن بە مەرامی لەتکردنی یەکێتیی کوردستان. بەڵام هەموو ئەو تاوانانە لە ورەی گەلی کوردستانیان کەم نەکردەوە، ئەویش بە هۆی یەکێتیی سەرکردایەتییەکەی کە خۆی لە سەرکردایەتیی بزاڤی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کوردیدا دەبینێتەوە. هەروەها لەبەر خۆڕاگریی گەل و گردبوونەوەی لە دەوری سەرکردایەتییەکەی و هۆشیاریی بەو گوتارانەی کە مەبەستیان پارچەکردنی گەل و سەرکردایەتییە بۆ ئەوەی بتوانن هەموو پیلانەکانیان جێبەجێ بکەن و بگەنە مەرامە چەپەڵەکانیان.

ئەمڕۆ، کوردستان بە قۆناغێکی گواستنەوەی کوالیتیدا تێدەپەڕێت، گەلیش لە سەرکەوتنە تازەکانیان نزیك دەبنەوە کە هەموو ئەو دەستکەوتانەی پێشتر بەدەستیان هێناوە، بەهێزتر دەکات، بەڵام دوژمنان بەمەش نەوەستان، بەڵکو بەردەوام هەوڵدەدەن ڕێگەی ناشیاوی تازە بۆ شێواندن و چەواشەکاری بگرنەبەر تا دواتر بخزێنە ناو ئەو رەوشە سەقامگیرەی کە ماوەیەکی درێژە بەردەوامە.

لەو ئامرازە ناتەندروستانە کە ئاماژەمان پێکردن و تا ئێستاش ئەو لایەنە دڕندانە لەو ڕێگەیانەوە بەکاری دێنن، وەك لێدوانی ئاگراوی و نووسینی گوتار و بانگەواز بۆ لۆژیکێك کە مەبەست و ئەنجامەکەی

تەنیا شەڕی ناوخۆیە و ئاگرەکەشی بە ڕێی ورووژاندنی ئـاژاوەو گڕدانی ئاگـری دووبەرەکی و گرتنەبەری ڕێگەی دابەشکردنی کوردستانە لە نێوان دوو ئیدارەدا، یان پەرتکردنی لەنێوان ئیدارە پارچەکراوەکاندا!! ئەوان هەوڵدەدەن دزەبکەن لە ڕێـی بانگەواز بۆ پیادەکردنی دەستاودەسـتکردنی سـەرۆکایەتی، لـە قۆناغێکدا کە خەڵکی کوردسـتان پێویسـتی بە پابەندبوونە بە سـەرکردایەتی و سەرۆکایەتی، کە ئەمەش فاکتەری سەرەکی و گرنگی سەقامگیری و پێشکەوتنە.

ئەم هەڵمەتانە لە ژێر پاسـاوی پیادەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین شـاردراونەتەوە، کە بەم شێوەیە نین، بەڵکو بە هەموو وردەکارییەکانی پشـتیانەوە هەمیشە دژی بەرژەوەندییەکانی گەل دەوەستنەوە. ئەمە تەنیا خیانەتە بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و جێبەجێکردنی ئەجیندا و سیاسەتەکانی دوژمنانی کوردستانە، یان لە باشترین حاڵەتدا ئەوانە لەگەڵ ئـەو پیلانانە یەك دەگرنەوە و ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتیاندا دەبێت.

ڕوون و ئاشـکرایە کە بەجێهێشـتنی شتەکان بەم بێ ناوەڕۆکە کراوەیە تەنیا مانای وایە دەرفەت بە ئەسپی تـڕوادە دەدرێت بۆ ئەوەی ڕۆڵـی دیاریکراوی خۆی بگێڕێت، تا دواتر ڕێگەی پێ بدرێت دەستکەوتەکانی کوردسـتان لەناوبەرێت، کە ئەمـەش قبووڵ ناکرێت، بۆیە وەرگرتنی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەم سـاتەوەختە مێژووییانەدا شتێکی چاوەڕوانکراوە لە سەرکردایەتیی کوردسـتان بۆ پشـتیوانیکردن لەگـەڵ دژی هەر پیلانێك کە دوژمنان بۆی سازدەکەن، یان ڕووبەڕووی دەکەنەوە.

بۆیە ناکرێ لەسەر بوونی ئەم دەنگە ناوازانە و ئەو لایەنە نەخۆشانەی سەر بە ڕەوت و بزووتنەوە کوردستانییەکان بێدەنگ بین، بەڵام هەروەك سـەرنجمان دا، دەیانەوێت هەموو بارودۆخەکە نەك بزووتنەوەکان ڕابکێشـرێت بە ئاراستەی نانیشتمانی و دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و گەلەکەی بکات.

بابەتی ئـەو لێدوانانە زیادبوونی دەنگە نەشـازەکان پێویسـتی بە یەکلایـی کردنـەوە و پێداگرتن هەیە، ئەوە کێشەیەکە دەبێت بە شـێوەیەکی زۆر هەستیار و جیددی بخرێتەڕوو، چونکە تەنیا هەڕەشە نییە، بەڵکو مەترسییەکە بۆ سـەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان، هەروەها هەموو دەسـتکەوتەکانی خەباتی نەتەوەیی ئازادیخوازی بەرەوڕووی زیان و لەبارچوون دەکاتەوە لە گەمەیەکی ئاڵۆزدا، شەڕی چەکداریی دژوار لەسەر سنووری کوردسـتان چاوەڕوانی هیممەتە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکات.

جـا ئەگەر بە دڵنیاییەوە بڵێین کە گەلی کوردسـتان ناکرێ هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە قوربانییەکی زۆر بەدەسـتی هێناون لەدەسـت بدات، بۆیە لەسـەر دامەزراوەکانی دەوڵەت پێویسـتە بە پێی یاسا ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕێنن. گەلیش لـە حکومەت و پەرلەمانی کوردسـتان و لایەنەکانی دادوەری و داواکاری گشـتی چاوەڕوانـە کـە هەر یەکەیـان ڕۆڵ و ئەرکی خۆی ببینێت بە گرتنەبەری ڕێوشـوێنی توند بـۆ بەرەوڕووبوونـەوەی تاوانەکە. هەروەها لەسـەر لایەنەکانی ڕاگەیاندنی کوردستانیش پێویسـتە بەرەوڕووی ئەم گوتارانـە ببنەوە و وەڵامی هەوڵەکانی تێکدان و چەواشـەکاری بدەنەوە، هەروەها قەڵەمـە پاکەکانیـش دەبێ ئەرکـی دیکەیان هەبێت هاوتای دەزگاکانـی ڕاگەیاندن ئەویش بە ڕێگەگرتن لە هەوڵەکانی بڵاوکردنەوەی ئاشـووب و پڕوپاگەندە و ڕاوبۆچوونی نەرێنیی نەخۆش، کە مەبەستی لەباربردنی یەکێتیی نیشتمان و ئاسایش و سەقامگیرییەکەیەتی، هەروەها مەبەستی دۆزینەوەی زەمینەیەکە بۆ شەڕی ناوخۆ و دابەشبوون.

هەمـوو هاووڵاتیان داوایـان لێکراوە کـە بەرامبەر ڕووداوەکان هۆشـیار بن و دەرکی پێ بکەن، هەروەها هەموو کەسایەتییە چالاکەکان و حزبە کوردستانییەکان کە هەوڵ بدەن بەر بە کاریگەریی ئەو دەنگانە بگرن و کۆتایی بە هەوڵەکانیان بێنن، ئەویش بە ڕیسواکردنیان لە ڕێی گشـت کەناڵەکانـی ڕاگەیاندنەوە و وریابوون بەرامبەر ئەو شوێنانەی کە ڕەنگە هێزە دوژمنکارەکان بیقۆزنەوە.

ئـەم ئاگادارییە لـە کاتێکدایە کـە بڕوایەکی تەواو بـە هۆشـیاریی میللی هەیە بەوەی کـە ڕوودەدات، هەروەها بە دەرکپێکردنی کوردسـتانیان بەرەو ڕێگەی سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئامانجەکانیان و تێکشکاندنی هەموو ئەوانەی دەخزێنە نێو کاروانەکەوە. لێرەشـدا بە دیاریکراوی میدیاکان ڕۆڵی کارایان هەیە و پێویستیشە بە هەمـوو لایك بایەخـی پێ بدرێـت، هەروەها لە سەرکردایەتییەکانی کۆمەڵگەش بەو ناوەی کە میدیا بەرەیەکـی گەرمتر و مەترسـیدارترە دوای بەرەکانی جەنگ بگرە هاوشـێوەیەتی، پێویستە دوو ئەوەندە وریا بین لە ئەولەوییەت و مەترسییەکەی کە پێویست دەکات لەم ڕووەوە بۆ بەرگریکردن لە سـەلامەتی و ڕاستی و دروستیی بڕیارەکە بایەخی زیاتری پێ بدرێت.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**لەسەر لایەنەکانی ڕاگەیاندنی کوردستانیش پێویستە بەرەوڕووی ئەم گوتارە ببنەوە و وەڵامی هەوڵەکانی تێکدان و چەواشەکاری بدەنەوە**

**هەموو هاووڵاتیان داوایان لێکراوە کە بەرامبەر ڕووداوەکان هۆشیار بن و دەرکی پێ بکەن، هەروەها هەموو کەسایەتییە چالاکەکان و حزبە کوردستانییەکان هەوڵ بدەن بەر بە کاریگەریی ئەو دەنگانە بگرن و کۆتایی بە هەوڵەکانیان بێنن**

# کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی ناسراو بە (کۆدۆ)



دکتۆر بێوار خنسی*

*تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ماددەی سێزدەهەم لە فەسڵی پێنجەمی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ لە ئابی ٢٠٠٧ بە دەق دەڵێت: کۆمپانیایەك بە ناوی (کۆمپانیای کۆدۆ) دادەمەزرێت بۆ بەڕێوەبردنی هەموو دامەزراوە حکوومییەکان تایبەت بە کارەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا.

ماددەی ١٣ دەربارەی کۆمپانیای کۆدۆ لە ٤ بڕگەی سەرەکی پێکدێت، کە پەیوەستن بە چۆنێتیی دامەزراندنیەوە. هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە، وێڕای دیاریکردنی ماوەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکە، دواتر ئەرکەکانی کۆمپانیای کۆدۆ لە چوار خاڵ دەستنیشان کرا کە لە بڕگەی چوارەمی ماددەی ١٣ ی پەیوەست بە کۆمپانیای کۆدۆ دیاریکراوە.

لەم دواییەدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئەنجومەتی هەرێمی نەوت و غاز و لیژنەی سامانە سروشتییەکان و وزە لە پەرلەمان، هەوڵی زۆریان داوە کە دوو پرۆژەی گرنگ ئامادە بکەن (پرۆژەی سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و پرۆژەی کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی و پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان)، ئەم دوو پرۆژەیە تەوەرێکی گرنگ بوون لە نزیکبوونەوەو پتەوکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەتی هەرێم، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکەوە، دوای دامەزراندن و بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیان ئیدارەی کەرتی نەوت و غاز رێکدەخات، کەرتی نەوتیش بە تەواوی شێوەی دامەزراوەیی و دەستووری وەردەگرێت دوای پێشکەشکردن و رەزامەندیی لەسەر پرۆژەکانی دامەزراندنی کۆمپانیاکانی دیکە کە لە یاسای نەوت و غاز دیاریکراوە، وەکو: (کۆمپانیای کیبکۆ، کۆمپانیای کۆمۆ، کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستان بۆ نەوت) و کۆمپانیای کانزاییە فلزییەکان لە کوردستان.

لەبەر گرنگیی دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ بەپێی ئەوەی لە ماددەی سێزدەهەمی یاسای نەوت و غازدا هاتووە، هەروەها لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی ژمارە ٨ی- فەسڵی چوارەم لە یاسای نەوت و غاز، لە خوارەوە دەقی ماددەی ١٣ دەربارەی دامەزراندنی کۆدۆ، بڵاودەکەینەوە، کە ماددەی سێزدەم میکانیزمەکانی دیاریکردنی (هەیکەلی رێکخستنی و ئەرکەکانی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کارگێڕیی کۆمپانیاکەی) دیاریکردووە. هەروەها چوارچێوەی گشتی بۆ دیاریکردووە، کە دەبێتە بنەما و بناغەی دەستووریی لایەنە پەیوەندیدارەکانی راسپێردراو بە ئامادەکردنی پرۆژەی کۆمپانیای کۆدۆ لە لایەن (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان) و بە پەسندکردنی پەرلەمان بۆ پرۆژەی یاسای کۆمپانیای کۆدۆ (KODO).

### ● ماددەی ١٣

یەکەم: دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی، وەك کۆمپانیایەکی گشتی و خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆی مانەوی و دارایی و کارگێڕیی.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسندکردن لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بە مەرجێ لە وەزارەت نەبن و پسپۆڕ بن لە نەوت، یان پسپۆڕی دیکەی گونجاوی تەکنیکی، یان کارگێڕی بن.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە ( ٥) ساڵ دیاریدەکرێت کە قابیلی تازەکردنەوەیە بە پەسندکردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان.

چوارەم: کۆمپانیای (KODO) ئەم کارانە ئەنجام دەدات:

١. بەڕێوەبردنی هەموو دامەزراوە حکوومییەکانی تایبەت بە پرۆسەی نەوت بە پێی بڕگە/ یەکەم لە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایە، هەروەها کاردەکات بۆ دابینکردنی ئەم جۆرە دامەزراوانە لەوانەش تۆڕە سەرەکییەکانی هێڵەکانی بۆڕی بۆ هەر قەوارەیەکی پەیوەست بە کەرتی گشتی و تایبەت کە لە هەرێم کاردەکات.

٢. کێبڕکێکردن لەگەڵ کۆمپانیای دیکە بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت دوای رەزامەندیی ئەنجومەنی هەرێمی و مافی ئەوەشی هەیە کە کاری ئیشپێکردنی تایبەت بە پرۆسەی نەوت ئەنجام بدات، هەروەها واژۆکردنی رێککەوتنامەکانی شەراکەت، یان گرێبەستی وەك خۆی چ لە هەرێم، یان لە پارێزگاکاندا.

٣. بەشداریکردن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان یان لەگەڵ کەرتی تایبەت لە پرۆسە تازەکانی نەوتدا و بە رەزامەندیی ئەنجومەنی هەرێمی.

٤. رێپێدانی لایەنی سێیەم بۆ بەڕێوەبردنی هەر یەکێك لە دامەزراوەکانی خۆی بە رەزامەندیی ئەنجومەنی هەرێمی.

### ● ماددەی ٨

وەزارەت ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: رێکخستن و سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو دامەزراوانەی

که راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکانی نەوتدا بەکارهێنراون، ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە: بەرهەم، پاڵاوتن، گواستنەوە لەوانەش: هێڵەکانی بۆڕی، وێستگەکانی کۆنترۆڵ، وێستگەکانی پاڵدان، وێســـتگەکانی پاڵەپەستۆ و هەر ئامێرێکی دیکەی پەیوەست بەو وێســـتگانە، دابەشـــکردن لەوانە: هەموو ناوەند و بینایەکان، بۆ چاککردنی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت.

دووەم: ڕێکخســـتن و سەرپەرشتیکردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت تایبەت بە پاڵاوتن و پاشکۆکانی لەوانە: پاککردنەوە و عەمبارکردن و گواستنەوەو دابەشکردن و هەموو بەرهەمە پیترۆکیمیاوییەکان.

گرنگیی دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان:

١. دانان و ڕێکخســـتنی چوارچێوەی یاســـایی لە دامەزراندنی دامەزراوەیەکـــی ئابووری کە بە (کۆدۆ) دەناســـرێت بەپێی بنەماو دیســـیپلینەکان کە بەڕێوەبردنی دامـــەزراوە حکومییەکان تایبەت بە پرۆسەی نەوت زامن دەکات و لە ئێستادا سێ پاڵاوتگەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندان، کۆمپانیای کۆدۆش ئەم ئەرکانە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەردەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی پاڵاوتگەکانی هەرێم.

٢. دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ چوارچێوەی یاســـایی لە چارەسەرکردنی ڕەوشی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دابین دەکات کـــە زیاتر لە ســـەد کۆمپانیا و کارگەی خۆماڵـــی هەن کە لە بواری پاڵاوتن کاردەکەن و مۆڵەتیشـــیان نییە، ئەوانە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاســـای نەوت و غاز کاردەکەن، بۆیە دوای ئەوەی کۆمپانیای کۆدۆ ئەرکەکانی وەردەگرێ بارگرانی لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سووك دەکات، چونکە هەموو پاڵاوتگەکان و پاشـــکۆکانی لە هەرێم مۆرکـــی دامەزراوەیی وەردەگرن کە لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆ دەبن.

٣. ڕێکخســـتنی بەرهەمە نەوتییەکان بەســـەر وێستگەکانی دابەشکردن و عەمبارکردن و گواستنەوە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش وا دەکات بە ئاسانی بە شێوەیەکی باشتر لە ڕووی ( چەندایەتی و کوالیتی )یەوە بگەنە دەســـت هاووڵاتیان، وێڕای ئەوەی کە دابەشـــکردنی دادپەروەرانە دەســـتەبەر دەکات لـــە چوارچێوەی ئەو نرخانەی لەلایەن لایەنـــە پەیوەندیدارەکانەوە (ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و غاز) دیاریدەکرێن.

٤. دەستەبەرکردنی کاری دامەزراوە نەوتییەکان بەپێی بنەماکان و تەکنیکە تازەکان کە باشـــیی پاڵاوتنی نەوتی خاو دەســـتەبەر دەکات، کە پاراســـتنی ژینگەی هەرێمی کوردستان و هۆیەکانی گواستنەوە بە شێوەیەکی باشتر دەستەبەردەکات.

٥. دامەزراندنی وێســـتگەکانی عەمبارکـــردن و دامەزراندنی هێڵەکانـــی نەوتی خاو یان غاز لـــەو کێڵگانەی بەرهەم دێنن بۆ پاڵاوتگەکان، لە ڕێی بەســـتنەوەی کێڵگە گرنگەکان کە ئاستی باشـــییان بەرزە لە ڕووی (کوالیتی و بڕی بەرهەمهێنان)ـەوە بە پاڵاوتگەکانی هەرێمـــەوە، ئەمەش یارمەتیی دەســـتەبەرکردنی گواستنەوە دەدات بە شێوەیەکی سەلامەتتر و جووڵەی گواستنەوە لەسەر ڕێگە سەرەکییەکان و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر سەلامەتیی هاووڵاتیان و ژینگە سووك دەکات.

٦. زیادکردنـــی هەلـــی کار و چاککردنـــی کوالیتەکەی کە بە شـــێوەیەکی پۆزەتیڤانە لە ژیانی دانیشـــتوانی هەرێم ڕەنگ دەداتەوە.

٧. ڕێکخســـتنی کەرتـــی پاڵاوتن و پاشـــکۆکانی لە ڕێی دامەزراندنـــی کۆمپانیـــای کـــۆدۆوە ڕێکخســـتن و وردبینیی داهاتەکانی پاڵاوتگەکانی نەوت بە شـــێوەیەکی باشتر دەستەبەر دەکات، هەروەهـــا ئـــەو ڕێگەیانـــەش دەگرێ کـــە داهاتەکانی بەرهەمهێنان لە دۆســـێی پاڵاوتنی نەوت و پاشکۆکانی بەهەدەر دەبات.

٨. دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ سەرەتایەکە بۆ لەناوبردنی هەمـــوو ئەو شـــتانەی زیان بـــە ئابووریی و ژینگـــەی هەرێم دەگەیەنێـــت، ئەمەش زەمینەیەکی گونجـــاو فەراهەم دەکات لە فراوانبوونـــی ڕووبەری شـــەفافییەت و راســـتگۆیی لە بواری بەڕێوەبردنی کەرتی پاڵاوتن و پاشـــکۆکانی، لەپاڵ فراوانکردنی ئاستی کۆدەنگیی نیشتمانی و سیاسی لە پشتیوانی و پشتگیریی بەڕێوەبردنی کەرتی پاڵاوتن و پاشکۆکانی لە هەرێم.

٩. دامەزراندن و ڕێکخســـتنی هەر نـــۆ هەیکەلی کارگێڕی بەپێـــی ئەوەی لە ماددەکانی یاســـای نەوت و غـــازدا هاتووە، هەروەهـــا دابەشـــکردنی ئەرکەکانی کەرتی نەوت بەســـەر ئەو دامەزراوانەدا، بەڕێوەبردنی کاریگەریانەو ڕێکخراوانەی کەرتەکە دەســـتەبەردەکات، ئەمەش ڕووبەری چالاکیـــی کەرتی نەوت و غاز و پیشەســـازیی نەوت لە کوردســـتان زیاد دەکات، هەروەها ئابوورییەکی سەربەخۆش فەراهەم دەکات، بۆیە ڕووبەری جووڵەی حکومەتی هەرێم بەرەو ڕێچکە و بژاردەی دیاریکراو بەهێزدەکات، ئەویش لەمیانی تەرخانکردنی بەشێکی داهاتەکانی نەوت و غاز لە بەتینکردنی ســـەرچاوەکانی دیکەی داهاتە داراییەکان وەکو (کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، گەشت و گوزارو شوێنەوار، توانـــای مرۆیی) هەروەهـــا گۆڕینی هەرێم بـــۆ ناوچەیەکی بەرهەمهێن لە جیاتی واقیعەکەی ئێســـتای، ئەمەش پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی و ئاساییشی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لەئەستۆ دەگرێت.

**● گرنگیی دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ لەســـەر ئاستی عێراق و جیهاندا:**

١. ماددەی ١٣ ی کۆمپانیای کۆدۆ ڕێگەدەدات بە فراوانکردنی چوارچێوەی چالاکییەکانی بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، ئەمەش لە ڕووی یاسایەوە هێزی پێ دەدات کە ڕووبەری چالاکییەکانی لە بواری پرۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی فراوان بکات، هەروەها دەبێت هۆی فرەبوونی ســـەرچاوە داراییەکانی و پۆزەتیڤانە لە هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕەنگ دەداتەوە. هاوکاریی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی دیکەی عێـــراق بەتین دەکات و هەرێمیش لـــە ئاییندەدا دەبێتە ســـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دابینکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

٢. خاڵـــی چوارەمی مـــاددەی ١٣ ڕێگە دەدا بە کۆمپانیای کۆدۆ پشتبەســـتێت بە کۆمپانیا بیانییەکان و داوای یارمەتییان لێ بکات لە بواری کەرتی پاڵاوتن و پاشـــکۆکانییەوە، ئەمەش یارمەتیی فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری و پیشەســـازییەکانی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان دەدات لەگـــەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان لە بواری پیشەسازیی نەوتدا.

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

**دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆ سەرەتایەکە بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەی زیان بە ئابووریی و ژینگەی هەرێم دەگەیەنێت، ئەمەش زەمینەیەکی گونجاو فەراهەم دەکات لە فراوانبوونی ڕووبەری شەفافییەت و ڕاستگۆیی لە بواری بەڕێوەبردنی کەرتی پاڵاوتن و پاشکۆکانی**

**ڕێکخستنی کەرتی پاڵاوتن و پاشکۆکانی لە ڕێی دامەزراندنی کۆمپانیای کۆدۆوە ڕێکخستن و وردبینیی داهاتەکانی پاڵاوتگەکانی نەوت بە شێوەیەکی باشتر دەستەبەردەکات، هەروەها ئەو ڕێگەیانەش دەگرێ کە داهاتەکانی بەرهەمهێنان لە دۆسێی پاڵاوتنی نەوت و پاشکۆکانی بەهەدەر دەبات**

**پڕۆژەی سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و پڕۆژەی کۆمپانیای کوردستان بۆ پڕۆسەکانی پاڵاوتن و پاشکۆکانی و پێشکەشکردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان)، ئەم دوو پڕۆژەیە تەوەرێکی گرنگ بوون لە نزیکبوونەوەو پتەوکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە حکومەتی هەرێم**